دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

کوردستان

ژمارە ٥٠٦

www. kurdistanukurd.com

پێنج شەممە ٢٩ی رەشەمە ١٣٨٧ ـ ١٩ی مارسی ٢٠٠٩ ـ ١٥٠ تمەن ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سیاسی

پەیامی نەورۆزیی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

سیاسی



پەیامی دەفتەری سیاسی بە بۆنەی ٦٣ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنان

کۆمەڵایەتی



ژنی کورد، واتای کۆیلەتیی نوێ

کوردستانی



کارەساتی هەڵەبجە، عەقڵییەتی پاکتاوو براکانمان

# نەورۆز بکەینە بنەمایەك بۆ بنیاتنانەوەی شوناسی نەتەوەییمان

دەفتەری سیاسیی حدك:

## تەنەخی کردن لە پێکهێنانی هاوپەیمانیەکی بەرین لە نێوان هێزە کوردستانییەکان دا هیچ پاساوێك هەڵناگرێ



"کوردستان"ـ دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی هاتنی ساڵی تازەی ٢٧٠٩ی کوردی (١٣٨٨.ه) پەیامێك دا پیرۆزبایی نەورۆزی لە خەڵکی کوردستان، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب، هێزە سیاسییەکانی کوردستان، سەرجەم تێکۆشەران و کردوە. لەو پەیامەدا دەفتەری سیاسی داوا لە هەموو هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکا کە بەیەکەوە ساڵی ٢٧٠٩ بکەنە ساڵی تەبایی و یەکڕیزیی تێکۆشەرانی کوردستان بۆ دەستپێکردنەوەی قوناخێکی نوێ بە دژی سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامی.

لەو پەیامەدا هەروەها ئاماژە بەوە کراوە کە پێویستە خەڵکی کورد هەموو دەرفەتەکان لە بەرژەوەندی گەلەکەیان بقۆزنەوەو داوا دەکا کە هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران (چ بە بەشداری کردن یان بە بەشداری نەکردن) بکەنە دەرفەتێك بۆ هێنانە کۆڕی داخوازییە دێموکراتیکەکانی گەلی کورد.

(دەقی پەیامی دەفتەری سیاسی لە لاپەرەی ٤ بخوێنەوە)

## نەورۆز و شوناسی نەتەوەییمان

عەولا بەهرامی

ئەم ژمارەیەی " کوردستان " لە کۆتایی ساڵ و لەبەرەبەری سەری ساڵی نوێی کوردی (نەورۆز)دا دەردەچێ. بۆیە جێگەی خۆیەتی بەم بۆنە مەزنە نەتەوەییەوە پیرۆزبایی لە هەموو خەڵکی کوردستان و کورد لە هەر جێگەیەکی دنیا بکەین. بەو ئاواتە کە زۆر نەخایەنێ خەباتی نەتەوەیی و شوناسپارێزانەمان بە دەستەبەر بوونی مافی دیاریکردنی چارەنووس بێتەبەر و نەورۆزەکانی داهاتوومان نەورۆزی ئازادی و سەربەستی بێ.

نەورۆز وەك بۆنەیەکی نەتەوەیی بۆ کورد و زۆر لە گەلانی ناوچە بەشێکی گرنکە لەو سیمبول و هێما نەتەوەییانە پێك دێنێ کە مێژوویەکی چەند هەزار ساڵەیان، بەڵام ئەم هاوبەشییە فەرهەنگییە بەتایبەت لە ئێران لەلایەن دەسەڵاتدارانی نەتەوەی سەردەستەوە کراوەتەوە ئامرازێك بۆ ئەوەی بەجۆرێکی دیکە ئاسمیلەکردنی زمان و فەرهەنگی کورد لە نێو زمان و فەرهەنگی نەتەوەی باڵادەست دا پاساو بدەن. نەورۆز و هاوبەشی لە نژاددا و پێکەوەژیانی مێژوویی لە دراوسێیەتی و ناوچەیەکی جوگرافیایی دا ئێستاشی لەگەڵ دابێ بۆتە بیانوویەك بۆ ئەوەی ئیرادەی شوناسیخوازانەی کوردی پێ سەرکوت بکەن. یان لە باشترین حاڵەت دا بە مەبەستی نکۆڵیکردن لە شوناسی نەتەوەیی کورد، بە قەوم و ئیتنیك و پاژێك لە کۆیەکی گەورەتر کە ئەوان ناویان ناوە نەتەوەی ئێران(کە هەمان نەتەوەی فارسە). رەنگە لەم بارەیەشەوە کەم نەبووبن ئەو کوردانەی (بەتایبەت لە دەیەکانی رابردوودا) بەهۆی لاوازیی وشیاریی نەتەوەیی یان لە بەر بەرژەوەندیی کەسەکی (شخصی) لە ژێر ناوی بەستراوەیی نژادی و فەرهەنگی و.... دا یارمەتییان بە باشتر پراکتیزەبوونی پرۆسەی ئاسمیلەکردنی فەرهەنگیی کردبێ.

نەورۆز لەو بەشانەی کوردستان دا کە نەتەوەی باڵادەست و دەسەڵاتدارانی، بەتەواوی جیاوازیی مێژوویی و فەرهەنگییان لەگەڵ کورد دا هەیە بە چەشنێکی دیکە بۆتە هۆی ئەوەی وەك سیمبولێکی گرنگی نەتەوەیی بکرێتە ئامانج و بەتوندی قەدەغە بکرێ. لەم حاڵەتەیان دا نەورۆز لە پەنا زمان و فەرهەنگ دا سیمبولێکی لێکجیاکەرەوەی نەتەوەیی زۆر گرنگ بووە، بۆیەش پێیان وابووە بە رێگەگرتن لە بەڕێوەچوونی رێوڕەسم و نەریتەکانی ئەم بۆنەیە دەتوانن زەبرێکی قورس لە شوناسی نەتەوەیی و هەستی نەتەوەگەرایی کورد بدەن. لەم وڵاتانەدا (بەتایبەت عێراق و سووریە) ئەم دژایەتیکردنە لەگەڵ نەورۆز وەك هێمایەکی نەتەوەیی، زۆر پاساوپی ئایینی بۆ هێزاوەتەوە. واتە نەورۆز وەك هێمایەکی بەر لە ئیسلام و دژە ئیسلامی نیشان دراوە.

لێرەدا بەو ئاکامە دەگەین نەورۆز وەك هێمایەکی نەتەوەیی کە کورد لە رێگەی ئەوەوە دەتوانێ تەعبیر لە نەتەوەبوونی خۆی بکا، چ لە لایەن دەستەڵاتدارانی شۆڤێنیستی فارسەوە کە لافی هاونژادی لێ دەدەن و چ لەلایەن شۆڤێنیستە تورك و عەڕەبەکانەوە کە لافی هاوئایینی و برایەتیی ئایینی لێ دەدەن هۆکارێك بووە بۆ کردنە ئامانجی فەرهەنگ و کولتوور و لە رێگەی ئەوانیشەوە شوناسی کورد. دیارە بزووتنەوە نەتەوەییەکانی کورد تارادەیەك بە بڵاوکردنەوەی وشیاریی نەتەوەیی توانیویانە تۆزێك لە قورسایی ئەم زیانانەی لە باری فەرهەنگییەوە لێمان کەوتووە کەم بکەنەوە، بەڵام دەبێ ئەم راستییە تاڵە قبووڵ بکەین کە ئێستاش لەم سەردەمی زانیاری و خۆناسینە نەتەوەییەش دا لە زۆر لە ناوچەکانی کوردستان تەنانەت لە پارچەیەکی ئازادکراوەی وەك باشووریش دا هەست بە شوێنەوارە نالەبارەکانی سیاسەتی شۆڤێنیستانەی داگیرکەران دەکەین. کەواتە ئەگەر دەمانەوێ لە ژێر کارتێکەریی سیاسەتە شۆڤینستانەکان بێینە دەرێ باشتر وایە هەر لەم نەورۆزە کوردییەوە دەست پێ بکەن و لە رێگەی ئەم نەریتە نەتەوەییە و بە پەرەپێدانی زمان و فەرهەنگەوە شوناسی نەتەوەییمان بوینیاد بنێینەوە.

قادر وریا:

## خەڵکی کوردستان ئامادە نیە بێ هیچ دەسکەوتێك بازاڕی هەڵبژاردن بۆ رێژیم گەرم بکا

"کوردستان" ـ بەشی سیاسی:
قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لێدوانێك دا بۆ "کوردستان" روانگەکانی سەبارەت بە هەوڵەکانی کاندیداکانی سەرکۆماری رێژیمی خستە روو.

قادر وریا لە لێدوانەکەی دا سەفەرەکانی ئەم دواییانەی کەڕووبی و ئەحمەدی نژادی بۆ شارەکانی کوردستانی هەڵسەنگاندو گوتی: کورد دەڵێ "میوان، میوانی دەبوغزاند، خانەخوێ هەردووکیان". کەڕووبی هات و سەردانێکی شارەکانی کوردستانی کرد تا بە خەیاڵی خۆی بە هەندێك قەول و بەڵێنی خەڵکی کوردستان هەڵخەڵەتێنێ و دەنگی ئەوان بۆ خۆی کۆبکاتەوە، بەڵام خەڵکی کورد هیچ روویەکی خۆشیان بە کەڕووبی نیشان نەدا. ئەحمەدینژادیش سەردانی کوردستان دەکا تا ریسەکەی کەڕووبی بکاتەوە



بە خوری.

بەرپرسی کۆمیسیۆنی راگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە درێژەدا وتی: کەڕووبی خۆی بە رێفۆرمخواز دادەنێ و بە قەرا ئەحمەدینژادیش بەدناو نیە. جا خەڵکێك کەڕووبیی ناوێ، بێگومان ئەحمەدینژادیشی ناوێ. ئەم سەفەرانە هیچ خێرێکیان بۆ خەڵکی کورد تێدانییە. ئەو کاندیدایانە لە مێژ ساڵە بەرپرسایەتیی بەرزیان بە دەستە بەڵام بۆ خەڵکی کورد جگە لە دوژمنایەتی کردنی ویست و داخوازییەکانیان و هەروەها بزووتنەوە رەواکەیان هیچی دیکەیان پێ نەبووەو ئێستاش هیچیان پێ نیە.

قادر وریا هەروەها سەبارەت بە هەوڵەکانی دەوڵەت بۆ کۆکردنەوەی دەنگ بۆ ئەحمەدینژاد لەوانە پێکهێنانی "سازمان رأی" لە شارەکانی کوردستان وتی: لە هەموو نیشانەکان را دیارە کە بڕیاربەدەستانی سەرەکیی رێژیم و لەوانە خامنەیی و سوپای پاسداران و... دەیانەوێ بۆ جارێکی دیکەش ئەحمەدینژاد وەك سەرکۆماری بمێنێتەوە. ئەحمەدینژاد بەهۆی ئەو سیاسەتانەوە کە گرتوویەتە بەر لە ماوەی ٤ ساڵی رابردوودا زۆر ناخۆشەویستە، هەر بۆیە کاربەدەستانی رێژیم هەوڵ دەدەن لە رێگەی "تهدید و تطمیع"ە وە هەروەها نفووزی خامنەیی و ئۆتۆریتەی مۆرەکانی سەر بە کۆنەپارێزەکان لە نێو دامودەزگاکانی حکوومەتی دا دەنگ بۆ ئەحمەدینژاد کۆبکەنەوە لە دەوری پێشوودا ئەحمەدینژاد هەر لە ئاکامی ئەو هەوڵانەدا سەرکەوت. ئەو هەوڵانەش تایبەت بە کوردستان نیە بەڵام کوردستان جیاوازییەکی ئاشکرای لەگەڵ شوێنەکانی دیکەی ئێران هەیە. ئەویش ئەوەیە کە رێژیم و کاندیداکانی سەر بە نیزام لە کوردستان پتر لە هەر شوێنێکی دیکە دەستی رەتیان بە سنگەوە نراوە و لە داهاتووش دا هەروا دەبێ.

بەرپرسی کۆمیسیۆنی راگەیاندن لە کۆتایی دا سەبارەت بە هەڵوێستی حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان وتی: ئەگەرچی هێشتا زۆربەی حیزب و رێکخراوەکان، کۆڕو کۆمەڵ و کەسایەتییە بەنفووزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان هەڵوێستی خۆیان لە بارەی هەڵبژاردنی داهاتوو رانەگەیاندوە، بەڵام دیارە خەڵکی کورد رێژیمی لە تەواوەتی خۆیدا قەبووڵ نیەو دەشزانن کە جێگۆڕکێی مۆرەکان نابێتە هۆی پێکهاتنی گۆڕان لە سیاسەتەکانی ئەو رێژیمەدا. واش پێشبینی دەکەم کە خەڵکی کورد رێگە نادەن لەو هەڵبژاردنەدا کەڵکی ئامرازییان لێ وەربگیرێ. گرینگ ئەوەیە کە بەم رێژیمە نیشان بدرێ کە خەڵکی کوردستان بێ بەدەستهێنانی هیچ دەسکەوتێك ئامادە نیە بازاڕی هەڵبژاردن بۆ رێژیم گەرم بکا.

حیزبی دێموکراتی کوردستان

## هەوڵێکی چڕوپڕی بۆ هاوکاری و کاری هاوبەش لە نێوان هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا دەست پێ کردوە

"کوردستان" ـ لە چەند رۆژی رابردوودا حیزبی دێموکراتی کوردستان بە مەبەستی هاوکاری و کاری هاوبەش لە نێوان حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و هەروەها لێك نزیك کردنەوەی ئەو لایەنانە هەوڵێکی چڕوپڕی دەست پێ کردوە. لەم پێوەندییە چەند هەیئەتی حیزب بە جیا سەردانی زۆربەی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیان کردوە و لەگەڵ پێشوازیی گەرمی ئەو لایەنانە رووبەڕوو بووەتەوە.

لەم پێوەندییەدا سەرچاوەیەك لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێی راگەیاندین کە لە تەواوی ئەو چاوپێکەوتنانەدا باس لە چۆنیەتیی لێك نزیك کردنەوەی لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و کاری هاوبەش لە نێوان ئەو هێزانە و هەروەها رووبەڕوو بوونەوەی یەکگرتووانە لەگەڵ پێشهاتە سیاسییەکان لەوانە هەڵبژاردنی داهاتووی سەرکۆماری لە ئێران کراوە. ئەو سەرچاوەیە هەروەها رایگەیاند کە ئەم باسە لە لایەن ئەو هێزانەوە پێشوازییەکی گەرمی لێ کراوە و گەش بینییەکی زۆربەدی دەکرێ کە ئەم هەوڵانە لە داهاتوودا ئاکامی باشی لێ بکەوێتەوە و هەروەها لایەنەکانیش جەختیان لە سەر بەردەوامیی ئەو هەوڵانە کردوەتەوە.

(لەم بارەیەوە راپۆرتێك لە لاپەرەی ٣

# یادی ٦٣ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان کرایەوە

بە بەشداریی سەدان ژن و کچی یەکسانیخواز ڕێز لە یادی ٦٣ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان کرایەوە.

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی، ڕێکەوتی ٢٤ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٨٧ی هەتاوی بەرانبەر بە ٦٣ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان، بە بەشداریی سەدان کەس لە ژانان و کچانی یەکسانیخوازو ژمارەیەکی بەرچاو لە کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ لە یەکێك لە ساڵۆنەکانی سەر بە دەفتەری سیاسی حیزب لە باشووری کوردستان بەم بۆنەوە بەڕێوە چوو.

لە سەرەتای ئەم ڕێوڕەسمەدا دوای ساتێك بێ دەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی شەهیدانی کوردو کوردستان و بەخێرهێنانی میوانەکان و بەشداربوان لە لایەن بەڕێوەبەرانی ڕێوڕەسمەکە، پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەم بۆنەوە لە لایەن تێکۆشەری دێرینی ڕێگای ئازادی و کوردایەتی، جەلیل گادانییەوە پێشکەش کرا.

گادانی لە سەرەتای قسەکانی دا وێڕای کورتە ئاوڕێك لە چۆنیەتی دامەزرانی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا، باسێکی لە سەر ڕۆڵ و پێگەی ژن لە کۆمەڵگای کوردەواری و هەروەها بەشداریی ژنانی چالاك و گۆڕانخواز لە ڕیزەکانی خەباتی نەتەوایەتی کورددا کرد.

ناوبراو لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا بەڕێزیان باسێکی لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆی ژنانی ئێران و کوردستان لە ژێر دەسەڵاتدارێتیی دژ بە ژنی کۆماری ئیسلامی دا کردو هەڵسوڕان و چالاکیی ژنانی یەکسانیخوازی ئەمڕۆی کوردستانی لە بوارە جۆراوجۆرەکان دا بەرز نرخاند.

جەلیل گادانی لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا لە پێوەندی لەگەڵ دیاردەکانی خۆکوژی و خۆسووتاندنی ژنانی کورد نیگەرانی خۆی دەربڕی و کارکردن بۆ کەمکردنەوەو لابردنی ئەم دیاردانەی بە ئەرکی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستان و بەتایبەت ڕێکخراوەکانی ژنان زانی کە دەبێ هەوڵی هوشیارکردنەوەی ژنانی کۆمەڵگاکەمان بدەن. (دەقی پەیامی دەفتەری سیاسی لە لاپەڕەی ٥ دا بخوێنەوە)

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمی یادی ٦٣ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان دا، ئەو پەیام و برووسکانە خوێندرانەوە کە لە لایەن ڕێکخراوە سنفییەکانەوە بەم بۆنەوە بۆ سکرتاریای یەکیەتیی ژنانی دیموکرات نێردرابوون.

بەشێك لەم پەیامانە ئەم ڕێکخراو و کەسایەتییانەوە نێردرابوون بریتی بوون لە:

ـــ ژنانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

ــ کوردۆ خان ـ قایمقامی کۆیە

ـ یەکیەتیی ژنانی کوردستان ـ لقی کۆیە

ـــ کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان ـ ناوچەی کۆیە

ـ نەرمێ حەمەد (بەڕێوەبەری پەروەردەی کۆیە)

ــ ئەنجوومەنی زیندانیانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ـ یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ــ کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان

دوای خوێندنەوەی ئەم پەیامانە، پەیامی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە لایەن نەسرین حەسەن زادە، ئەندامی هەیئەتی بەڕێوەبەریی ئەم یەکیەتییەوە خوێندرایەوە.



یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە پەیامی یادی ٦٣هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی خۆی دا هەوڵی ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی لە دامەرزانی ئەم یەکیەتییەدا بەرز نرخاندو بە وردی پەرژایە سەر بارودۆخی ئەمڕۆی ژنان یەکسانیخوازو چالاکی کوردستان و بە بایەخەوە باسی لە هەڵسوڕان و چالاکی ژنانی ناوخۆی وڵات کرد.

لە بەشەکانی دیکەی ڕێوڕەسمی یادی ٦٣ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان، چەند سروودو گۆرانی و هەڵپەڕکێی کوردی لە لایەن کۆڕی هونەریی حیزب و گرووپی هەڵپەڕکێی ڕۆژهەڵاتەوە پێشکەش بەم یادە کران.

جێی ئاماژە پێدانە کە هەر بەم بۆنەوە پێشنیوەڕۆی هەمان ڕۆژ (٢٤ی ڕەشەمە) پێشانگایەکی چێشتی کوردی لە لایەن ژنانی سەر بە یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانەوە بەڕێوە چوو کە لە لایەن خەڵکێکی بەرچاوەوە پێشوازی لێکراو بە سەدان کەس بۆ سەرفی نەهار میوانی سفرەی ئەم پێشانگایە بوون . لەم پێشانگایەدا لە لایەن ژنانی دەست ڕەنگینەوە چەندین جۆری چێشتی کوردی نمایش کرابوون.

# دیداری شاندەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ ژمارەیەك لە حیزبەکانی ڕۆژهەی‌تی کوردستان

لە ڕۆژانی ٢٥ و٢٦ ی ڕەشەمەدا شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، حەسەن قادرزادە و قادر وریا(ئەندامانی دەفتەری سیاسی) برایم زێوەیی و سیامەك وەکیلی (ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی)، سەردانی سەرکردایەتیی ژمارەیەك لە حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کرد.

ڕێکەوتی ٢٥ی ڕەشەمە لە دیدارێك دا لەگەڵ شاندی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە سەریەرەستیی ی عەبدوڵڵا موهتەدی سکرتێری گشتی کۆمەڵە، پێوەندیی دوو لایەنەو پێویستیی یەکهەڵوێستی لە بارەی مەسەلە هاوبەشەکان و لێکدانەوەو ڕوانینی دوو حیزب بۆ تازەترین ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەڵبژاردنی داهاتووی سەرکۆماری لە ئێران و بۆچوونی هەردوو حیزب لە بارەی نیوەرۆکی ئەم جۆرە هەڵبژاردنانە کەوتنە بەر باس .

هەر دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بنکەی ناوەندیی ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران، چاوی بە شاندێك لە کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بە سەرۆکایەتیی حەسەن ڕەحمانیەنا ئەندامی کومیتە ناوەندیی کۆمەڵە کەوت. لەو دیدارەدا گرنگی و پێویستیی هاوکاریی نێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پرسە هەنووکەیەکانی پێوەندیدار بە ئۆپوزیسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەڵبژاردنی داهاتووی سەرکۆماری لە ئێران، خرانە بەر باس و بیروڕا گۆڕینەوە. شاندەکانی هەر دوو حیزب لە سەر پێویستیی پێکهاتنی کۆدەنگی لە نێوان حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بێ هەڵاواردن و لە پەراوێز خستنی لایەنێکی تایبەتی پێیان داگرت.

هەروەها هەنگاونانی هاوبەش و یەکگرتوولنە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕووداوو ئەو ئەگەرانەدا کە پێوەندییان بە بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە، لە لایەن هەردوو حیزبەوە جەختیان لە سەر کرایەوە. لە پێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنی داهاتووی سەرکۆماریش دا، دوو حیزبی ناوبراو ڕایانگەیاندەوە کە دەبێ ئەم هەڵبژاردنە بکرێتەوە بە دەرفەتێك بۆ پێشاندانی نارەزایەتی و بێزاریی خەڵکی کوردستان لە کۆماری ئیسلامی.

لە درێژەی ئەو چاوپێکەوتنانەکاندا پێش نیوەڕۆی دووشەممە ٢٦ی ڕەشەمە شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بنکەی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە لایەن شاندی ڕێبەری کۆمەڵە بە سەرۆکایەتیی عومەر ئیلخانی زادە سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشان پێشوازیی لێ کرا. لە دانیشتنی شاندەکانی دوو حیزبی ناوبراودا، پێوەندیی دوو لایەنەو، پێوەندیی نێوان حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چونیەتی کار کردن لە پێناوی کۆدەنگی و هاوهەڵوێستی و کاری هاوبەش تاوتوێ کران. لە درێژەی ئەم دانیشتنەدا ئەم بانەتانە کەوتنە بەرباس: خوێندنەوەی هەر دوولا بۆ ڕووداو و گۆڕانەکانی پێوەندیدار بە ئۆپوزیسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بزووتنەوەی کورد لەم بەشەدا، ئەو بوارانەی ئەم دوو حیزبە بە تایبەتی و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات بە گشتی دەتوانن هاوکاری و هاوخەباتیی تێدا بکەن.

لە درێژەی ئەو دیدارانەدا شاندێکی دیکەی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە جەلیل گادانی، کەماڵ کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسی، عومەر باڵەکی و عەولا بەهرامی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و عومەر شاداب کادری پێوەندییەکانی حیزب ڕۆژی ٢٦ی ڕەشەمە لە هەولێر سەردانی بنکەی ناوەندی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانی کردو لە لایەن شاندی سازمانی ناوبراو بە سەرۆکایەتیی باباشێخ حوسێنی سکرتێری گشتی و ژمارەیەك لە ئەندامانی ڕێبەریی خەباتەوە پێشوازییان لێکرا.

لە دیداری نێوان دوو شاندەکەدا پرسی هاوکاریو کاری هاوبەش و گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ناوچە کەوتە بەرباس و بیرو ڕا گۆڕێنەوە. جێی ئاماژەیە دوو لایەن لە سەر سەرجەم پرسەکان وێرای ئەوەی ڕوانگەی لێك نزیکیان هەبوو، لە سەر پێویستیی هاوکاریو کاری هاوبەش لە نێوان هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێیان داگرتەوە.

پێویستە بگوترێ لەم دیدارەدا مامۆستا شێخ جەلال حسێنی سکرتێری پێشووی ئەم ڕێکخراوەیە بەشداری کرد.

شایانی باسە شاندی باسکراوی حدك ڕێکەوتی ٢٧ی ڕەشەمە بۆ هەمان مەبەست سەردانی بنکەی ناوەندیی پارتی ئازادیی کوردستانی لە هەولێر کرد. شاندی حدك لە لایەن سەرۆکی پاك، عەلی قازی و جێگرەکەی حسێن یەزدانیەنا و ژمارەیەك لە ئەندامانی ڕێبەریی ئەو ڕێکخراوەوە پێشوازیی لێکرا. لەم دیدارەشدا تەوەرە دیاریکراوەکانی ئەم سەردانەو کۆمەڵێك پرسی پێوەندیدار بە ئاساییکردنەوەو پەرەپێدانی هاوکاریو کاری هاوبەش لە نێوان سەرجەم هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خرانە بەر باس.

پێویستە ئاماژەی پێ بکرێ لەم دیدارەشدا دوو لایەن وێرای پێداگرتنەوە لە سەر پتەوکردنی پێوەندیە دوو لایەنەکان، پێشوازییان لە هەوڵەکانی حدك لە پێناو هاوکاری و کاری هاوبەش لە نێوان هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد.

## کادرێکی کۆمەڵە تیرۆر کرا

لە سنووری باشماخ کادرێکی کۆمەڵەی شوڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان ( ڕەوتی یەکگرتنەوە)، لە ئەنجامی هەوڵێکی تیرۆریستی دا بە توندی بریندار بوو.

پاشنیوەڕۆی ، ڕۆژی ٢٠ی ڕەشەمە کادرێکی کۆمەڵەی شوڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان ( ڕەوتی یەکگرتنەوە) بەناوی ئێقباڵ مرادی لە سنووری باشماخ لە لایەن کەسێکی نەناسراوەوە بە دەمانچە هێرشی کرایە سەر بە توندی بریندار کرا.

سەر چاوەیەك لە سنووری باشماخەوە پێی ڕاگەیاندین کە ئەو چەکدارە نەناسراوەی کە تەقەی لە ئێقباڵ مرادی کردوە دەستبەجێ لە سنووری باشماخەوە بەرەو مەریوان وەرێ کەوتوە.

شایانی باسە کە هەر ئێستا ئیقباڵ مرادی لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی شاری سلێمانی لە ژێر چاودێری پزپشکی دایە و سەرچاوەیەکی ئاگادار پێی ڕاگەیاندین کە ناوبراو بە دمانچەی(خفە کن) ٥ فیشەکی لێدراوە.

## تەقینەوەی بۆمبێك لە ئاوایی "قزڵ قۆپی"ی مەهاباد

ڕۆژی ٢١ی ڕەشەمە لە ئاوایی قزڵ قۆپی لە ناوچەی مەهاباد بۆمبێکی دەستی تەقییەوە.

ڕۆژی چوارشەمە، ٢١ی ڕەشەمە چەند کەسێکی نەناسراو بۆمبێکی دەستی دەخەنە ماڵی کەسێك بە ناوی یوسف کەرەمی ناسراو بە یوسف ئەشکەوتی کە دێهداری ئەم گوندەیە.

بە پێی هەواڵ لە ئاکامی تەقینەوەی ئەم بۆمبەدا هەرچەند کەسی دەسنیشان کراو وەبەر نەهاتوەو زیانی گیانی وێ نەکەوتووە بەڵام چەند ماڵێکی جیرانی یوسف ئەشکەوتی زیانی زۆری ماڵییان پێ گەیشتووە..

تا کاتی بڵاو کردنەوەی ئەم هەواڵ لە پێوەندی لە گەڵ هۆکاری ئەم ڕووداوە زانیارییەك لە بەر دەست دا نیە.

## سەرکوتی خەڵکی قامیشلوو شەرمەزار کرا

کوردستانیانی دانیشتووی وڵاتانی بریتانیا بە وەڕێ خستنی خۆپیشاندانێك بە بۆنەی تێپەڕینی ٥ ساڵ بە سەر سەرکووتی خەڵکی ئازادیخوازی قامیشلوو لە لایەن دەوڵەتی سووریەوە، ئەم کردەوەیان شەرمەزار کرد.

ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابردوو، ڕێکەوتی ١٢ مارس کاتژمێر ٢ تا ٤ی پاشنیوەڕۆ کوردستانیانی دانیشتووی وڵاتی بریتانیا وێڕای نوێنەرانی چەند حیزبی سیاسیی کوردی بە نیشانەی شەرمەزارکردنی سەرکووتی خەڵکی شاری قامیشلوو لە ڕۆژئاوای کوردستان و شەهید بوونی چەند هاونیشتمانێکی کورد بە دەستی هێزەکانی ڕێژیمی سووریە، لە بەردەم باڵوێزخانەی ئەم وڵاتە لە شاری لەندەن کۆبوونەوەو دەستیان دایە خۆپیشاندان.

لەم خۆپیشاندانەدا هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەشداری کردو پەیامی هەیئەت لە لایەن یاسین مەلکاڕی، بەپرسی کۆمیتەی حیزب لە شاری لیدز بەم بۆنەوە خوێندرایەوە.

## ئێران لە گەورەترین وڵاتانی دوژمنی ئینتێرنێتە

هەواڵنێرانی بێ سنوور ڕۆژی ٢٢ی ڕەشەمە بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی خەبات دژی سانسۆڕ ڕاپۆرتێکی بڵاو کردۆتەوە کە لەو ڕاپۆرتەدا ئێران وەکوو گەورەترین سەرکوتکەری ئازادی ڕادەربڕین لە ئینتێرنێت لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا ناسراوە.

لە ڕاپۆرتەکەی هەواڵنێرانی بێ سنووردا ١٢ وڵات وەکوو دوژمنی ئینتێرنێت ناسراون.

عەرەبستان، بێرمە، چین، کۆرەی باکوور، کوبا، ئێران، میسر، سووریە، ئۆزبەکستان، تونس، تورکەمەنستان و ویەتنام ئەو وڵاتانەن کە دوژمنی ئینتێرنێتی و ڕایەڵەی ئینتێرنێتیان لە ڕایەڵەیەکی جیهانی بۆ ڕایەڵەیەکی نێوخۆیی گۆڕیوە.

بە پێی ئەو ڕاپۆرتە لە ئێستادا لە سەرانسەری جیهان دا ٦٩ نووسەری ئینتێرنێت لە زیندان دان و چین زۆرترین زیندانیی لەم پێوەندییەدا هەیە. پاش چین، ویەتنام و ئێران پلەی دووهەم و سێهەمیان هەیە. ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا گەورەترین سەرکوتکەری ئازادی ئینتێرنێتەو ٤ نووسەری ئینتێرنێت هەر ئێستا لە زیندان و چەندین میلیۆن سایت فیلتێر کراون.

# تراژیدیی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەکانی ئوروو پا و ئەمریکا

ئامادە کردن و وەرگێران: لوقمان زەهرایی

لە ماوەی ١٠ ساڵان، کۆمەڵێك کوشتاری خوێناوی وبێ بەزەیانە بە دەستی ژمارەیەك قوتابی ئەنجام دراون کە لە راستیدا دەکرێ ناوییان لێ بنێن تراژیدیی کۆمەڵایەتی. تازەترینی ئەو تراژیدیایە رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی٢٠٠٩ /٣/ ١١ لە شاری" وینەدێن" ی وڵاتی ئاڵمان روویدا و گەنجێکی ١٦ساڵانە بە چەکێکی ئۆتۆماتیك دەسرێژی لە قوتابیان و مامۆستاکانیان کرد و لە ئاکام دا گیانی ١٥ کەسی ئەستاندوبە فیشەکێکیش کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

رۆژنامەی" هێلسینکی سانۆمات " ی فنیلاندی بەوشێوە باسی ئەو رووداوە دەکا. بەیانی رۆژی چوارشەممە، گەنجێکی ١٦ ساڵانە کە جل وبەرگی ڕەشی پۆشیبوو، چەك بە دەست دەچێتە نێو ئەو قوتابخانەیەی پێشتر دەرسی لێ خویندبوو. ئەو قوتابخانەیە لە شارێکی باکووری وڵاتی ئاڵمان بە ناوی" وینەدێن" هەڵکەوتووە. لە یەکەمین دەسرێژدا ٩ قوتابی و ٣ مامۆستای قوتابخانەکە دەکوژێن و ٣ قوتابیش لە کاتی ڕاکردن دا دەکوژین و دوایش بە فیشەکێك کۆتایی ژیانی خۆی دێنێ." کەسێك هاواری کرد، راکەنە دەرەوە، قوتابخانەکەیان پەلامار دراوە." " ئایلین تۆرمان " ی ١٥ ساڵە، قوتابیی ئالبێرت ویل دەلی" لە سەرەتادا وابوو" گاڵتەیە." لە کاتی پەلامارەکەدا ئەو لە خانوویەکی تەنیشتی مەدرەسەکە دەبێ. بە گوێرەی ئەو هەواڵە، قوتابییە کوژراوەکان تەمەنیان لە نێوان ١٤بۆ١٥ ساڵان دا بووە. بکوژ تەقەی لەو پۆلیسانەش کردوە کە هاتوون بۆ شوێنی رووداوەکە و لە ئاکام دا دوو پۆلیس بریندار دەبن و بکوژ لاقێ خۆشی دەپێکێ.بە گوێرەی قسەکانی پۆلیس بکوژ کات ژمێر ١٢،٣٠ خۆی دەکوژێ تاشەوێش دانیشتوانی" وینەدێن" بە دروستی بۆیان روون نەبوو کە ئەو رۆژە چی روویداوە. هۆی ئەو کارەیان بۆ ناروون بوو. هۆکاری ئەو کردەوەیەی بکوژ" هێشتا روون نیە، بەلام ئەوەی روونە زۆربەی کوژراوەکان کچن. بکوژ بە چەکەوە دەچێتە نێو پۆلی دەرسی فیزیك و مامۆستا ژنەکەو حەوت قوتابی دیکە دەکوژێ. دووقوتابی دواتر لە نەخۆشخانە گیانیان لە دەست دا. دوو مامۆستا کوژراوەکەی دیکەش ئافرەتن. بەگوێرەی هێندێك زانیاری، بکوژ کوت وپڕ خۆی بە یەکەمین کلاس دا کردووە و هەموو ئەوانەی کە کوژراون قەڵەمیان بە دەستەوە بووە. بە هۆی ئاگادار کردنەوەی بەرپرسی قوتابخانەکە لە رێگای ئامێری رادیۆیی قوتابخانەکەوە، قوتابییەکانی پۆلەکانی دیکە فریای ئەوە کەوتون کە خۆیان قوتاربکەن. ئەو وشە رەمزییەی کە بەرپرسی قوتابخانەکە بۆ وریا کردنەوەی قوتابییەکان بەکاری هێناوە وشەی " فراوکۆما کۆمت" واتە" خاتوو کۆماوەرە." وشەی " کۆما" ی ئاڵمانی ئەگەر بە پێچەوانەوە مانا بکرێتەوە دبێتە" ئامۆك" و ئەگەر بە شێوازێکی مانا بکرێتەوە دبێتە" پەلامار."

لە هەمان رۆژدا و لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئەیالەتی ئالاباما کەسێك ١٠ کەسی وێرای کوشت. پیاوێکی خەڵکی ئالاباما تەقە لە دایکی و نەنك و باپیری و مامی و پوری و چەند کەسی دیکە دەکا و هەموویان دەکوژێ. قوربانییەکان دوویان منداڵ بوون کە یەکیان گیانی لە دەست دەدا و ئەوەی دیکەیان تاکوو رۆژی چوارشەممەش لەگەڵ مەرگ دەست و پەنجەی نەرم دەکرد. بکوژ دوای ئەوە خانوی دایکشیی ئاگرتێبەردەدا. لە تەقە و شەڕی نێوان بکوژو پۆلیس دا دوو پۆلیس بریندار بوون. بکوژ" مایکل مەکلەندۆن" ٢٧ ساڵە دوای ئەوەی لە پێنج شوێن خەڵکی کوشت کۆتایی بە ژیانی خۆشی هێنا. هۆی ئەو کارەی روون نیە، بەلام بە گوێرەی قسەکانی کاربە ـ دەستانی ناوچەکە لە ماڵی بکوژ" مایکل مەکلەندۆن"دا لیستەیەك لە ناوی ئەو کەسانەیان دۆزیوەتەوە کە گۆیا" خراپەیان دەرحەقی کردووە."

دەروونناسان هەوڵ دەدەن لە هۆکارەکانی ئەو جورە کردەوانە بکۆڵنەوە ورایان وایە کە" بکوژانی قوتابخانەکان هەم دەیانهەوێ تۆڵە بستێننەوە و هەمیش ئەگەر بۆماویەکی کاتیش بێ بکەونە نێو مێدیاکانەوە" دەروونناس" ساللی سارێن" ی فینلاندی ڕای وایە کە لە دوو ڕووداوە جیاوازەی کە لە دوو مەدرەسەی فینلاند دا ڕوویدا بکوژەکان بۆ ماوەیەکی درێژ بەرنامەرێژییان بۆ ئەو کارەیان کردبوو. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیەکە هەر دوو بکوژەکە واتە" پێککا ئێریك ئاووینن" ی ١٨ ساڵە بکوژی قوتابخایانی قوتابی " ٨ی " یۆکێلا" و" ماتتی ساری" ٢٢ ساڵە بکوژی قوتابییانی قوتابخانەی " کاو هایۆکی" کەسانێکی زۆر لە سەرەخۆ و ئارام بوون و زۆریش لە وانە کانیان سەرکەوتوو بوون. ئێنتێرنێت دنیایەکی نوێی بە رووی ئەو کوڕە گەنجانەدا کردبۆوە کە دەیانتوانی چاو لە چەك و چۆڵ بکەن و هەڕەشە لە کۆمەڵگە بکەن. "ئاووینین" حەزی لە گرووپە رادیکاڵەکان بووە و " ساری " یش لە سەر ئێنتێرنێت باس لە روانگەی خۆی سەبارەت بە ژیان دەکا ودەڵێ " میسان ترۆپیان و ئازادی". " میسان ترۆپیان" واتە " نفرەت لە مرۆڤەکان" بەگوێرەی قسەکانی دەروونناس " ساللی سارێن" قوتابخانە شوێنی خاڵی کردنی نفرەت و بێزاری نیە، بەلام کوشتار لەو جۆرە لە شوێنی ناسراو وئاشنا دا زۆر ساناتر بەرێوە دەچێ. لە ماوەی ١٠ ساڵان دا، لە ئاکامی تەقە کردن لە قوتابییەکان لە قوتابخانەکاندا زیاتر لە ١٠٠ کەس کوژراون کە لەو لیستەی خوارەوە نیشان دەدرێ.

مانگی مای ١٩٩٩، کۆلۆرادۆ، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ٢ بکوژ و ١٣کەس

مانگی فێورییەی مای ٢٠٠٢، فرەیزینگ، ئاڵمان، بکوژو ٣ کەسی تر

مانگی سێپتامبری ٢٠٠٤ ، لە کارمەنی پارگۆنێس، ئارژانتین، ٣کەس کوژران

مانگی مارسی ٢٠٠٥ مینەسۆتا، ئەمریکا، ٩ کەس و بکوژ

مانگی ئۆکتۆبری ٢٠٠٦، پەنسیلوانیا، ئەمریکا، ٥کەس و بکوژ

مانگی مای ٢٠٠٧، وێرجینیا، ئەمریکا، ٣٢ کەس و بکوژ .

مانگی نوامبری ٢٠٠٧، توسولا، فینلاند، ٨ کەس و بکوژ

مانگی فێوریەی ٢٠٠٨، لویزیانا، ئەمریکا، ٢ کەس و بکوژ

مانگی فێوریەی ٢٠٠٨، شیکاگۆ، ئەمریکا ٥ کەس و بکوژ

مانگی سێپتامبری ٢٠٠٨، کاوهایۆکی، فینلاند ١٠ کەس و بکوژ

مانگی مارسی ٢٠٠٩، وینەدێن ئاڵمان، ١٥ کەس و بکوژ

سەرچاوە: رۆژنامەی فینلاندیی هێلسینکی سانومات، ٢٠٠٩/٣/١٢

درێژەی (بەر لە ماڵاوایی):

## رۆژهەڵاتی کوردستان، ساڵێك کە رابرد

**٤ـ دوژمنایەتی، پیلانگێڕی و پلانداڕشتنی کۆماری ئیسلامی لە دژی بزووتنەوی کورد**

لە ساڵی ١٣٨٧یش دا، کۆماری ئیسلامی لە پیلانگێڕی بە دژی بزووتنەوەی کورد لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان غافڵ نەبوو. لە نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستاندا، پتر لە پێشوو پەرەی بە دیاردەی چەك هەڵگرتن بۆ رێژیم و جاسووسی و خۆفرۆشی لە ژێر ناوی بەسیجی دا. شانبەشان تەنینی سنوورەکان بە هێزی زۆری نیزامی، کەمین دانان و مین رێژ کردنی رێگاو بانەکان و هەڵکەندنی خەندەك و دروستکردنی دیوار بە مەبەستی پێشگیری لە هاتوچۆی شۆڕشگێڕان و بەرهەڵستکاران، هێزێکی زۆری پێکهاتوو لە پاسدارو جاش و بەسیجیی لە نزیك ئەو ناوچانە کۆ کردەوە کە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کاری سیاسی و تەشکیلاتی و تەبلیغییان تێدا دەکرد، بۆ ئەوەی دەرفەت لەو رۆڵە تێکۆشەرانە بێنن و زەبریان لێ بوەشێنن. ئەو رێژیمە لە ئاستی ناوچەش دا، وێڕای هاوهەنگاوی لەگەڵ تورکیە لە باراندنی ئاگرو ئاسن بە سەر ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان دا، لەگەڵ حکوومەتەکانی تورکیەو عێراق، داوای هاوکاری لە دژی هێزە بەرهەڵستکارو خەباتگێڕەکانی رۆژهەڵات و باکووری کوردستانی هێنایە گۆڕێ و ئەم مەسەلەیەی کرد بە هەوێنی سەفەرە سیاسی و دیپلۆماتیکەکانی کاربەدەستە پایە بەرزەکانی بۆ ئەم دوو وڵاتە.

کاناڵە تەلەڤیزیۆنییەکانی رێژیمیش لە ساڵی ١٣٨٧دا سیاسەتی لەمێژ ساڵەی بێدەنگی لە ئاست بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە رۆژهەڵاتی کوردستانیان شکاندو، زنجیرەیەك بەناو دیکۆمێنت و بەرنامەی تایبەتییان لە بارەی ئەو جووڵانەوەیەو حیزبی دێموکرات بڵاو کردەوە. مەبەست لەو بەرنامانە بەراوەژوو نیشاندانی راستییەکانی دوێنێ بە نەسڵی ئەمڕۆ، بەدناو کردنی حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی ئازادیخوازیی گەلی کورد لە هەڕەتی نوێبوونەوەو بووژانەوەیان داو، پاکانە کردن بۆ کارنامەی پڕ لە تاوان و جینایەتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بوو.

پوختەی "راپۆرتێکی نهێنی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژیکی کۆماری ئیسلامی لە بارەی کوردستان" کە لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٨٧دا کەوتە دەست حیزبی دێموکراتی کوردستان، وەحشەتی ئەو رێژیمە لە پەرەگرتنی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، زاڵبوونی گوتاری فیدرالیزمخوازی و، کاریگەریی دەسکەوتەکانی کورد لە عێراقی نوێدای، دەردەخست. ئەو راپۆرتە لە سێ ئاستی ناوچەیی، نەتەوەیی و ئوستانی دا، ستراتیژیی پێشنیارکراوی ناوەندی ناوبراوی خستبووە روو تا کۆماری ئیسلامی بە گرتنە پێش و جێبەجێ کردنیان، بە شێوەیەکی کاریگەرتر دژایەتیی هێزو رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و بزووتنەوەی کورد لەم بەشەو بەشەکانی دیکەی کوردستان بکا.

بەم پێ یە، ساڵی ١٣٨٧، ئەگەرچی ساڵی لە دەستچوونی کۆمەڵێك مرۆڤی خەباتکار لە سەنگەرە جۆراوجۆرەکانی تێکۆشان داو، ساڵی لە زیندان مانەوەو چوونە زیندانی دەیان و سەدان لاوی تێکۆشەرو، ساڵی کوژرانی ژمارەیەکی زۆری دیکە لە خەڵکی بێتاوان بە دەست هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بوو، ساڵی دەرکەوتن و سەلمێنرانی لێبڕاویی خەڵکی کوردستان و رۆڵە خەباتگێڕەکانیان لە سەر شێوە جۆراوجۆرەکانی خەبات، ساڵی هەستانەوەو بەرەوپێش چوونیش بوو. با بە ئەزموون و وانەکانی تێکۆشانی ساڵی تێپەڕ بوو، خەباتی ساڵی نوێ و تێکۆشانی لەمەودوامان دەوڵەمەند بکەین.

## مەریوان: گیراوانی ئاوایی دەگاگا بۆ زیندانی ناوەندیی شار راگوێزران

پێنج بەندکراوەکەی ئاوایی دەگاگای مەریوان لە زیندانی ئیتلاعاتەوە بۆ زیندانی گشتی ئەم شارە راگوێزران و بۆ ئازادکرانیان داوای دانانی ٢٥٠ میلیون تمەن بارمتەیان لێ دەکرێ.

پێنج هاونیشتمانی خەڵکی ئاوایی داگاگای مەریوان بە ناوەکانی محەمەد محەمەدی مامۆستای قوتابخانە، موحسێن محەمەدی، هوشیار ئەحمەدی، موسلێم ئەحمەدی و رەزا محەمەدی کە رۆژی ٣ی رەشەمە لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیمەوە قۆڵبەست و رەوانەی زیندانی ئیتلاعاتی مەریوان کرابوون، بە پێی دوایین زانیارییەکان، رۆژی ٢٢ی رەشەمە بۆ زیندانی گشتی ئەو شارە راگوێزران.

لەو پێوەندییەدا پەیامنێرمان لە شاری مەریوانەوە بە "کوردستان و کوردنیوز"ی راگەیاند کە، رێژیم بۆ ئازادکرانی هەر کام لەو ٥ بەندکراوە داوای ٥٠ میلیۆن تمەن بارمتەی کردووە.

## هانا عەبدی قۆڵبەست کرایەوە

هاوکات لەگەڵ دادگایی کردنەوەی رووناك سەفارزادە، هانا عەبدی بۆ جارێکی دیکە رەوانەی زیندان کرایەوە.

ئەنجوومەنی "ژنانی ئازەرمێهری کوردستان" رایگەیاند هانا عەبدی خوێندکارو چالاکی مافەکانی ژنان کە رۆژی ٨ی رەشەمەی ئەمساڵ دوای تێپەڕاندنی حوکمەکەی لە زیندان ئازاد کرا، رۆژی پێنج شەممە ٢٢ی رەشەمە بە تۆمەتی بەشداریکردن لە مانگرتنە گشتییەکەی ئەمساڵی زیندانیانی سیاسی و مەدەنیی کوردستان، دادگایی کرایەوەو حوکمی ٧ مانگ زیندانی تەعزیری بەسەردا سەپا.

لە لایەکی دیکەوە رووناکی سەفارزادە هاوخەباتی هانا عەبدی کە ساڵی ١٣٨٦ی هەتاوی لە شاری سنە قۆڵبەست کرا، دوای ١٧ مانگ دەستبەسەر بوون رۆژی پێنج شەممە ٢٢ی رەشەمە دوایین دادگایی کرا. بەلام هاوکات لە گەڵ تێپەڕاندنی ئەم دادگایی کردنە ناوبراو لە دادگایەکی دیکە دا هاوڕێ لە گەڵ هانا عەبدی بە تاوانی بەشداریی کردن لە مانگرتنە گشتییەکەی ئەمساڵ دا ٧ مانگ زیندانیی دیکەی بەسەردا سەپا.

## کۆچی دوایی تێکۆشەرێکی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان

سەید محەممەد کولیجی تێکۆشەری کوردو ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی دانمارك کۆچی دوایی کرد.

سەر لە بەیانی رۆژی ٢٥ی رەشەمە، سەید محەممەد کولیجی تێکۆشەری کوردو یەکێك لە ئەندامانی دڵسۆزو نیشتمانپەروەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە تەمەنی ٧٠ ساڵی داو بە هۆی نەخۆشی لە وڵاتی دانمارك کۆچی دوایی کرد.

سەید محەمەد کولیجی ساڵی ١٣١٨ لە گەڕەکی مزگەوتی سووری شاری مەهاباد لەدایك بوو، قۆناغەکانی تەمەنی منداڵی و خوێندنی هەر لەم شارە تێپەڕاندو لە ساڵەکانی کۆتایی دەیەی ٥٠دا وەك لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێوەندی بە جەمعیەتی کوردەکانی دانیشتووی تارانەوە گرت.

دوای ئاشکرابوونی خەباتی ئاشکرای حیزبی دیموکراتی کوردستان هاتە نێو ریزی تێکۆشەرانی دیموکرات. ناوبراو لە کۆنگرەی ٤ی حیزب دا وەك ئەندامی کۆمیتەی بازرەسی هەڵبژێردرا. پاشان بۆ ماوەیەك بەرپرسایەتیی بەندیخانەی ناوەندیی حیزبی کەوتە سەر شان. ساڵی ١٣٧٢ی هەتاوی ژیانی دەرەوەی وڵاتی هەڵبژاردو لە شاری بۆنی وڵاتی ئاڵمان گیرسایەوە. بەلام هەردەم وەك لایەنگری و ئەندامێکی دڵسۆزی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ئامانج و رێبازەکانی وەفادار مایەوە.

## خەڵکی بۆکان بەشدارییان لە کۆبوونەوەی کەڕروبی دا نەکرد

خەڵکی شاری بۆکان لە کۆبوونەوەی رۆژی سێشەممە(٢٠ی رەشەمە) مەهدی کەڕوبی، کاندیدای سەرکۆماریی رێژیم دا بەشدارییان نەکرد.

کەڕوبی لە درێژەی سەفەرە تەبلیغییەکانی خۆی چوو بوە شاری بۆکان و لە مزگەوتی جامیعە کۆبوونەوەی بۆ خەڵکی ئەو شارە گرت. سەرچاوەیەکی نزیك بە کۆبوونەوەکە پێی راگەیاندین کە سەرجەم بەشدارانی ئەم کۆبوونەوە نەدەگەیشتنە ٥٠ کەس کە ئەوانیش بەشێکی زۆریان لە بەرپرسان و مەئمووڕانی دەوڵەت پێك هاتبوون.

ئەو سەرچاوەیە هەروەها وتی کە کەڕوبی بە هۆی بەشداری نەکردنی خەڵك لە ماوەیەکی کورت دا قسەکانی کۆتایی پێ هێناو مزگەوتی بەجێ هێشت.

شایانی باسە لە پەراوێزی کۆبوونەوەکەدا، لاوێك کە ناوەکەی ئاشکرا نەبووە لە لایەن هێزەکانی رێژیمەوە پاش کوتەککاری، دەسبەسەر کرا. دەوترێ کە ئەو لاوە ناڕەزایەتی بە هێنانی تیپی مۆسیقا بۆ مزگەوت بۆ پێشوازی لە کەڕوبی دەربڕیوە.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کەڕوبی خۆی وەکوو پاڵێوراوێکی رێفۆرمخواز ناساندووەو بۆ کۆکردنەوەی دەنگی خەڵکی کوردستان لە پۆستێرە تەبلیغییەکانی خۆی دا، وێنەی دانیشتنی خۆی و مەسعوود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە لێی نووسراوە "کەڕوبی پشتیوانی کوردەکان"، بڵاو کردۆتەوە.

# پەیامی نەورۆزیی

## دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان!**
**خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!**
**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانییە سیاسییەکان!**
**ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

دیسان گەڕانی گەردوون تۆماری ساڵێکی دیکە لە تەمەنی مرۆڤ و هەموو بوونەوەرەکانی تێکەوە پێچاو فەسڵێکی نوێ و دەروازەی ساڵێکی تازەی بە ڕووی هەمووواندا کردەوە. ئەگەر داهاتنی ساڵی نوێ بۆ سروشت مژدەی نوێ بوونەوەو بووژانەوەی پێیەو بۆ مرۆڤەکان بەگشتی بە مانای داهاتنی وەرزێکی نوێ لە بەرەنگاربوونەوەی سروشت و سەرەتای هەوڵ و تەقەلا بۆ بنیاتنانی ژیانێکی باشترو پێشخستنی کۆمەڵگەیە، بۆ ڕێبوارانی ڕێگەی ڕزگاری سەرەڕای هەموو ئەمانە بە مانای داهاتنی وەرزێکی نوێ لە خەبات و ئاوڕدانەوە بۆ دواوەو بەرنامەدانان بۆ دەورێکی دیکەو قۆناخێکی تازە لە کارو تێکۆشان لەپێناوی گەیشتن بە ئامانجەکاندایە.

بەداخەوە ساڵێکی دیکەشمان لە ژیان و خەبات بەجێ هێشت و هێشتا سێبەری شوومی دیکتاتۆری بەسەر وڵاتەکەمانەوە ماوەو تەمی نەگبەت بەرچاوی گەلی کوردو گەلانی ئێرانی بەرنەداوە. لەساڵی ڕابردووشدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک هەمیشە لەنێوخۆی وڵات درێژەی بەکوشتوبڕو سەرکوتی ئازادیخوازان داو بەرانبەر بە کۆمەڵگەی جیهانییش لەسەر پێشێلکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش و لەژێرپێنانی قانوون و ڕێوشوێنە نێونەتەوەییەکان بەردەوام بوو. بەڵام بەخۆشییەوە دەسکەوتی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لە هەمووی ئەمانە شتێک نەبوو جگە لە بەرزبوونەوەی ڕادەی وشیاریی کۆمەڵانی خەڵک و بێزاریی زیاتر لە ڕێژیم لەنێوخۆداو تەریک مانەوەی پتر لە جاران لەڕادەی جیهانی و لە پێوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکاندا.

خەباتی گەلی کوردو حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەساڵی١٣٨٧دا پێشکەوتنێکی تازەی بەخۆیەوە دی.

ئەگەرچی بەداخەوە حوزووری چالاکانەو بەربەرینی تێکۆشەرانی دێموکرات لەنێو کۆمەڵانی خەباتگێڕی خەڵکی کوردستاندا بەقیمەتی لەدەستدانی چوار تێکۆشەری بەوەجی حیزبەکەمان شەهیدان شێخ غەریبی حەسەنی، هەمزەی عەبدوڵڵاهی (ناسراو بەهەمزە سارتکەیی)، قادری نەزمی و قادری قادری تەواو بوو، بەڵام شوێنەوارێکی زۆر بەرچاوی لەسەر پتەوکردنەوەی پێوەندیی نێوان ڕۆڵەکانی گەلی کوردو تێکۆشەرانی دێموکرات داناو بوو بە مایەی کلپەسەندنەوەی مەشخەڵی خەبات و بەرزبوونەوەی ورەی شۆڕشگێڕانەی لاوانی وڵاتپارێزی کورد.

**خەڵکی تێکۆشەری کوردستان، گەلانی ئازادیخوازی ئێران!**

هەمووی ئێوە باش دەزانن کە زیاتر لە ٣٠ساڵ دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی جگە لە کوشت و کوشتارو هەژاری و نەداری و مەرگ و ماڵوێرانی دەسکەوتێکی بۆ ئێوە بە دیاری نەهێناوەو لەڕادەی نێونەتەوەییشدا بۆتە مایەی بێ ئیعتیباربوونی ئێران و ئێرانییەکان. ئەگەر ڕۆژگارێک دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی توانیبوویان بەجۆرێک بە دابەشکردنی کار، خۆیان وەک دوو تاقمی پاوانخوازو ڕیفۆرمخواز هەرنەبێ بە بەشێک لە بیروڕای گشتیی ئێران بناسێنن، تێپەڕینی ئەو سێ دەیەیە بۆ هەمووانی دەرخست کە ئەوەندەی پێوەندیی بەجێگیرکردنی دێموکڕاسی و دابین کردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکەوە هەیە ، ئەو دوو دەستەیە جیاوازییەکی بنەڕەتییان لەنێواندا نیەو هەر دوو لایان بەرووپشتی قوماشێکن. ئەمڕۆ کە کۆماری ئیسلامی وەک هەیە بۆ هەمووان ناسراوە، وەختی ئەوە هاتوە پێکەوەو لە ڕیزێکی یەکگرتوودا بۆ گۆڕینی و بۆ سەقامگیرکردنی دەسەڵاتێکی گەلی دەستبەکار بین.

ئێستا کە کۆماری ئیسلامی خۆی بۆ وەڕێخستنی دەورێکی تازە لە سیناریۆی هەڵبژاردنی سەرکۆماری ئامادە دەکا جێی خۆیەتی هەموو پێکەوە ئەو هەلە بکەنە دەرفەتێک بۆ نیشاندانی نارەزایەتی لە ڕێژیم و هێنانەگۆڕی داخوازە دێموکڕاتیکەکانتان. بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە لە هەڵبژاردندا بەشدار دەبن یان نا(کە ڕەنگە ئەمەیان لە حەوتووەکانی داهاتوودا پتر ڕوون بێتەوە) پێویستە ببێتە نوێنگەی بێزاریی گشتی لەو ڕێژیمەو داخوازی سەقامگیرکردنی سیستمێکی دێموکڕاتیک.

**چالاکانی مەیدانی خەباتی مەدەنی!**

لەماوەی ٣٠ساڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ئێوە بە ئازایەتی و لەخۆبووردنێکی بێ وێنەوە بەرەنگاری زوڵم و زۆری ئەو ڕێژیمە بوونەوەو بە قبووڵی بەندیخانەو بێبەشی و ئازار و ئەشکەنجەو لەمانەش زیاتر بەخوێنی خۆتان نرخی ئازادیتان داوە. ئێوە بەکردەوە جێگەی بەتاڵی حیزبە سیاسییەکانتان . کەهیچ وەخت مۆڵەتی تێکۆشانی قانوونییان پێ نەدراوە. پڕ کردۆتەوەو بەوجۆرە گەورەترین شانازیتان لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی ئێران و بەتایبەتی نەتەوەی کورددا بۆخۆتان تۆمار کردوە، ئێمە لەکاتێکدا شانازیتان پێوە دەکەین و سەرکەوتنی زیاترتان بۆ بە ئاوات دەخوازین، هیوادارین لەداهاتوودا تێکۆشانی ئازادیخوازانەی هەموولایەکمان ببێتە تەواوکەری یەکترو بەهەمووانمان بتوانین بەزوویی هەوری ڕەشی زۆرداری لە ئاسمانی وڵاتەکەمان برەوێنینەوەو دێموکڕاسی و ئازادی بۆ نیشتمانەکەمان دابین بکەین.

**تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەکوردستان و ئێران و سەرانسەری جیهان!**

ئێوە خاوەنی ڕابردوویەکی پڕشانازی لەخەبات و گیانبازین و قوتابی و میراتگری هەزاران قارەمانی شەهیدو لەسەرووی هەمووانەوە گەورەپیاوانی وەک سێ ڕێبەری نەمر قازی و قاسملوو و شەرەفکەندین. سەربەرز بن بە حیزبەکەتان کە ماوەی نیزیک بە ٦٤ساڵە جێ متمانەو مایەهیوای گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. بۆ ئەوەی خۆتان و حیزبەکەتان هەروا خۆشەویست و جێی هومێدی گەلەکەتان بمێننەوە، دەبێ لە ساڵی تازەو قۆناخی نوێی خەباتدا خۆتان بۆ هەوڵ و تێکۆشانێکی شێلگیرانەتر ئامادە بکەن و دڵنیاش بن تا ئەو کاتەی حیزبەکەتان نوێنەری ویست و داخوازەکانی خەڵکەو ئێوەش سەربازی گیانبازی ڕێگەی وەدیهێنانی ئامانجەکانیانن، هەروا دەتوانن بە پشتیوانیی هەراوی گەلەکەتان پشت ئەستوور بن و حیزبێکیش سەرچاوەی هێزی لە دەریای بێ برانەوەی نەتەوەکەی هەڵ بەسترابێ نوشوستی و نووچدانی بۆ نیەو سەرکەوتنی مسۆگەرە.

**حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان!**

ئێوە زۆر باش دەزانن کە هۆی بنەڕەتیی مانەوەی کۆماری ئیسلامی لەسەر کورسیی دەسەڵات نەبوونی هاودەنگی و یەکڕیزی لەنێو هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆندایە، هەروەها دەشزانن کە خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان لە هیچ هەلومەرجێکدا بەبێ یەکدەنگی و هاوکاریی نیزیکی هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد ناتوانێ دەسکەوت و سەرکەوتنێک بەدەست بێنێ ، ئێستا کە پێک گەیشتن و هاوکاریی نێوان حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان بۆتە داخوازی ڕۆژی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ، تەنەخی کردن لە پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی بەرین . لەژێر هەر ناوێکدا بێ . ناتوانێ هیچ پاساوێکی هەبێ.

هەمووتان دەزانن خاڵی هاوبەش بۆ پێک گەیشتن و هاوکاریی لایەنەکان یەکجار زۆرن و ئێستا کە خەباتگێڕانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە نێوخۆی وڵات بە دەستی بەتاڵ بەگژ جەللادانەدا دەچنەوەو هەر ڕۆژە حەماسەیەک دەخوڵقێنن ، خەتایەکی نەبەخشراوە کە ئێمە بە هێنانەگۆڕی هێندێ مەرجی نادێموکڕاتی و نادروست لەوە زیاتر پێکهاتنی هاوپەیمانییەکی خەباتگێڕانەی کوردستانی وەدوا بخەین. ئێمە بە نیازپاکییەوە دەستی هاوکاری بۆلای هەموو هێزە کوردستانییەکان درێژ دەکەین و ئامادەی باس و دیالۆگێکی بنیاتنەر لەو پێوەندییەدابین. با ساڵی تازە بکەینە ساڵی یەکیەتی و یەکڕیزی و دەست پێکردنی شێوەیەکی تازەی پێکەوەژیان لە قۆناخێکی تازەی خەباتماندا.

ئەگەر هەموومان دەست وە دەستی یەکتر بدەین و خەباتی شاخ و شارو تێکۆشانی ئاشکراو نهێنی تێکەڵ بکەین دەتوانین بە هومێدو هیواوە پێ بنێینە ساڵی نوێوەو بەسەرکەوتنی خۆمان و لەوەش گرنگتر بەئاوات گەیشتنی گەلەکەمان گەشبین بین.

بەبۆنەی جێژنی نەورۆزو داهاتنی ساڵی نوێ ساڵی١٣٨٨ی هەتاوییەوە گەرمترین پیرۆزبایی پێشکێشی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانییە سیاسییەکان، خەباتگێڕانی کۆمەڵگەی مەدەنی، حیزب و ڕێکخراوە نیشتمانییەکان، تێکڕای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و سەرانسەری ئێران و هەموو نەورۆزدۆستان و ئۆگرانی نوێ بوونەوە و نوێخوازی لەسەرانسەری جیهاندا دەکەین و بۆ هەمووان بەختەوەری لە ژیان و سەرکەوتن لەخەباتی هەقخوازانەیاندا بە ئاوات دەخوازین.

**سڵاو لە خەڵکی خۆڕاگری کوردستان**
**سەرکەوتن بۆ خەباتی هەقخوازانەی گەلانی ئێران**
**نەمان بۆ دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی**

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**
**(٢٧٠٩ ی کوردی)**

# پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

## به بۆنەی ٨ی مارسەوە

**ژنانی خەباتگێڕ!**
**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**
**هاونیشتمانانی بەڕێز!**

٨ی مارس ڕۆژی هاوپێوەندیی جیهانی لەگەڵ خەباتی یەکسانیخوازانەی ژنان، ڕۆژی دەنگ هەڵبڕینی ژنان و پیاوانی داواکاری ئازادی و یەکسانی و، ڕۆژی خۆنواندنەوەی بڕیار و ئیرادەی مرۆڤایەتیی دێموکڕات و پێشکەوتنخواز بۆ نەهێشتنی ستەم و چەوساندنەوەی جینسی‌یە. بەم بۆنەیەوە گەرمترین پیرۆزبایی و سڵاوی هاوخەباتی و هاوپێوەندی پێشکەشی ژنانی کوردستان، ئێران و سەرانسەری جیهان دەکەین و سەرکەوتنی ئەوان و سەرجەم هاوباوەڕان و هاوئامانجەکانیان لە خەبات بە دژی ستەم و هەڵاواردنی جینسی دا، بە ئاوات دەخوازین.

٨ی مارسی ئەمساڵ، هاوکاتە لەگەڵ سییەمین ساڵی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمی ئاخوندەکان لە ئێران دا. ٣٠ ساڵ لەمەوبەر، لە کاتێك دا هێشتا مانگێك به سەر سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران دا تێنەپەریبوو، خومەینی ڕێبەرو دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی، قۆڵی لە ستاندنەوەی ئەو ماف و ئازادییانە هەڵماڵی کە ژنانی ئێران بە هەوڵ و خەباتێکی زۆر لە سەردەمی ڕێژیمی پێشوو دا، بە دەستیان هێنابوو. دامەزرێنەری ڕێژیمی تازە لە یەکەم ڕۆژەکانی دەسەڵاتدارەتیی خۆی‌دا، داوای گەڕانەوەی ژنان بۆ ژێر چارشێوی ڕەشی کردو دارو دەستەو لایەنگرانی خۆی بە دروشمی "یا روسری یا توسری" بەردایە گیانی ژنانێك کە شانبەشانی پیاوان لە شۆڕشی گەورەی گەلانی ئێران بە دژی ڕێژیمی شایەتی دا بەشدار بوون. ئەمە زەنگێکی ورپاکەرەوە و، سەرەتای بە کۆیلەکردنی ژنان و گێڕانەوەی ئەوان بۆ قوژبنی ماڵ و ئاشپەزخانەو، دەرهاویشتنیان لە تێکۆشانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و بوارەکانی فەرهەنگ و هونەر و زانست بوو. وەك دژکردەوە بەرانبەر بە فەرمانی حیجابی خومەینی و نیازە شوومەکانی دیکەی، ژنانی ئێران، یەکەمین "٨ی مارس"ی دوای هاتنە سەرکاری ئاخوندەکانیان کرد بە ڕۆژی خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربڕین بە دژی فەرمانی خومەینی. ئەگەر کوردستان و گەلی کورد، یەکەم شوێن و یەکەم هێز بوون بە دژی هێرش و پەلاماری دەسەڵاتی تازە بۆ ستاندنەوەی ئازادییەکان وەستانەوە، بزووتنەوەی ژنانی ئێرانیش یەکەمینی ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانە بوو کە دژی نێوەرۆکی دواکەوتووانەی ڕێژیمی تازە هاتنە مەیدان.

پێش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، ژنانی وەزاڵە هاتوو لە ڕەفتار و کردەوەی سەرچاوە گرتوو لە کولتووری پیاو سالاری زاڵ بە سەر بنەماڵەو کۆمەڵ دا، کەڵکیان لەو مافانەیان وەردەگرت کە لە قانوونەکانی وڵات دا دانیان پێدانرابوو. بە دەربڕینێکی دیکە، قانوونەکانی وڵات لانیکەم لە پێوەندی لەگەڵ ژنان دا، وەپێش کولتووری زاڵ کەوتبوونەوە. بەڵام بە هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئیسلامی، پیاوسالاری، بێبەشکردنی ژنان لە مافی بەرانبەر لەگەڵ پیاوان، سووکایەتی بە مەقامی ئینسانیی ژن، ڕەنگ و شێوەی شەرعی و قانوونییان پێدراو، هەر سێ دەسەڵاتی قانووندانان، قەزایی و بەڕێوەبەری، بە دژی ماف و ئازادییەکانی ژنان و بە داکۆکی لە دواکەوتوانەترین باوەڕ، فەرهەنگ و نەریتەکان لە نێو بنەماڵەو کۆمەڵ دا، دەست بەکاربوون. بە پێی قانوونەکانی کۆماری ئیسلامی، ژنان لە زۆربەی بوارەکان دا، لەگەڵ پیاوان بەرابەر نین. قانوونەکانی پێوەندیدار بە پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش و لێك جیابوونەوە، کار، هەقدەست، بیمە، میرات و سەرپەرستیی منداڵ هەموویان لە بەرژەوەندی پیاوان داو بە دژی ژنانن. نەبوونی دەرفەتی وەك یەك بۆ ژن و پیاو لە بواری ئابووری و لە بواری کاردا، بوونی بەربەست و دەمارگرژیی ئایینی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و هەڵاواردنی ئاشکرا دژی ژنان، وای کردوە ئێران ببێ بە دۆزەخێك بۆ ژنان. ژنان پتر لە هەر توێژ و بەشێکی دیکەی کۆمەڵ خەسار هەڵگرن و، بوون بە قوربانیی قەیران و نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکانی وەك ئیعتیاد، ئەیدز، لەشفرۆشی و خۆکوشتن. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو کۆت و بەندو کۆسپانە، ژنانی ئێران لە خۆپێگەیاندن و مەیدانداری لە بوارە کۆمەڵایەتی، زانستی و فەرهەنگییەکانی وڵات دا، غافل نەبوون و، شانبەشانی بەرەوپێشچوون لەو مەیدانانەدا خەبات بە دژی ستەم و نابەرابەرییان پشتگوێ نەخستوە.

بەپێی ئامارەکان کچان نزیکەی لە سەدا حەفتای خوێندکارانی زانکۆکانی ئێران پێك دێنن. لە نێو

ل ٥

# پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٦٣ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانەوە

**بە بۆنەی یادی ٦٣ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان رۆژی ٢٤ی رەشەمە رێورەسمێك لە یەکێك لە ساڵۆنەکانی سەر بە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن یەکیەتیی ژنانەوە بەرێوە چوو.**

**لەو رێورەسمەدا تێکۆشەری دێرین جەلیل گادانی لە لایەن دەفتەری سیاسیەوە پەیامێکی بەم بۆنەوە پێشکەش کرد. کە ئەمە دەقەکەیەتی پەیامەکەی دەفتەری سیاسی:**



**خانمانی تێکۆشەر، ئامادەبووانی بەڕێز!**

لەلایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بەبۆنەی ٦٣ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات پیرۆزبایی لە ژنانی کوردستان بەگشتی و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەتایبەتی دەکەم.

٦٣ ساڵ بەر لە ئێستا ٥٢ رۆژ دوای راگەیاندنی دامەزرانی یەکەم کۆماری کوردستان لە ژێر سێبەری ئەو هەلومەرجە دێموکراتیکە کەم وێنەیەی کۆماردا ژنانی خاوەن هەستی کوردایەتی یەکەم رێکخراوی دێموکراتیکی خۆیان لە شاری مەهاباد پێك هێناو مینا خانمی هاوسەری دڵسۆزو فیداکارو وەفاداری پێشەوایان بە سەرۆکی خۆیان هەڵبژارد.

ئەو کارە لە هەلومەرجێك دا کرا کە نەك هەر ژنان لە کوردستان زۆر بە کەمی خوێندەواریان هەبوو، بەڵکوو زۆربەی هەرە زۆری پیاوانی کوردستانیش نەخوێندەوار بوون. لەو کات دا ئەم جۆرە رێکخراوانە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا بە دەگمەن دەبینران و لە کوردستانیش دا نموونەی نەبوو. لەو سەردەمەدا فەرهەنگی عەشیرەیی و دواکەوتوویی توندی ئایینی زاڵ بوو.

ئەو هەنگاوە راچڵەکێنەرەی ژنان و بەشداری دواتریان لە خەبات دا لە ژێر کاریگەریی رەوشتی کۆمارو ئەو ئازادیە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییانە دا رووی دا، کە حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمارو بەتایبەتی ئیمانی پتەوی پێشەوا قازی بە دێموکراسی بەستینیان بۆ خۆش کردبوو.

لە ماوەی تەمەنی کۆماردا یەکیەتیی ژنان کەمتر لە ١٠ مانگ تێکۆشانی ئاشکرای هەبوو، بەڵام هەر لەو ماوە کورتەدا لە بواری فێرکردن و راهێنانی کچان و ژنان و هێنانیان بۆ نێو کۆڕو کۆمەڵی سینفی ـ سیاسی دەوری بەرچاوی گێڕاو لە زۆربەی بۆنەکان و لە بواری راگەیاندن و هونەری دا جێگەو پێگەی خۆیان هەبوو.

چالاکی ژنان دوای نەمانی کۆماریش بەپێی تواناو ئیمکان زیاتر بە نهێنی درێژەی هەبوەو گەلێك جار رۆڵی گرینگیان گێڕاوەو شان بە شانی پیاوان لە جووڵانەوەدا بەشدار بوون.

ئەگەر مێری کورد وەك هەتا ئێستاش لە بەشی هەرە زۆری پارچەکانی کوردستان لە ژێر باری گرانی دوو ستەمی ئایینی و نەتەوەییدا دەتلێتەوەو بە سووکی چاویان لێدەکرێ و لە زۆر مافی سەرەتایی بێ بەشن، ژنی کورد ستەمی گرانی قانوونە دژە ئینسانییەکانی کۆمەڵگە و زەبرو زەنگی پیاوسالارییشیان بەسەردا زاڵەو لە راستیدا ئەگەر کورد لە ژێر باری ستەمی دەسەڵاتدارانی حاکم دا دەناڵن، ژنانی کورد لە ژێر تەوژمی مەحرومیەتی سێ لایەنەی نەتەوەیی، ئایینی و پیاوسالاری دان. سەرەڕای ئەوەش ژنان هیچ کات کۆڵیان نەداوەو لە هەر دەرفەتێك دا بۆیان لوابێ، رۆڵی خۆیان بۆ بەربەرەکانی بە دژی ئەو ستەمانە گێڕاوە.

زۆر بۆ دوایە ناگەڕێینەوە بەڵام بەشداریی ژنان لە حەرەکاتە ئیعتڕازی و خۆپێشاندانەکانی دژی سیستمی پاشایەتی لە هەموو شارو شارۆچکەیەکدا بەرچاو بوو کەچی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، ئەوەندەی حیزب و رێکخراوە پێشکەوتنخوازەکان کەوتنە ژێر زەخت و زۆری ئاخوندەکان، ژنان چەند هێندە زیاتر کەوتنە ژێر فشاری کۆماری ئیسلامی و دروشمی "یا روسری یا تو سری" سەرەتاییترین و زەقترین دژایەتی ئەو کۆنەپەرستانە بوو بە دژی ژنان.

ئەگەر لە دەورەی حاکمیەتی نگریسی دەسەڵاتدارانی قرونی وۆستاییدا ژنانی خەباتکارو دێموکرات وەك مێرانی بیروڕا جیاوازی دژی رێژم دەکوژرێن و لە دادگا فەرمایشیەیە چەند چرکەییەکاندا مەحکووم و ئیعدام دەکرێن و تا ئێستا بە هەزار کەس بەم شێوە ئیعدام کراون یا لە ژێر شکەنجەدا کوژراون، ژنان بە ئاشکرا لە پێش چاوی خەڵك بەردباران و سەنگسار کراون. هەر ئێستاش سەرەڕای ئەوەی لە روانگەی خەڵك و دەوڵەتانی دنیاوە ئەم کردەوە چەپەڵ و دوور لە بەها ئینسانییانە مەحکووم کراون و بە رواڵەت رێژیمیش ئەنجامی ئەو کارەی قەدەغە کردووە بەڵام وەك دەبینین هەروا درێژەی هەیە.

ژنانی ئێران و کوردستان سەرەڕای ئەو هەمووە زەختەی لە سەریانە هەتا ئێستاش چالاکانە لە مەیدانی خەبات بە دژی کۆنەپەرستی و ئیستبداد دا قارەمانانە ماونەوەو بە هەر شێوەیەك بۆیان لوابێ بە کردەوەو زمان و قەڵەم لە پێناو گەیشتن بە مافی رەوایان تێدەکۆشن و بە راستی لەو پێناوەدا گرتن و ئەشکەنجەو زیندان و تەنانەت ئیعدامیشیان تەحەمول کردوە.

لە گۆڕەپانی خەباتی بێ وچانی گەلی کوردیش دا زۆر شێرەژن و کیژی مافخواز و نیشتمانپەرەوەر گیانی خۆیان بەخت کردوە و ئێستاش هاوتای ئەوان نەك هەر لە ریزی رێکخراوە دێموکراتیکە سیفیی‌یەکان و NGO کان دا لە خەباتی بەردەوام دان و کەم نین ئەو کچ و ژنانەی بە تاوانی خەباتی مەدەنی لە زیندان دا و حوکمی قورسیشیان بەسەردا سەپاوە.

جگە لەوانەش رادەی کیژ و ژنان لە ریزەکانی شۆڕش و سەفی پێشمەرگەی حیزبە کوردستانییەکانیش دا رادەیان بەرچاوەو تا ئێستا لە ریزی پێشمەرگایەتیش دا زۆریان قوربانی داوە.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانیش لەم بوارەدا بەپێی تواناو ئیمکان، ئەرکی خۆی بەجێ گەیاندوەو لە شارو شاخ و تاراوگە تێکۆشاوەو درێژە بە خەباتە رەواکەی دەدا. بەڵام بێگومان بۆ گەیشتن بە یەکسانی ژن و پیاو رێگەیەکی دوورو درێژیان لە پێشەو پێویستە زۆر لەوەش چالاکتر بن.

بۆ سەرکەوتنی زیاتر پێویستە کۆبوونەوەو کۆنفرانسی زیاتر بگیرێ، لە رێگەی میدیاکانەوە ژنان وریا بکرێنەوە، لەگەڵ مافی تاك و گشتی خۆیان ئاشنایان کەن و لە هیدایەت و رێنوێنییان بۆ خوێندەوار بوون، هوشیار بوون و چالا ك بوونیان تێبکۆشن.

باس و وتووێژی زیاتر لە سەر ئەو دوو دیاردە ناحەزەی خۆکوشتن و سووتاندن بکرێ کە بەداخەوە هەروا پەرە دەستێنێ. بەو مەبەستە یەکیەتیی ژنانی کوردستان و باقی رێکخراوەکانی ژنان دەبێ پێوەندیی زیاتریان لەگەڵ توێژی بێبەش و کەم ئیمکان و بێ دەرەتانی ژنان هەبێ و ئیعتیماد و باوەڕ بە خۆ بوونیان تێدا بەهێز بکەن تا لە بەرانبەری ستەمەکان دا خۆڕاگربن و لە جیاتی خۆکوشتن و خۆسووتاندن مەشوەرەت و راپرسی لەگەڵ رێکخراوەکانی ژنان و دڵسۆزانیان بکەن.

بێ گومان پێوەندیی زیاتر لەگەڵ رێکخراوەکانی دیکەی ژنان بەگشتی و ژنانی نێوخۆ تۆکمەیی و یەکگرتوویی زیاتر بە یەکیەتیەکەتان و هێزی زیاتر بە خەباتە رەواکەتان دەبەخشێ.

هەمووتان ئاگادارن کە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتاوە خوازیاری دابین کردنی مافی رەوای ئێوە بووەو هەر ئێستا چەند "بەند" لەم پێوەندییەدا لە بەرنامەی حیزب دایە و زۆریشی بەربەرەکانی لەگەڵ داب و نەریتی دواکەوتوانەو کۆن کردوەو لایەنگری یەکسانیی مافی ژن و پیاوە.

لەم قۆناغەش دا وەك رابردوو بۆ هەر چەشنە هاوکارێکی گونجاو لەگەڵ رێکخراوەکەتان ئامادەیەو پشتیوانی لە داخوازە رەواکانتان دەکا.

بەڵام هەم پیاوو هەم ژنانی ئێرانی و کوردستانی دەبێ ئەوە بزانن کە تا رێژیمی کۆماری ئیسلامی بەم یاسا دواکەوتوانەوە بمێنێ نە مافی تاك و نە مافی کۆمەڵ دابین نابێ و ئەرکی هەموو مرۆیەکی دێموکرات و ئازادیخوازە بۆ نەهێشتنی ئەم رێژیمەو هاتنە سەرکاری رێژیمێکی دێموکراتیك لێبڕاوانە خەبات بکەین.

جارێکی دی بەبۆنەی ٦٣ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پیرۆزباییتان لێدەکەین و خوازیاری سەرکەوتنی هەرچی زیاترتانین لە خەباتە رەوا سینفی و سیاسیەکەتاندا.

**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**١٣٨٧/١٢/٢٤**

---

مامۆستایانی زانستگە، پزیشکان،

درێژەی:

## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٨ی مارس، رۆژی جیهانیی ژنانەوە

مودیران، ئەندازیاران و کەسایەتییەکانی بواری فکرو زانست و هونەرو فەرهەنگ دا رێژەیەکی بەرچاو لە ژنان هەن. ژنانی ئێران لە مەیدانی تێکۆشان لە پێناوی دێموکراسی و مافی مرۆڤ و لە گۆڕەپانی خەباتی هێمنانە و مەدەنیش دا، سەرەڕای هەموو گیرو گرفتێك، حوزورێکی بەرچاویان هەیە.

کەمپەینێك کە ژنانی ئێران لە سێ ساڵ لە مەوبەرەوە، بە مەبەستی کۆکردنەوەی یەك میلیۆن ئیمزا، و بە پشتیوانی لە نەهێشتنی جیاوازیدانانەکان لە یاساکانی ئێران دا، دەستیان پێکردوە، ئێستا بووە بە ماکەی بزووتنەوەیەکی گەورە بە پانایی ئێران و، چەند میلیۆن ژن و پیاوی یەکسانیخوازی لە دەوری ویستە رەواکانی خۆی کۆ کردۆتەوە. ژنانی ئاگاو پێگەیشتووی کورد لە بەڕێوەبردن و بەرەو پێشبردن و پشتیوانیی کردنی ئەو کەمپەینەدا، رۆڵێکی بەرچاویان هەیەو، بوونی ژمارەیەك لەوان لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی دا، هەروەها پەروەندەسازیی دام و دەزگاکانی رێژیم لە دژی بەشێکی دیکە لەوان، بەڵگەی لە مەیداندابوونی ژنی کوردو هاوخەباتیی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، دژی دیکتاتۆری و ستەم و چەوسانەوەی جینسی‌یە. دیارە ژنانی کوردستان لە درێژایی ٣٠ ساڵی رابردوودا، راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلەکەشیان دا چالاکانە بەشدار بوون و لە هیچ چەشنە بەشداری و پشتیوانییەك درێغیان نەکردوە.

یەکێك لە شانازییەکانی ژنانی ئێران ملنەدان بۆ رۆژی دەست نیشان کراو لەلایەن کۆماری ئیسلامی وەك رۆژی ژن و، بەڕێوەبردنی جار لەگەڵ جار باشتری ٨ی مارس، رۆژی جیهانیی ژنانە. لەحاڵێکدا، کۆماری ئیسلامی تا ئێستاش ٨ مارسی بە رەسمی نەناسیوە، ژنانی ئێران هاودەنگ و هاوکات لەگەڵ ژنانی سەرانسەری جیهان، یادی ئەم رۆژە دەکەنەوە. ئەوان لەم رۆژەدا لە ماڵەکانیان و لە پارکەکان کۆدەبنەوەو وێڕای گۆڕینەوەی بیروڕاو هەڵسەنگاندنی کارو تێکۆشانی خۆیان و کۆسپەکانی بەردەمیان بەرنامەی کارو ئەرکی داهاتوویان دەخەنە رووو، بە دەنگی بەرز لە سەر ویستە رەواکانیان پێ دادەگرنەوە. بەڵام کۆماری ئیسلامی ئەم جۆرە کۆبوونەوە هێمنانەیە تەحەممول ناکاو، هێزە بەناو ئینتزامی‌یەکانی بۆ بڵاوەپێکردنی رێورەسمی ٨ی مارس رەوانە دەکا. زۆر جار رێکخەران و بەڕێوەبەرانی کۆبوونەوەکانی ٨ی مارس بە سەروچاوی خوێناوی‌یەوە ڕەوانەی ماڵی خۆیان دەکرێنەوە، یان یەکڕاست بۆ قوژبنی گرتووخانەکانی کۆماری ئیسلامی دەبرێن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەبۆنەی ٨ی مارسەوە، جارێکی دیکە پشتیوانیی خۆی لە داخوازەکانی بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان و ئێران دووپات دەکاتەوە. حیزبی ئێمە خوازیاری وەستان و نەهێشتنی توندوتیژی و تاوان و جینایەت دژی ژنانەو لە و بڕوایە دایە کە دەبێ لە هەموو کاتێك دا، کاری جیددی و بەربڵاو بۆ کۆتایی هێنان بە بێبەشی و بێ مافیی ژنان لە کوردستان و ئێران بکرێ. ئێمە بە چاوی رێزەوە دەڕوانینە خەباتی شێلگیرانەی ژنانی وڵاتەکەمان بە دژی ستەم و نابەرابەری و هەڵاواردن. خەبات لە پێناوی یەکسانیی مافەکانی ژن و پیاوو، تێکۆشان بە مەبەستی نەهێشتنی چەوسانەوەی جینسی، بەشێکی سەرەکی لە ریسالەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەباتەکەیەتی. هەر بۆیە گرنگیدان بە هاوکاری، هاوخەباتی و هاوپێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەکانی ژنان لە کوردستان و ئێران، دەبێ لە لایەن تێکۆشەرانی حیزبی ئێمە لە هەموو ئاستەکان دا، بایەخی تایبەتی پێ بدرێ. لە سەرجەم ئەندامان و لایەنگران حیزب و خەڵکی کوردستان وەك پشتیوانی راستەقینەو لە مێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش داوا کارین، پشتگرو یارمەتیدەری خەباتی ژنان دژی ستەم و نابەرابەری بن.

**پیرۆز بێ ٨ی مارس رۆژی جیهانیی ژنان**

**سەرکەوێ خەبات بۆ یەکسانی لە کوردستان، ئێران و سەرانسەری جیهان**

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٨ی مارسی ٢٠٠٩**
**١٣٨٧/١٢/١٨**

# لەمپەڕەکانی بەردەم لکانی تورکیە بە یەکیەتیی ئورووپاوە

ن: جەلال حاجی زادە
بەشی یەکەم
و: تەها رەحیمی

کورتە:

پێوەنـدیی تورکیەلەگـەڵ یەکیـەتیی ئورووپـا بەشـێکە لـە پرۆسەی درێژی بە رۆژئاوایی بوونی ئەو وڵاتە کە ریشەکانی دەگەڕێتەوە بـۆ قۆنـاخی کۆتـایی سـەدەی هەژدەیەم. بـەڵام گەشـەی گـەورەی پێوەندییـەکانی نێـوان ئـەم دووانـە بەشـێوەیەکی فـەرمی لـە دەیـەی ١٩٥٠ ەوە دەستی پێکرد. تورکیـە کـە لـە سـاڵی ١٩٨٧ەوە داوای ئەنـدامێتیی تـەواوی لـە کۆمەڵگـەی پێشووی ئورووپـادا کـرد بـوو، تـا ئەمڕۆشـی لەگـەڵ دابـێ لەپـشت دەرگـەکانی ئـەو یەکیەتیـەدا ماوەتـەوە. بـۆ مـاوەی زیـاتر لـە دەیەیەك داواکاریی ئەو وڵاتە لەگەڵ خۆبواردنی ئورووپاییەکان رووبـەروو دەبـووەوە. لـەو کاتـەوە تائێـستا رەوتـی دانوستانەکانی بەرپرسـانی تورکیەو یەکیەتیی ئورووپا درێـژەی هەیـە. ئـەوە لەحاڵێکدایـە کـە هێـشتاش تورکیـە لەگـەڵ دوورەدیمـەنێکی ئەوەنـدە هیـوادار رووبەڕوو نیـەو لـەو رێگەیـەدا تـەنگ وچـەڵەمەو هەزاراونـشێوێکی بنـەڕەتیی لەبـەرە. لەمبارەیـەوە نووسـەر هێنانـە بەرباسـی ئـەو پرسـیارە،" چ لەمپەڕوکۆسـپێك لەبـەردەم تورکیەدایـە بـۆ چـوونە رێـزی یەکیـەتیی ئورووپـاوە.؟ " هەوڵ بۆ تـاوتوێی کردنـی پرسە کە دەدا. لـەمرووەوە کـە ئـەم وتـارەی بەردەسـتمان دەبییـەوتی شـێوازی راڤـەیی - پێناسـەیی و بەپـشت بەسـتن بـە لێکۆڵینـەوەی قوتابخانەیی توێکاریی لەمپـەڕەکانی بەردەم ئەو وڵاتـە بـۆ چوونە ریزی وڵاتـانی یەکیـەتیی ئورووپـا دا بکاو بۆیـە لـە لایەکـەوە لێکدانـەوەی مێژووی پرۆسەی هەوڵی تورکیە بۆ هێنانـە دی ئـەو ئاواتـە کـراوە و لەلایـەکی دیکەشـەوە هـۆو هۆکارەکانی نەگەیشتن بەو ویستەبە پشت بەستن بە لەمپەڕە ئاراییەکان شـرۆڤە دەکـا. نووسـەر دوای شەنوکەوی رەوتەکانی پاش شـەڕی سارد، بەو کۆبەندییە گەیشتوە کە لەگـەڵ دە لەمپـەڕی پێکهاتـەیی و هـەروەها سیاسـیی وەك رەوتـی باشـبوونی مـافی مرۆڤ و گەشـەی دێموکراسـی راسـتەقینە، پێوسـتیی دارشـتنی بناخـەی مـافی کەمینـە ئـایینی ـ نەتەوەییـەکان، پێکهاتـەی فەرهەنگی ـ کۆمەڵایەتی، جوگرافیـاو پێکهاتەی حەشیمەتیی جۆراوجۆر، نـەبوونی سـەقامگیریی ئـابووریی، ژینۆسایدی ئەرمەنیەکان، بارودۆخی ژێۆپۆلتیکیی رۆژهـەڵاتی نێوەڕاست و هـەروەها لەمپەرگـەلێکی گرینگـی دیکە رووبەڕوویە کە وێدەچێ هێشتا لەگـەڵ ئیدەئاڵـەکانی ئورووپـا دا مـەودایان زۆربـێ و رێگەیـەکی دوورودرێژی لە بەربێ.

دەوڵـەتی رۆژئـاوا گـەری تورکیەو زۆرینەی رێبـەرانی بارزگـان ـ سیکولارو هـەروەها ئەرتەشی بە رۆژئاوایی کراوی ئـەو وڵاتـە خۆیان بەدەروەستی چوونە ریزی وڵاتـانی ئورووپـا دەزانـن. لـەو ئـاتیرە دا سـیتپامبەری سـاڵی ١٩٩٦ یەکـەم هەنگاوی کردەیی بۆ چوونە ریزی وڵاتـانی ئورووپـا لـە تورکیـە هەڵێنرایـەوە. بـەو حاڵەشـەرە هیـشتاش ئـەو وڵاتـە نـەیتوانیوە رەزامەنـدیی بـڕاوەی ئەندامانی بۆ پەیێوەسـت بـوون بـە E6 یـەوە راکێشێ. ئەوە لە حاڵێکدایە تورکیە لـەو رێگـە پڕهـەورازو نـشێوەدا بەربەسـتی جیـدی و زۆر بنـەڕەتیی لەبـەرە. کۆی باسـەکە لـە نێـوەی سەرەتای دەیەی شەستی زایینـی دا رێککەوتنناوی هاوکـاریی ئانکارا بۆ پەیێوەسـت بـوونی تورکیـە بـە یەکیەتیی کاروبـاری گومروکی و لـە ئاکام دا ئەنـدامێتیی هەمیشەی ئـەو وڵاتـە لـە کۆمەڵگـەی ئـابووریی ئورووپـا(١) دا واژو کـراو.(٢) تورکـەکان وەك هێمـای پەیێوەسـت بـوونی هەمیـشەیی وڵاتەکـەیان بـە یەکیـەتیی ئورووپـاوەو پـشت راستکرادنەوەی شوناسـی رۆژئـاوایی خۆیـان لـە رێککەوتننامـەی ئانکـارا یان دەڕوانی، کـە ئـاواتی هەمیـشەی کەماڵ ئاتاتورك بـووە(٣). هەنووکـە وێدەچێ دوای تێپـەڕبوونی نزیکـەی چوار دەیە پێوەنـدیی پڕ هـەورازو نشێوی نێوان ئـەو دووانـە، تورکیـە لەگـەڵ لەمپەرگـەلێکی جیـدیی رووبەڕوویـە. لـە روانگەیـەوە پێداچـوونەوە بـە لـە پـەڕەکانی بەردەم ئـەو وڵاتـە و هـەروەها روون کردنـەوەی کەڵکەڵـە سـەرەکییەکانی ئەنـدامانی یەکیـەتیی ئورووپـا یارمـەتی بـە تـاوتوێ کردنـی هۆکارەکـانی شکـستی تورکیـە بـۆ پەیێوەسـت بـوون بـە (E6)وە دەدەن.

ئـەلف ـ کورتـە مێـژووی باسەکە لـە داوای ئەندامـەیتی تـەواو لەلایەن تورکیەوە لە ١٩٨٧)

ئـاڵوگۆڕە نێوخـۆیی و دەرەکییـەکان کاریگـەریی خراپیـان (سەر پێوەندییـەکانی نێـوان تورکیـە و کۆمەڵگەی ئابووری ئورووپا دانـان داگیرکاریی نیزامیـی ١٤ی سـێپتامبر نەك هەر یارمێتی بە پێوەندییـەکانی ئـەو دووە نـەکرد، بـەڵکو پرۆسـەی پەیوەسـت بـوونی وڵاتـانی ئورووپاییـەوەی بـۆ تورکیـە ئاڵۆزتر کـرد. تورکیـە لـە سـایەی سـەری تورگـوت ئـوزاڵ و ئەندامـەتیی هەمیـشەی لـەو یەکیەتیـە دا بڕیـار بدا. بەلام کاتێ نۆزال بـە دەسـەڵات گەیـشت، سیاسـیەتی نیزامـی دژە دیمـۆکراتیکی ئـەو بـوو بـە هـۆی سـاردی پێوەندییـەکانی تورکیـە لەگـەڵ کۆمەڵگـەی ئورووپـا. سـەرەڕای دەسـپێکردنی پرۆسـەی دێموکراتیزاسـیۆن لـە ١٩٨٢ ادا، سیاسەتەکانیەوە دەتیوانی جارێکی دیکـە بـیر لـە کۆمەڵگـەی ئورووپـا بکاتەوە و لە ساڵی ١٩٨٧ لـە سـەر بە کە بەشی پێویستەکەی داواکانی ئورووپا بوو، سیاسـەتی برۆکسێل لـە بەرانبـەر ئانکـارا دا وەك خـۆی مایەوە. سەرەڕای ئەوە، کۆمەڵگـەی ئورووپـا شـێلگیرانە نیگەرانیـەکانی خـۆی سـەبارەت بـە رەوشـی مـافی مـرۆڤ ، پێوسـیتی بـە نۆژەنکـاری تـەواو لـەباری دێموکراسـی گـۆڕینی یاسـای سـەربازی و ئـازاد کردنـی چـالاکانی سیاسـی و رووناکبیری دووپات کردەوە. لە راستیدا، ئـوزال میراتگری سیاسەتێکی پـرس سـازی نیزامـی لـە بەرانبـەر کۆمەڵگـەی ئورووپـا دابـوو. گـرینگتر لەوانـە خـودی ئـوزال بـە سیاسـەتقانی دژی کۆمەڵگەی ئورووپا بە ناوبانگ بـوو. کاتێ ئوزال لـە ١٩٨٣ بـە دەسـەڵات گەیـشت، بـە رواڵـەت هێـشتاش بۆچـوونی دژایـەتی لەگـەڵ پەیێوەسـت بـوون بـە وڵاتـانی ئورووپایی خۆی دا پارستبوو، بـەڵام لـە سـاڵی ١٩٨٦ دا بادانەوەیـەکی نهێنیـی ١٨٠ پلـەی کـردو پۆستییەکانی تورکیە پڕبوون لەونام نـەی بـۆ بەرپرسـانی کۆمەڵگـەی ئورووپا دەنێردران. لـە ١٤ی ئاوریـل دا سندووق راڤەکارانی تورکیـە لـەو کارەی ئۆزال سـەریان سـووڕ مـاوە، بـەڵام هۆکارگـەلێکی زۆر هەیـە سـەبارەت بـەوە کـە بۆچـی ئـۆزال زووتـر لـە کـاتی دیـاریکراودا داوای تورکیەی راگەیاند. (٤)

بەر لـە هـەر شـتێك، وێدەچێ کەشی نێونەتەوەیی بە قازانجی ئـەو داوایەدا بووبێ. ئـەمریکا بـە فـەرمی تورکیـەی هـان داو راشـکاوانە فەرمانی بـە وڵاتـانی ئورووپـا دا کـە دەرگـەکان لـە تورکیـە دانەخـەن. بـەڵام لـە هـەمووی ئەوانـە گـرینگتر، ئـەو بڕیـارە نیـشاندەری روانگـەی پراگماتیـستی و لیبرالیـستیی ئـۆزال بوو. لە لایەکی دیکەوە ئـەو کاتـەی بازرگانیی دەرەکیی تورکیە لەگـەڵ وڵاتـانی رۆژهـەڵاتی نێوەڕاسـتی لـە حـاڵی دابـەزین دا بـوو، پـشکی ئورووپـا دیـسان لـە ١٩٨٥دا بـەرز بۆوە. ئەو رەوتـە لـە سـاڵی ١٩٨٦دا کـاتێ دابـەزینی لـە رادەبـەدەری نرخی نەوت کاریگەری نەرێنی کردە سەر توانای کڕینی ئەو لاتانە، جوان دیار بـوو. ئـەو بابەتـە نیشاندەری لـەرزۆك بـوونی پێوەندییـە بازرگانییـەکانی لەگـەڵ رۆژهـەڵاتی ناڤین بوو، ئەو ناوچەیەی لە رەوتـی ئـاڵوگۆڕە نێونەتەوەییەکانـدا هەستیار بـوو. "لـە لایەکی دیکەوە بازرگانیی دەرەکیی تورکیە لەگەڵ کۆمەڵگـەی ئورووپـایی لـە سـاڵی ١٩٨٦ گەشـەیەکی جێگرتـووی نیشان داو بـۆ یەکـەمین جار لـە دەیـەی ١٩٨٠دا وەپـێش پـشکی رۆژهـەڵاتی نـاڤین کـەوت. گومـان لەوەدا نیە ئەگەر ئەنکارا کێشەکانی خۆی لەگەڵ رۆژهـەڵاتی نێوەڕاستدا چارەسـەر کـرد بایـە، دەیتـوانی بازرگـانی دەرەکیـی خـۆی لەگـەڵ بازاڕێك کە ٣٤٠میلیۆن کڕیاری هەیە پەرەپێبـدا. تورکیـە ئەگـەر پێوەندییـەکانی گەشـە پێدابایـە سـەرەڕای ئـەو سـەرمایەی کـە لـە لایـەن وەبەرهێنـەرە دەرەکییانـەوە ئەگەری زۆری هـەبوو هـاوردە بکرێ دەیتـوانی یارمەتییـە وەدرەنـگ کەوتووکەش لە کۆمەڵگـەی ئورووپـا وەرگرێ". (٥)

هەروەها ئانکارا ناچار بوو بیر لـە کاریگـەریی دوویـەمین خـولی پـەرەی کۆمەڵگـەی ئورووپـا بـەرەو لای دەریای سپیی نێوەڕاست لەگەڵ ئیسپانیاو پورتـەغال بکاتـەوە. لـەو جەنگەیـەدا بـوو کـە کەسـانێك لـە وەزیـری دەرەوەرا بگـرە تـا پارتـە سیاسـییەکان، میـدیاکان، بازرگانـەکان و خـەڵکێکی زۆر دەستیان کرد بە زەخت هێنان بۆ سەر حکوومەتی ئۆزال تا ئەو داوایە قبوول بکا.

# رۆڵی کورد لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری ئێران دا

عەلی بداقی

وا بڕیـارە دەیـەمین خـولی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری ئێران لە ٢٢ی جۆزەردانی ساڵی نوێی هەتاوی دا بەڕێوەبچێ. ئارایشی هێزو حیـزب و لایەنـە سیاسـییەکانی وڵاتـیش تـا دێ پتر روون دەبێتـەوە. ئـەوەی بـۆ ئۆپۆزیـسیۆنی رێـژیمی کۆمـاری ئیـسلامی دەگەڕێتـەوەو ئەوەیـە کـە ئەمجارەشـیان هەڵبژاردنـەکان لـە نـەبوون و ئامـادە نـەبوونی هێـزە پێـشکەوتنخوازو گۆڕانخوازەکـانی دەرەوەی دەسـەڵاتدارەتیی رێـژیم و لە کەشێکی تەواو داخـراوی سیاسـی دا بەڕێوە دەچێ. ئەگەرچـی هێـشتا ئەو هێزو لایەنـە بەرهەڵستکارانە بە روونی هەڵوێستی خۆیـان لـەمبارەوە دەرنـەبڕیوە، بـەڵام بـەپێی نـەریت و رابردووی هەڵوێستەکانی ئەو لایەنانە وێدەچـێ بـایکۆت کردنـی هەڵبژاردنەکان وەك جاران هەڵوێستی سەرەکیی ئەو حیزب و هێزو لایەنانە بـێ. بـایکۆتکردنی هەڵبژاردنـەکان لەلایـەن هێـزو لایەنـە سیاسـی و رووناکبیرییـەکانی نێوخـۆی وڵاتیـشەوە گریمانەیـەکی بـەهێزو پرسی رۆژەڤی ئەو لایەنانەیە.

دەستاودەسـت کردنـی دەسـەڵات لـە هـەڤرکێی هەڵبژاردنـەکانی دەیـەمین خـولی سـەرکۆماری رێـژیم ئـەمجارەش لـە نێوان دوو باڵی راست و بنەماخوازی (ئوسـولگەرای) رێـژیم و بـاڵی بـەناو ریفۆرمخوازی ئەو رێژیمەدا دەکرێ و ئەگەرچـی رێفۆرمخوازەکـان لـە ئێستادا بە چەند پاڵێوراوەوە دیارە ئەگەر لەلایـەن شووڕای نیگابانـەوە ئیزنـی بەشـدارییان پـێ بـدرێ هاتوونەتە گۆڕەپانی هەڤرکێ، بەڵام وا وێدەچـێ بـەرەو رووبـوونی سەرەکیی ئەو دوو باڵە دەرکـەوتنی مـەحموود ئەحمـەدی نـژادو مـیر حوسـێنی مووسـەویدا بەرجەسـتە ببێ.

لە دەرکەوتن و پڕوپاگەنـدەی پاڵێوراوەکـانیش دا ئـەوەی بەرچـاو دەکـەوێ ئەوەیـە کـە دیـسان هـیچ کـام لـەوان وادەو بـەڵێن، چ بگـا بـە بەرنامـەی ورد و دیاریکراویـان بـۆ گۆڕینی بنەڕەتیی وڵات وەك کۆسپی سـەرەکی و دیـواری پـۆڵایین لـە بەرانبـەر هـەر چەشـنە گـۆڕانێکی بنەڕەتی نەهێناوەتە گۆڕێ. هیچ کام لـەوان رێگەچـارەی قەیرانـە ئابوورییەکانی وەك بێکـاری، گرانـی، ئاوسـان و هـەژاریی رۆژ لـە دوای رۆژ زیاتری کۆمـەڵانی خـەڵکیان بـۆ بیرو رای گـشتی نەخـستۆتە روو. باسـی کرانـەوەی کەشـی سیاسـیی وڵات و هێنانـە گـۆڕێی پرسـە گرینگـەکانی وەك ئـازادی، مـافی مـرۆڤ و مـافی هـاووڵاتیبوون و مـافی نەتـەوە بندەسـت و پـەراوێزخراوەکان تەنانـەت بـۆ بـازاڕ گـەرمیی هەڵبژاردنـەکانیش بووبـێ تـا ئێـستا وەك پلاتفـۆرم و بەرنامـەی کـاری هەڵبژاردنـەکانی هـیچ کـام لـە خـۆ پاڵێوراوەکاندا وەبەر چاو نەکەوتوە. بـەڵام ئـەوەی تـا ئێستا بـۆ خـەڵکی روون و ئاشـکرایە ئەوەیـە کـە بـە سـەرنجدان بـە نێـوەرۆکی رێـژیم و ئـەزموونی رابـردووی پـاڵێوراوان و کەسێتییان سەرەڕای جیاوازییان لـە باڵبەندی و جێگرتنیان لە تەواوەتیی پێکهاتـەی رێـژیم دا یـەك ئامـانجی هاوبەشـیان هەیـە و ئـەو ئامانجـە هاوبەشـە لـە گۆڕەپـانی هەڤرکێیـەکانی ٢٢ی جـۆزەردان دا پاراستن و راگرتنـی رێژیمەکـەیان لـە حاند رەشەبای قەیرانەکان دایەو بۆ پێکانی ئەو ئامانجەش هەر کامـەیان ئاخێوو دروشم و شێوازی خۆیان بـۆ هەڵخەڵەتانـدن و کـۆ کردنـەوەی دەنگی خەڵکی هەیە.

کوردەکانی ئێران لە رەوتـی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری دا مافی هەڵبـژاردنیان نیـە و تـەنیا و تـەنیا دەتوانن لە رەوتی هەڵبژاردنـەکان دا دەنگ بە یەکێك لەو مۆرانە بدەن کە رێـژیم لـە هـەموو بوارێکـەوە لێیـان خاترجـەم و دڵنیایـە. کێـشەکانی کـوردیش لـە مـاوەی ٣٠ سـاڵ دەسـەڵاتدارەتیی رێـژیم دا بـە چارەسـەر نـەکراوی ماونەتـەوەو گـۆڕینی مۆرەکـان و دەسـتاو دەسـتکردنی دەسـەڵات لـە نێـوان رەوت و باڵـەکانی رێـژیمیش دا (کـە جاری وابووە کورد هیوای پێ بووەو دەنگیـشی بـۆ داوە) دۆزی کـوردی نـەك تـەنیا هـەنگاوێك بـەرەو پێشێ نەبردوە، بەڵکوو رەوتی سـەرکوت و ئاسمیلـە کردنـی کـوردیش پـتړو توندتر کردوە، ئـەوەش وای کـردوە کـە کـورد بـە کـردەوە لـە چـەند هەڵبژاردنی رابردوو لە ٧ ـ ٨ سـاڵی رابـردوودا بـە کـۆدەنگی و هاوپێوەنـدیی تـەواوەوە دەنگـی "نـا" بـە تـەواوێتیی رێـژیم بـدەن. کێشەی کورد لە ئێران ئەوەیـە کـە وەك هـاووڵاتیی پلـە ٢و٣ سـەیری دەکرێ. لە بەڕێوەبەریی سەرەوەی وڵات دا پشکی نیە، هەوڵی ئاسمیلە کـردن و شـێواندنی شـوناس و پێناسـی دەدرێ، ناوچـەکەی لـە دواکەوتوویی ئابووری دا راگیراوە، زمانەکـەی بـە فـەرمی ناناسـرێ و ئیزنی ئەوەی پێ نادرێ منداڵەکانی بە زمانی زگماکیی خۆیان بخوێنن و بنووسـن و پـەروەردە بکـرێن، وەڵامـی ویست و داوا رەواکانی بە ئـاگرو ئاسـن و سـەرکوت دەردێتەوە. لـە هـەموو شتێك و لـە هەموو بوارێك دا حیسابی جیـاوازی غـەوارە (غیرخودی)ی بۆ دەکرێ. هـەموو ئەوانـە وشیاریی سیاسـیی بەرزی لەلای کورد دروست کـردوە کە فریوی دروشم و گەمەکانی رێژیم لە شانۆی هەڵبژاردنەکاندا نـەخۆن. بەڵام ئەوەش لە جێی خۆی کە کورد لـە هـەموو پتانـسێل و توانـاو زەرفییەتەکانی خۆی بۆ بەرجەسـتە کـردن و هێزنوانـدنی خـۆی لـە گۆڕەپـانی هەڵبژاردنەکانـدا کـەڵکی وەرنەگرتوە کە ئەمە هۆکـاری خـۆی هەیـە و خەسارناسـیی ئـەم جـۆرە دەرکەوتنەی کـورد هـەم پێویـستە و هەم ئەگـەر دیـسان گوتـاری کـورد و هەڵوێـستی کـورد "نـا" گـوتن بـە تەواوێتی رێژیم بێ، ئەوە دەبێ ئـەو بـایکۆت کـردن و مـل بادانـە، رێـژیم تووشی باجدان و تێچووی زۆر بکـا. ئەمەش ئەرکی هێزو لایەنـە سیاسـی و ناوەنـدە رووناکبیری و دامـەزراوە کۆمەڵایەتییەکانـە کـە بـە پێـشکەشکردنی پـرۆژەو پلانـی ئامـانجخوازی هاوبـەش گوتـاری هاوبەشی کورد لەو پێوەندیـەدا رێك بخـەن و کاریگـەریی خۆیـان لـە هەڤرکێی هەڵبژاردنەکاندا دا بنێن.

# کارەساتی هەڵەبجە، عەقڵییەتی پاکتاوو براکانمان

رامبود لوتف پووری



**سەرەتا:**

**بێگومان کەم نەبوون ئەو نەتەوانەی کە لە پێناو مافخوازی و خەباتی رزگاریخوازانەدا گەلێك تێچووی قورس و گرانیان داوەو تووشی کۆمەڵێك کارەسات و چەرمەسەری بوونە. هێندێك لەو نەتەوانە تەنیا بە تاوانی نژاد، ئایین و شوناسی نەتەوەییان نەك هەر حاشا لە بوونیان کراوەو کەوتوونەتە بەردەم سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆنی کولتوورییەوە، بەڵکوو تەنانەت پاکتاوی جەستەیش کراون.**

ئەگەر ئاورێکی خێرا لە رابردووی کۆن بدەینەوە دەتوانین ئاماژە بە هێندێك نموونەی وەك: رەشەکوژییەکانی مەسیحییەکان و موسوڵمانەکان لە یەکتر، کوشتاری شیعەکان لە لایەن تەیموری لەنگ و هەروەها کوشتاری سونییەکان لە لایەن سەفەوییەکان و دەیان نموونەی دیکە بکەین. بەڵام ئەگەر تۆزێك بۆ سەردەمەکانی نوێتر هەڵکشێین، قەڵاچۆ کردنی سوورپێستەکانی ئەمریکا، پاکتاوی جوولەکەکان لە ئاڵمانی سەردەمی نازی و کوشتارو ئەنفالی رۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە نموونە هەرە دیارەکانن. بەڵام لە راستیدا ئەم چەشنە لە سیاسەتی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خەباتی پێکهاتە جیاوازە کولتووری و ئیتنییەکان لە ساڵانی پاش نیوەی سەدەی بیستەمەوە بەرەبەرە بەرەو پەراوێز کەوتن و کاڵ بوونەوە رۆیشت، کە هۆکاری ئەم دۆخەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ پەرەسەندنی بنەماکانی دێموکراسی و مافی مرۆڤ لە جیهانداو بەشێکی دیکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو میکانیزمە یاساییانەی کە لە ئاستی نێونەتەوەییدا بۆ رێگرتن لە پێڕەو کردنی ئەم سیاسەتە لە بەرچاو گیران. بەڵام مخابن سەرەڕای هەموو ئەو میکانیزمە وەستێنەرانە دیسان جیهان نەیتوانی خۆی لە ژێر سێبەری رەشی ئەم سیاسەتە نامرۆڤەیانە دەرباز بکاو هەتاوی رێزگرتن لە دێموکراسی و مافی مرۆڤ هەموو شوێنێکی ئەم جیهانەی وەك یەك نەگرتەوە. بە بێ هیچ چەشنە زێدەبێژییەك دەتوانین بڵێین توندترین و درێژخایەن ترین شێوازی پێڕەوکردنی ئەم سیاسەتە واتە پاکتاوی کولتووری و جەستەیی کە هەنووکەش بەردەوامە، سیاسەتی پاکتاوو سڕینەوەی کوردە کە لە لایەن داگیرکەرانی چوارپارچەی کوردستانەوە پێڕەو دەکرێ. رەنگە بە پێی دەرەتان و بابەتی سەرەکیی ئەم وتارە نەکرێ هەموو رەهەندەکانی ئەم سیاسەتە لە هەموو پارچەکانی کوردستان لێکبدەینەوە. بۆیە لێرەدا زیاتر جەخت دەکەینە سەر کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە لە لایەن داگیرکەری عێراق و تیشك دەخەینە سەر هێندێك بابەتی پێوەندیدار بەو رووداوەوە. لە راستیدا ئەم وتارە زیاتر هەوڵ دەدا سەرەڕای ئاماژەیەکی کورت بە کارەساتەکە، لێکدانەوەیەك بکا بۆ دوو رەهەندی دیکەی ئەم بابەتە واتە: عەقڵییەتی پاکتاوو لۆژیکی شۆڤێنییانەی بەعس وەك نموونەیەك لە عەقڵییەتی زاڵ بە سەر سیاسەتی داگیرکەرانی کوردستان و هەروەها هەڵوێستی هێندێك لەو نەتەوەو دەوڵەتانەی کە زۆرجار نووسەران و سیاسەتڤانانی ئێمە وەك براکانمان ناویان دێنن.

**کارەساتی کیمیابارنی هەڵەبجە:**

لە ١٦ی مارسی ١٩٨٨دا فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی رێژیمی بەعس بە پێچەوانەی هەموو یاساو پرەنسیپە نێونەتەوەییەکان و بە کەڵك وەرگرتن لە چەکی قەدەغەکراوی کیمیایی، بەخەستی بۆردمانی شاری هەڵەبجەیان کرد. فڕۆکەکانی بەعس بە رشتنی ٣ جۆرە گازی کوشندەی کیمیایی بە سەر خەڵکی بێتاوانی ئەم شارەدا کارەساتێکی مرۆییان خوڵقاند کە دەکرێ وەك بەشێك لە پرۆسەو سیاسەتی ژینۆسایدی نەتەوەی کورد لە لایەن داگیرکەری بەعسەوە بێتە ئەژمار. گەورەیی ئەم تاوانە دژەمرۆییەو قووڵیی ئەم برینە کاتێك زیاتر دەردەکەوێ کە بزانین لە کۆی ٧٠٠٠٠ کەسی حەشیمەتی هەڵەبجە لەو ساڵەدا ٥٠٠٠ کەس شەهیدو پتر لە ١٠٠٠٠ کەس بریندار بوون. هەروەها هەزاران کەسیش کە بەرەو شارەکانی دەوروبەر هەڵاتبوون لە لایەن هێزەکانی ئاسایشی رێژیمەوە قۆڵبەست و بێ سەروشوێن کران و ئەوەی دیکەش ئاوارەی ئێران بوون. بە شێوەیەك، کە شاندی پسپۆڕی زانکۆی جێنتی بێلژیکی کە لە ئاوریلی ١٩٨٨دا سەردانی هەڵەبجەی کردبوو، لە راپۆرتەکەی خۆیدا رایگەیاند کە: "تارمایی مەرگ باڵی بە سەر هەڵەبجەدا کێشا بوو. هیچ گیانلەبەرێکی تێدا نەدەبینراو بۆنێکی ناخۆش لە شارەکەدا بڵاو ببووەوە".

بەڵام ئەمە تەنیا دیوێکی ئەو کردەوە دژە مرۆییەی حکوومەتی عێراق واتە رووی بەرهەست و ئاماریی کارەساتەکەیە. دیوەکەی دیکە ئەو عەقڵییەتە فاشیستییەو ئەو روانگە شۆڤێنییەی حیزبی بەعس و دەسەڵاتدارانی عێراقە کە کارەساتی هەڵەبجەو ئەنفال و دەیان و سەدان کارەساتی دیکەی بەرهەم هێنا.

**عەقلیەتی پاکتاو:**

ئەگەر چاوێك لە بەرنامەو سیاسەتەکانی حکوومەتی بەعسی عێراق بکەین و لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی سیستمێکی فاشیستیدا بەراوردیان بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو رێژیمە خاوەنی کاراکتەرێکی تەواو فاشیستییە. کاریزماسازی رادیکاڵ و بە پیرۆز کردنی رێبەرو قسەو کردەوەکانی (زۆرجار فاشیزم بە ئایینی سیکۆلاری نوێ ناو دەبرێ)، پێکهێنانی ئێلیتی گوێڕایەڵی حیزبی وەك بازنەیەك لە دەوری رێبەردا، ئەندامگیریی بەربڵاو و بە زۆرو بە حیزبی کردنی کۆمەڵگە، پێکهێنانی کۆمەڵگەی مێگەل و رەشایی، مۆنۆپۆل کردنی سیستمەکانی پەروەردەو راگەیاندن لە خزمەت ئیدیۆلۆژیی حیزبدا، بە تاوان و خیانەت لە قەڵەم دانی هەر چەشنە جیاوازییەکی هزری و سیاسی و بڕوا هەبوون بە کەمینەی تاوانبارو خائین واتە پاکتاوی ناخودی، توندوتیژی و شەڕخوازی واتە سادیسمی سەرکەوتنی پەیتاپەیتای خوێناوی و دروست کردنی وەهمی هەرگیز نەدۆڕان (شکست ناپذیری) و دیماگۆژییەت لە سەرەکیترین تایبەتمەندییەکانی هەر سیستمێکی فاشیستین. کە هەموو یا زۆربەیان لە پێکهاتە، ئیدیۆلۆژی و پراکتیکی دەسەڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان بە گشتی و بە تایبەت لە حکوومەتی لە نێوچووی عێراقدا رەنگیان داوەتەوە. لە خۆیدا ئەم عەقلییەتە بەرهەمی شکست یا کۆمەڵێك شکستی نەتەوەیەك و هەست کردن بە سووکایەتی پێکراوی و چووکەکراوی (تحقیرشدن)یە کە دەبێتە گرێیەکی سایکۆلۆژیك و سادیسمێك کە بۆ دامرکانەوەی خۆی پێویستی بە شەڕی بەردەوام و سەرکەوتنی پەیتاپەیتا هەیە. ئەو خەڵکەی کە دۆڕانی پەیتاپەیتا بڕوا بەخۆبوونی لێ ئەستاندۆتەوە، گەورەیی و بوونی سەرفرازانەی خۆی لە کەسایەتیی رێبەری کاریزمادا دەبینێ بۆیە بە تەواوەتی تێیدا دەتوێتەوەو رێبەر بەرابەر دەبێ بە گەل و وڵات و ئیدیۆلۆژی و هەموو ژیانیان. کەوابوو بۆمان دەردەکەوێ کە ئیدیۆلۆژیگەلێکی وەك نازیزم، کەمالیزم و بەعسیزم خاوەنی چ عەقلییەتێکن و ئەو عەقلییەتانەش لە چ بەستێنێکەوە سەر هەڵدەدەن و کەسایەتیگەلێکی فاشیستی وەك هیتلەر، ئاتاتورك و سەدام بەرهەمی کام هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسین. ئەگەر نازیزم بەرهەمی شکستی ئەڵمان لە شەڕی یەکەمی جیهانی و کەمالیزمیش بەرهەمی شکستی عوسمانی لە هەمان شەڕو پارچەپارچە بوونی بوو، بەعسیزمیش دژکردەوەی هیستریکی ناسیونالیزمی سووکایەتی پێکراوی عەرەب بوو کە شەڕی ئیسراییلی دۆڕاندبوو. بۆیە (کەمالیزم و بەعسیزمی سادیستیش نەیارێکی لە کورد کەم دەسەڵاتتریان دەست نەدەکەوت کە گرێیە سایکۆلۆژیکەکانیانی بە سەردا بکەنەوە).

**هەڵوێستی براکانمان:**

زۆر جار دەستەواژەکانی "برا عەرەبەکانمان"، "برا فارسەکانمان" یا "برا تورکەکانمان" بەر گوێ کەوتووەو رەنگە بەشێکمان وەك راستییەك وەرمان گرتبێ. لێرەدا نامهەوی دەست بکەم بە بەڵگە هێنانەوە کە ئایا ئەوانە راستن یا نا. ناچمە سەر باسی ئەوەی کە براکانمان چەند جارو سەرەڕای کێشەکانی نێوان خۆیان بەڵام بۆ لێدان و سەرکوتی ئێمە یەکیان گرتووە. بەڵکوو تەنیا ئاماژە بە هەڵوێستیان دەکەم لەهەمبەر کۆکوژی و کارەساتە مرۆییەکەی هەڵەبجەدا. بۆ ئەم مەبەستەش تەنیا ئاماژە بە نموونەیەك دەکەم کە پێم وابێ دەربڕی هەموو راستییەکانەو خوێنەر لە کرۆکی باسەکە تێدەگەیەنێ. وەك دەزانین زۆرینەی نەتەوەی کورد موسوڵمانن و پتر لە یەك میلیارد برای ئایینیمان هەیە کە برا تورك و فارس و عەرەبەکانیشمان بەشێکیانن. کە کۆنفرانسی وڵاتانی ئیسلامیش دەگیردرێ هەموو براکانمان بەشدارن جگە لە خۆمان نەبێ کە براکانمان نایەڵن ببین بە خاوەنی دەوڵەت و بەشداریی تێدا بکەین. تەنیا چەند رۆژ دوای کارەساتەکەی هەڵەبجە کۆنفرانسی وڵاتانی ئیسلامی لە کوێت بەڕێوە چوو، وڵاتانی بەشدار پاش کۆتایی هاتنی کۆنفرانسەکە بڕیارنامەیەکیان پەسند کرد کە ئەم خاڵانەی لە خۆ دەگرت: پشتگیری خۆیان لە بزووتنەوەی فەلەستین دەربڕی و داوایان لە ئیسراییل کرد زەوییە داگیرکراوەکان چۆڵ بکا، هێرشی ئیسراییل بۆ سەر لوبنانیان پرۆتێستۆ کردو خوازیاری کشانەوەی هێزەکانیان لە باشووری ئەو وڵاتە بوون، لۆمەی دەستتێوەردانی یەکیەتیی سۆڤییەتیان لە ئەفغانستاندا کرد، خوازیاری کشانەوەی ئیسراییل لە بەرزاییەکانی گوڵان (جولان) بوون، دەسەڵاتی نژادپەرستانەی پرێتۆریایان لە باشووری ئەفریقا و نامیبیادا پرۆتێستۆ کرد، دەوڵەتی بولغارستانیان بە بۆنەی گۆڕینی ناوە تورکیەکان بە ناوی بولغاری پرۆتێستۆ کردو چەند بڕیارێکیتر. کەچی بەداخەوە براکانمان دەمیان بوو بە تەڵی تەقیوو تەنانەت بۆ تاقە جارێکیش باسی کوردە خنکاوەکانی دەشتی شارەزووریان نەکرد، نەك هەر برا بەشخۆرەکانمان تەنانەت برا مۆسوڵمانەکانی دیکەشمان لەو کۆنفرانسەدا باسی پێنج هەزار کوردی مۆسوڵمانیان نەکرد کە لە شاری هەڵەبجەدا شەهید کران. چونکە پێیان خۆش نەبوو دڵی سەددامی برایان بێشێ. چونکە ئەو برای حەقەو ئێمە لە زڕدایکەکەین، برایەتیی ئێمە تەنیا بە کەڵکی ئەوە دێ کە هەر بێدەنگ و کۆیلە بین. ئەگەر برا فارسەکانیشمان جاروبار شتێکیان لە سەر دەگوت و باسی کارەساتی هەڵەبجەیان دەکرد، ئەوە نە لەبەر خۆشەویستیی عەلی، بەڵکوو لە بۆغزی عومەردا بوو. واتە زۆر لە خەمی ئێمەدا نەبوون بەڵکوو بە دژی برا عەرەبەکانمان ئەوەیان دەکرد.

لە راستیدا ئەوان بەشێك لە کێشەکە بوون، سەددام تەنانەت لە دادگاشدا بۆ کیمیایی باران کردنی هەڵەبجە پاساوی هەبوونی پاسدارەکانی ئێرانی لەوێ دەهێنایەوە. کەوابوو ئەوان بۆ خۆیان یەکێك لە هۆکارەکانی ئەوکارەساتە بوون.

لە کاتێکدا کە براکانمان نەك هەر بە هانامانەوە نەدەهاتن بەڵکوو دەنگیشیان کپ دەکردین، وڵاتانی دیکەی جیهان وەك ئۆستراليا، ئیسراییل و... کە برای مۆسوڵمانیشمان نین و جاری واشە بە دوژمنیان دەزانین بە شێوەی جۆراوجۆر ئەو کارەیان پرۆتێستۆ کردو خوازیاری دادگایی کردنی بەڕێوەبەرانی ئەو تاوانە بوون. ئەمە ئەو خاڵەیە کە مرۆڤی کورد تووشی تێڕامان دەکات، رەنگە پێویست بێ برایەتی و دۆستایەتی و دوژمنایەتییەکانمان سەر لە نوێ پێناسە بکەینەوە.

**لە کاتێکدا کە براکانمان نەك هەر بە هانامانەوە نەدەهاتن بەڵکوو دەنگیشیان کپ دەکردین، وڵاتانی دیکەی جیهان وەك ئۆستراليا، ئیسراییل و... کە برای مۆسوڵمانیشمان نین و جاری واشە بە دوژمنیان دەزانین بە شێوەی جۆراوجۆر ئەو کارەیان پرۆتێستۆ کردو خوازیاری دادگایی کردنی بەڕێوەبەرانی ئەو تاوانە بوون. ئەمە ئەو خاڵەیە کە مرۆڤی کورد تووشی تێڕامان دەکات، رەنگە پێویست بێ برایەتی و دۆستایەتی و دوژمنایەتییەکانمان سەر لە نوێ پێناسە بکەینەوە.**

# میکانیزمی گونجاو، تەحریمێکی جیاوازە

ئارام

٢٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٨٨ ئەو رۆژەیە کە لەودا هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرکۆماریی ئێران بەڕێوە دەچێ و کۆماری ئیسلامییش جارێکی دیکە هەموو هەوڵ و تەقەلای خۆی دەخاتە گەڕ کە لەو هەڵبژاردنە "انتصابی" و کارتۆنیانە جگە لەوە کە کەسایەتی دەست نیشانکراوی خۆی بە شێوەیەکی سەردەمیانەو بە رواڵەت بە دەنگی خەڵك بە دەسەڵات بگەیەنێ، هاوکات هەوڵی ئەوەش دەدا کە بە راکێشانی خەڵك بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان رەوایی ئەو هەڵبژاردنانە لە ئاستێکی بەرزدا بە دنیای دەرەوە نیشان بدا.

هەر بەو مەبەستە باڵەکانی نێو سیستمی کۆماری ئیسلامی بە بنەماخوازو رێفۆرمخوازەوە زۆر زووترو بە شێوەیەکی بەرفراوانتر لە جاران خۆیان بۆ هەڤرکێی دەسکردی پروپاگەندەیی سازکردووەو لەو نێوەدا حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بە تایبەت حیزبە کوردستانییەکان و میدیای حیزبە کوردییەکان گرینگییەکی پتریان بەو هەڵبژاردنانە داوەو باس و خواسی جۆراوجۆری لێ کەوتۆتەوە.

خەڵکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان نزیکەی ١٥٪ی حەشیمەتی ئەو وڵاتە پێك دێنێ و ناتوانێ لە باری حەشیمەتەوە خاوەن ئەو قورساییە بێ کە ئاکامی هەڵبژاردنەکان بگۆڕێ، بەڵام خەڵکی کوردستان وەك جاران بەرەورووی دوو بژێرەی تەحریم یا بەشداری لە هەڵبژاردندا بۆتەوە.

دیارە نابێ حاشا لەو راستییەش بکرێ بە سەرنجدان بە بارودۆخی کوردستان و ئاستی بەرزی وشیاریی سیاسیی خەڵك لە کۆمەڵگەی کوردستان دا، نەتەوەی کورد تەنیا نەتەوەیەکە کە لە هەڵبژاردنەکان وەك گۆڕەپانێکی خەبات بە دژی ناوەند کەڵکی وەرگرتووە. واتا یا هەڵبژاردنەکانیان تەحریم کردوە یان زۆرینەی خەڵکی کوردستان هەڵوێستی پێچەوانەیان بە دژی "انتصابات" نادێموکراتییانەی حکوومەتی ناوەندی گرتووە. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە رێفراندۆمی ساڵی ٥٨ بکەین کە کوردەکان تەنیا نەتەوەیەك بوون کە بەشدارییان لەو رێفراندۆمەدا نەکردو ئێستاشی لەگەڵ دابێ ئەو هەڵبژاردنەیان وەك هەڵبژاردنێکی ئیستانداردو گونجاو لەگەڵ پێوەرە نێونەتەوەییەکان قەبووڵ نەکردوە، یا لە دوویەمین خولی سەرۆك کۆماریی رەفسنجانی، لە دوای کارەساتی میکۆنوس زۆربەی بەشداربووانی هەڵبژاردن لە کوردستان دەنگیان بە "ئەحمەد تەوەکولی" رەقیبی رەفسەنجانی دا.

> **چەندین ساڵ هەڵبژاردنی جۆراوجۆری بچووك و گەورە لە نێو سیستمی داخراوی کۆماری ئیسلامیدا جگە لە خولانەوە لەنێو بازنەیەکی بۆش، چیدیکەی بۆ کوردو نەتەوەکانی دیکەی ئێران پێ نەبووە**

بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد، کورد هیچکات لە باری حەشیمەتەوە ئەو وەزنە قورسە نەبووە کە بتوانێ لە ئاستی ئێران و دنیای دەرەوەدا لە هێندێك مەیدانی وەك هەڵبژاردن لە ئاستی سەرۆك کۆماری و پارلمان و... دا، قورسایی خۆی دەربخاو بتوانێ دەزگایەکی زەخت بێ بۆ سەر ناوەند یا ئەوەی کە لەو کاناڵەوە بۆ هێنانە گۆڕێی پرسی کورد لە دنیای دەرەوە کەڵك وەربگرێ.

چەندین ساڵ هەڵبژاردنی جۆراوجۆری بچووك و گەورە لە نێو سیستمی داخراوی کۆماری ئیسلامیدا جگە لە خولانەوە لەنێو بازنەیەکی بۆش، چیدیکەی بۆ کوردو نەتەوەکانی دیکەی ئێران پێ نەبووە. کۆماری ئیسلامییش جار لەگەڵ جار تاکتیکی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن و پاڵێوراوانی ئەو هەڤرکێ دەسکردە دەگۆڕێ و روخسارێکی نوێ بەو هەڵبژاردنانە دەبەخشێ و کۆمەڵێك سیما دەخاتە روو کە بە دروشم و ئاکارو بەڵێنەکانیان بۆ خەڵك جێگەی سەرنج بن و خەڵك بۆ بەشداری لەو هەڵبژاردنانەدا هان بدەن کە وەك نموونەی هەرە بەرچاوی ئەو راستییە دەتوانین ئاماژە بە شانۆگەریی ٢ی جۆزەردانی ٧٦ و هاتنە ئارای چەمك گەلی نوێی وەك "ئێران بۆ هەموو ئێرانییەکان" و "خەڵك سالاری" لە لایەن محەممەد خاتەمییەوە بکەین. خاتەمییەك کە بێ ئەوەی لە بارەی پرسی کورد لە ئێران مێشی لە بەردەم هەڵفڕیبێ لەپڕێك بوو بە شێخی رێفۆرم و چەپ و راستی کۆمەڵگەی کوردستانی رەگەڵ کەوت. خاتەمییەك کە رێفۆرمەکانی لە ئاستی ئێران و کوردستان دا بە سەرکوتی راپەڕینی ٣ی رەشەمەی ٧٧ و کوشتاری خەڵکی قارەمانی سنە دەست پێکردو بە کوشتوبڕی ١٨ی پووشپەڕی ٧٨ لە زانکۆی تاران درێژەی بە چاکسازییەکانی دا. هەر لە سەردەمی خاتەمیدا بوو کە کۆماری ئیسلامی بە کردنەوەی کەشێکی ئازادی مەجازی و دەسکرد زۆربەی کەسایەتی و چالاکانی سیاسی ناسیوو ژمارەیەکی زۆر لە باشترین نووسەران و چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکانی ئێران لە جەریانی کوشتنە زنجیرەییەکاندا لەنێو برد. دوایین رۆژەکانی سەرۆك کۆماریی خاتەمییش هاوکات بوو لەگەڵ سەرکوتی راپەڕینی سەرانسەریی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان، کە بە کوشتاری لاوانی کورد کۆتایی پێهات. کاتێك ئەوە کارنامەی کەسێك بێ کە لە ئاستی دنیای دەرەوە باس لە وتووێژی ژیارو شارستانییەتەکان دەکا، تۆ بڵێی ئەحمەدی نژادو میرحسێن موسەوی و کەرووبی و... چی بۆ خەڵکی کوردستان بە دیاری بێنن؟ هەر بۆیە پێم وایە کە باشترین بژێرە وەك هەڵوێستی خەڵکی کورد لە هەمبەر ئەو هەڵبژاردنانەدا تەحریمی هەڵبژاردنەکانە هەرچەند لەو بوارەشدا هێندێك کێشە هەیە کە بە چارەسەرەوە بە کورتی باسیان لێدەکەین.

> **خاتەمییەك کە رێفۆرمەکانی لە ئاستی ئێران و کوردستان دا بە سەرکوتی راپەڕینی ٣ی رەشەمەی ٧٧ و کوشتاری خەڵکی قارەمانی سنە دەست پێکردو بە کوشتوبڕی ١٨ی پووشپەڕی ٧٨ لە زانکۆی تاران درێژەی بە چاکسازییەکانی دا**

بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی فەرمیی (مووچەخۆران)ی کوردستان بۆ (پاراستنی پیشەکەیان) و لە رووی ناچارییەوە بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا دەکەن. ئەو کێشەیە بۆ زۆربەی قوتابیان و خوێندکارانی زانکۆکانیش لە ئارادایە. هەروەها بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی نەریتیی کوردستان لە رێگەی هەڕەشە و تەماع وەبەرنان لەو هەڵبژاردنانەدا بەشدار دەبن و دەبنە خۆراکی پروپاگەندەیی رێژیم لە کوردستان. هەربۆیە پێویستە حیزبە کوردییەکان لە ئێستاوە لە رێگەی راگەیاندن و رێکخستن و کاناڵە جۆراوجۆرەکانی دیکەوە وێڕای دەربڕینی روونی هەڵوێستی خۆیان سەبارەت بەو هەڵبژاردنانە، هەوڵی زەمینە خۆشکردن بۆ تەحریمێکی کاریگەر لە رۆژی ٢٢ی جۆزەرداندا بدەن. چونکە ئەو خەڵك و حیزبانەی کە ٢٥ ساڵ لەوە پێش دەنگیان بە رووخانی کۆماری ئیسلامی داوە، ئەگەر ئێستا هەڵبژاردنەکان تەحریم نەکەن، بڵێی کۆماری ئیسلامی دوای زیاتر لە چارەگە سەدەیەك کام یەك لە داخوازەکانیان وەدی بێنێ؟

پارت و لایەنە سیاسییە کوردییەکان لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامییەوە تا ئێستا بە ناسینی شوناسی راستەقینەی کۆماری ئیسلامی بەردەوام هەڵبژاردنەکانیان تەحریم کردوە، بەڵام تەحریمی یەك لایەنەی حیزبەکان تائێستا دەسکەوتێکی ئەوتۆی بە دەستەوە نەداوە، بەڵام تەحریمی تایبەت بەو خولە لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی دەبێ لەگەڵ تەحریمەکانی پێشوو جیاواز بێ و بتوانێ وەك میکانیزمێکی گونجاو بە هاوئاهەنگی لەگەڵ توێژە رووناکبیرو سیاسییەکانی کوردستان لە نێوخۆی وڵات ئاکامێکی جیاوازو ئەرێنیی بە نیسبەت زۆربەی تەحریمە پاسیڤەکانی پێشوو هەبێ.

## پەیڤ

# فێمێنیزم و بزووتنەوەی چێشت لێنان

مادێح ئەحمەدی

فیمینیزم وەك بزووتنەوەیەك لە جیهاندا خاوەن پێناسەو تایبەتمەندی خۆیەتی. بنەما سەرەکی‌یەکانی بزووتنەوەی ژنان لە سەر هەوڵدان بۆ بەرابەری و یەکسانیی نێوان ژن و پیاو لە بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، کلتووری و...هتددا بنیات نراوە. لە سەر ئەم بنەمایە ژنان لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا هەوڵیان داوە بە مافەکانی خۆیان بگەن و بەشداری لە گۆڕانەکان و بەڕێوەبەری کۆمەڵگادا بکەن. لە هەر کام لە وڵاتانیشدا رادەی بەرەو پێش چوونی ئەم بزووتنەوەیە جیاوازە و خاڵی لاوازو بە هێزی تایبەت بە خۆی هەیە. لە وڵاتانی پێشکەوتوودا ژنان لە سەر دەستی توانایی مەعریفی و زانستی و وشیاریی خۆیان، توانیویانە لە بیاڤە جۆراوجۆرەکاندا دزە بکەن و شوێندانەرو تەنانەت دیاریکەریش بن. بۆیە دەکرێ بڵێین لەم وڵاتانەدا بەستێنی پێشکەوتنی ژنان، بەستێنێك بووە کەخودی ژنان خوڵقێنەری بوون و لەم سۆنگەیەوە توانیویانە سەرکەوتنی خۆیان دەستەبەر بکەن.

لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا ئەم بەرەوپێش چوونە لە بزووتنەوەی ژناندا بە تەواوەتی بە پێچەوانەی ئەو گەشە کردنە بووە کە لە وڵاتانی پێشکەوتوو و رۆژئاوا بزووتنەوەی ژنان بە خۆیەوە بینیوە. بزووتنەوەی ژنان لە وڵاتانی جیهانی سێیەم زۆرتر کەوتووەتە ژێر کاریگەری ویستی پیاوان. بۆیە ژنان لە ئاکامدا بڕیار لە سەر ماف، ویست و چارەنووس خۆیان نادەن.

لە کوردستاندا بزووتنەوەیەك بە ناوی بزووتنەوەی ژنان، لە سەر بنەمای هەوڵدان بۆ یەکسانیی نێوان ژن و پیاو لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا بە مانای راستەقینە نیە. ئەوەی لە کوردستاندا دەبینرێ و ژنان هەوڵی بۆ دەدەن زیاتر دەچێتە چوارچێوەی هەوڵێکەوە بۆ خۆ نواندن و ژێستێکی بێ‌نێوەرۆکە. دیارە پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێ کە لەم مەیدانەدا کۆمەڵێك ژن کە ژمارەیان لە قامکی دەست تێناپەڕێ هەن کە بە مانای راستەقینە چالاکن، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی ژمارەیان کەمە هێشتا نەیانتوانیوە ژنانی کورد لەم قۆناغە دەرباز بکەن.

مەبەستی ئەم کورتە نووسینە ئەوە نیە کە بە تەواوەتی هەوڵ و چالاکیی ژنان لەبەر چاو نەگرێ و ئەوەش روونە کە لە نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان(بەتایبەت) کۆمەڵێك ژن لە بواری مافەکانی خۆیاندا چالاکن و تەنانەت تا ئاستی زیندان و ئەشکەنجەو... تێچووی ئەم رێگەیان داوەو بەردەوامن. ئەوەی لێرە مەبەستە، رەخنە گرتنە لە شێوە روانینی حیزبەکان بەرانبەر بە بزووتنەوەی ژنان و ئەو رێکخراوە کارتۆنیانەی کە لەو پێناوەدا لە لایەن حیزبەکانەوە دامەزراون.

١ـ لە قۆناغی یەکەمدا دامەزراندنی رێکخراوی تایبەت بە ژنان لە لایەن حیزبەکانەوە بە مەبەستی دابین بوونی یەکسانیی نێوان ژن و پیاو لە بوارە جیاوازەکاندا نیە، بەڵکوو مەبەست راکێشانی سەرنج و دەنگی ژنان بەرەو لای خۆیان، چونکە ژنان رێژەی هەرە زۆری کۆمەڵگە پێك دێنن. واتە لێرە ژنان بە بێ ئەوەی بیانهەوێ نائاگایانە لە ژێر سێبەری پیاوان دان و خزمەت بە هەمان پیاو سالاری دەکەن و خۆیان دەبنە هۆی زیاتر چەوسانەوە و پێشێل بوونی مافەکانیان.

٢ـ دامەزراندنی رێکخراوی ژنان لە لایەن حیزبەکانەوە، بە مەبەستی بەشداریکردنی ژنان لە دەسەڵات و بەڕێوەبەریی کۆمەڵگەدا نیە، بەڵکوو کەڵك وەرگرتنی ئامرازییە لە ژنان بۆ راکێشانی سەرنجی ئەملاو ئەو لا بەرەو لای خۆیان. چونکە لە رووی سوسیۆلۆژی و سایکۆلۆژییەوە، سروشتییە کە سیمای ژن بۆ راکێشانی سەرنج زیاتر کاریگەرە تا پیاو.

٣ـ حیزبەکان بە تێبینی"هەڵاواردنی پۆزەتیڤ" و هێنانی ژنان بۆ ریزی رێبەری، نە تەنیا خزمەتیان بە ژنان نەکردوە، بەڵکوو ئەوەندەی دیکە تەعبیر لە زەبوونی و کلۆڵیی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا دەکەن و راست ئەوە دەسەلمێنن کە ژنانی ئێمە بۆ خۆیان ناتوانن بگەنە ئەو ئاستە کە لەسەر بنەمای توانایی مەعریفی‌و سیاسی خۆیان ئەو پێگەیە پەیدا بکەن و ئەوە پیاوە ئەو پێگەیەیان پێ دەبەخشێ. لێرەوەیە کە ژن ناتوانێ خاوەن ئیرادە و بڕیاری خۆی بێ.

٤ـ ئەو رێکخراوە کارتۆنییانە کە حیزبەکان بۆ ژنانیان داناوە، بە تەواوەتی دابڕاوەن لەو راستییەی کە پێی دەڵێن بزووتنەوەی ژنان و هەوڵ و کارەکانیان لە سنووری کەمپەکان ناترازێ. ئەوەشی کە لە کەمپەکاندا خۆی پێوە سەر قاڵ دەکا، هیچ پشتیوانییەکی فیکری و پەروەردەیی لە پشت نیە و کۆمەڵێك کاری تەفریحین کە گەورەترین خەسارە بۆ بزووتنەوەی ژنانی کورد. چونکە چالاکی و کاری ژنان لە چوارچێوەی رێکخراوێکی چێشت لێنانی و پێشبڕکێ کردن لەو بوارەدا نیە.

٥ـ ئەو رێکخراوە کارتۆنیانەی کە بۆ ژنان دامەزراون تەنیا لە بۆنەکاندا مافی ژنانیان وەبیر دێتەوە، کە ئەویش لە پراکتیکدا خۆیان پێشێلی دەکەن و ئەو پەڕی سووکایەتی بە خۆیان دەکەن. بە جێ ئەوەی بێن خوێندنەوە لە کێشەی ژنان و چۆنیەتیی بەرەو پێشبردن و ... بکەن. ئەوپەڕی رێورەسمێکی سادە ساز دەکەن و کۆمەڵێك دروشم دەڵێنەوە. یا ئەوەیکە پێشبڕکیی چێشت لێنان ساز دەکەن، بەڵکوو پێیان بڵێین:" رەبێ دەست و چاوت خۆش بۆ چێشتی کە سازت کردوە."

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە ئەم رێکخراوە کارتۆنییانە کە زیارتر لە دوکانێکی رووت‌و قووت دەچن، گەورەترین خەسارن بۆ سەر بزووتنەوەی ژنان و حیزبەکان دەبێ لێگەڕێن کە ژنان بۆ خۆیان ببنە شت و ژنانیش لەسەر ئاستی توانایی سیاسی، زانستی‌و مەعریفی خۆیان بچنە پێشێ‌و بە تەمای ئەوە نەبن بەشکوو لە لایەن پیاوانەوە لوتفێکیان پێ بکرێ.

بە گشتی سەرکەوتنی ژنانی کورد بەستراوە بەوەوە کە تا چەند لە سەر دەستی توانایی مەعریفی و زانستی و سیاسیی خۆیان دەتوانن پێش بکەون و ببنە بزووتنەوەیەکی راستەقینە.

# بنچینەکانی رۆژئاواناسی

یان بوروما * و . بۆ فارسی: عەلی محەممەد تەباتەبایی بەشی دووەم و کۆتایی و. بۆ کوردی: میران کۆچەر

واتە کاتێك کە پاکداوێنی یا رەسەنایەتی یان بڕوا یان نژاد پاککردنەوەو پاڵاوتنی ئەوەی لێبکەوێتەوە کە بە رواڵەت نارەسەنە یان ئیدیعا دەکرێ نارەسەنە، ئەو کاتەیە کە کوشتاری بەکۆمەڵ دەست پێدەکا.

ئەم راستییە کە بزووتنەوە دژەسەهیونیزمو دژە جوولەکە زۆرتر بە دوژمنایەتیی رۆژئاوا لە قەڵم دەدرێ بە دڵنیاییەوە نابێ شتێکی بەهەڵکەوت بێ. تەنانەت لە ژاپۆن، واتە ئەو جێگەیەی کە جوولەکەکان لەوێ هیچ نەخشێکیان لە ژیانی نەتەوەیی‌دا نەبوو یەکێك لە بەشداربووانی کۆنفرانسی بەناوبانگی ١٩٤٢ پێشنیار دەکا کە شەڕ دژی رۆژئاوا شەڕێکە بەرامبەر "شارستانەتیی ماددەگەرای زیانبار" کە لەسەر هێزی سەرمایەداریو ماڵیی جوولەکەکان دروست بووە. لەهەمان کات دا ئوروپاییە دژە جوولەکەکان - دیارە نەتەنیا هەر لە ئاڵمانی نازی- جوولەکەکانیان لەبەر بولشویست بوون بە خەتابار دەزانیو سەرکۆنەیان دەکردن.

بەڵام بولشویسمو سەرمایەداری لەم چەمکەدا کە سنووری نەتەوەیی، نژادی یا فەرهەنگییەکان گرنگیی پێنادرێ، سیستم گەلێکی جیهانداگرن. لەوڕا کە جوولەکەکان بە شێوەیەکی نەریتی بە هۆی داکۆکیکارانی پاکداوێنیو پاکی بە زگماك بێگانە لە قەڵەم دەدران، واتە هەر لەسەرەتاوە "جیهان نیشتمانخوازی بێریشە"ن. کەواتە سەیر نیە وەك هەڵگرانی سەرەکیی ویرووسی جیهانخوازی چاویان لێبکرێ. بێ گومان جوولەکەکان بەڵگەی پشت ڕاستیان بوو بۆ ئەوەی لە چەمکەکانی وەك یەکسانی لە بارەگای یاسا، بیروڕای سیاسیی سیکولارو ئەنترناسیونالیسم نزیك ببنەوە، ئەوەش لە رەگەزە سوسیالیستییەکەی بێ یان کاپیتالیستییەکەی بێهاوتا بوون چ نژادی بێ یا ئایینی یا نەتەوەیی هەرگیز بۆ کەمایەتییەکان شتێکی باش نیە. تەنیا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بوو کە جوولەکەکان شێوەی تایبەت بە خۆیان لە نەتەوەو بێهاوتایی بوونیان داهێنا. بەڵام سەهیۆنیسم لە رۆژئاواوە هات. هەروەها ئیسرائیل لە روانگەی دوژمنەکانیەوە بە پێگەی کلۆنیالیستی "رۆژئاواچێتی" لەقەڵەم دەدرێ. سەرکەوتنی ماددیی ئیسرائیل تەنیا واتای زەبوونیی مێژوویی عەرەبی زیاد کرد. هەرچەند ئەو وێنایە کە جوولەکەکان بێ دەروونن یا لاسایی‌کەری بێرۆحن زۆر کۆنترە لە دامەزرانی دەوڵەتی ئیسرائیل. ئەمە یەکێك لە باوترین تۆمەتە دژە جوولەکەکان بوو کە بە هۆی رێچارد واگنێرەوە بەکار هێنرا. ئەو نە یەکەم کەس بوو کە ئەو کارەی کردو دیارە تۆمەتێکی نوێشی بەکار نەهێنابوو. کارۆل مارکس بۆخۆی کە کوڕە گەورەی خاخامێك بوو، جوولەکەکانی بە کۆمەڵە مشەخۆرێکی چاوچنۆك دادەنا کە رۆحیان لە رەگەزی پارە بوو. هەر ئەم جۆرە قسانە زۆربەی ئوروپاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم سەبارەت بە ئینگلیسییەکان بەکاریان دێنا. تیۆردۆر فانتین نووسەری گەورەی پرووسی کە تا رادەیەك پەسن وێژی ئینگلیس بوو گوتوویەتی، ئایینی گوێرەکەی زێڕین "نەخۆشیی خەڵکی ئینگلیسە". ئەو لەم بارەیەوە بەم ئاکامە گەیشتبوو کە کۆمەڵگەی ئینگلیسی بە هۆی "ئەم تا زەردە زێڕینەو ئەم فرۆشتنی رۆح بە ماڵی دنیایە" سەرنجام لەنێو دەچێ. ئەمڕۆکەش ئەم جۆرە قسانە سەبارەت بە ئەمریکاییەکان دەکرێ. هەڵسەنگاندنو بەراورد کردن - واتە راگرتنی حیسابی پارەکان، بەرژەوەندیو بەڵگە زانستییەکانو شتی لەم جۆرە - وەك شتی بێرۆح دادەنرێو بڕوا ئەوەیە کە رەسەنایەتی لە شێعر، سروش چارەنووسی کوێر دایە. لە روانگەی رۆژئاواناسانەوە، کۆمەڵگەی رۆژئاوایی وەك کۆمەڵگەیەکی بورژوا، یەخسیری ئامرازەکانی ئاسوودەیی، هەوەسە ئاژەڵییەکان، بەرژەوەندییە تاکەکەسی‌یەکانو هێمنایەتی وێنا دەکرێ. ئەمە کۆمەڵگەیەکە پێکهاتبوو لە ترسەنۆکەکان، ژیان زۆر بەبایەختر دەزانن لە مردن. هەروەك یەکێك لە شەڕکەرەکانی تالیبان لە شەڕی ئەفغانستان دا گوتبووی، ئەمریکاییەکان هەرگیز سەرناکەون چونکە ئەوان ئۆگری کۆکاکۆلان لە حاڵێك دا خەباتکارە پیرۆزەکان ئەوینداری مردنن. ئەمە دیارە هەمان گوتاری فاشیستە ئیسپانییەکان لە شەڕی نێوخۆیی داو ئیدیۆلۆگەکانی نازیو فرۆکەوانە خۆکوژە ژاپۆنیەکانە. قارەمان واتەکەسێك کە بەبێ هەڵسەنگاندنی بەرژەوەندییەکانی خۆی کار بکا. ئەو بەبێ سەرنجدان بە بە هێمنایەتیی خۆی کار دەکا، هەردەم ئامادەیە گیانی بۆ ئامانجەکەی ببەخشێ. قارەمانی رۆژئاواناسانە، چ نازییەك بێ یان ئیسلامگەرایەك بە یەك رادە ئامادەن بۆ لەنێوبردنی ئەوانەی کە پەڵەیان لە پاکداوێنیو نژاد یان ئایین خستوە. لە راستی‌دا ئەو ئەرکی ئەوەیە کە ئاوها بکا. کاتێك کە رۆژئاوا بە مەترسییەك بۆ سەر رەسەنایەتی بژمێردرێ، کەواتە ئەرکی سەرشانی هەموو قارەمانێکی پیرۆزە کە هەر شتێك پێوەندی بە "سەهیۆنیستە خاچییەکان"ەوە هەبێ لەنێو بەرن، جا ئەوە "ناو"ێکی شەڕکەری ئەمریکا بێ یان باڵوێزخانەی ئینگلیس، یان گۆڕستانی جوولەکەکان، یان بەشێکی گەورە لە مەنهەتەن، یان دیسکۆیەکێك لە "بابی". بایەخە سیمبولیکەکانی ئەم هێرشانە لانیکەم بەرادەی زیانە دروست بووەکان گرنگیی هەیە. کەواتە چ شتێك سەبارەت بە شەڕی پیرۆزی ئیسلامخوازەکان لە بەرانبەر رۆژئاوادا نوێیە؟ رەنگە ئەوە کۆی بۆچوونی ئەوان بێ. ئیسلامخوازی وەك دەرمانی رۆژئاواچێتی، ئاوێتەیەکی کۆنە لە جیهانیبوونو بێغەلو غەش بوون. جیهانی بوون چونکە هەموو مرۆڤەکان دەتوانن - و لە روانگەی موئمینەکانەوە دەبێ- ببنە موسولمانی توندڕەو، پاك لەبەر ئەوەی کە هەرکەس وڵامی نا بەم بانگەوازە بداتەوە تەنیا رۆحێکی لەدەست چوو نیە، بەڵکوو تاکێکی بێ شارستانەتییە کە دەبێ لەسەر زەوی بسڕدرێتەوە. هیتلێر دەیهەویست جوولەکەکان ریشەکێش بکا، بەڵام بە چاوی دوژمنەوە نەیدەڕوانیە هەموو رۆژئاوا. لەراستی‌دا ئەو بە شوێن یەکیەتییەوە بوو لەگەڵ بریتانیاو نەتەوە "ئارییی"یەکانی دیکەداو کاتێك کە بۆچوونەکانی کڕیاری نەبوو هەستی بەوە کرد خیانەتی پێکراوە. لایەنگرانی ستالینو مائۆئیستەکان دوژمنە چینایەتییەکانی خۆیان لەنێودەبردو لە دژی سەرمایەداری خەباتیان دەکرد. بەڵام ئەوان هەرگیز جیهانی رۆژئاوایان بە شتێکی کەمتر مرۆیی‌و شتێك کە دەبێ لەسەر زەوی بسڕدرێتەوەو لەنێو بچێ، دانەدەنا. سوپاچیەکانی ژاپۆن شەڕیان لەگەڵ ئیمپراتۆریی رۆژئاوا دەست پێکرد، بەڵام هەرشتێکی شارستانەتیی رۆژئاوایان بە شارستانەتیی- وەحشییەکانو بەربەرەکان دادەنا. پشکی ئیسلامخوازەکان لە مێژووی دوورو درێژی رۆژئاواناسی‌دا بریتییە لە روانینێکی ئایینی بۆ رەسەنایەتیو پاکداوێنی کە بە پێی ئەو رۆژئاوای بتپەرست، هەرچۆنێك بێ دەبێ لەنێوببردرێ. پەرستنی خوا جێگرەوەکان لە ئیسلامدا خراپترین گوناهەو هەروەها لە ئایینی جوولەکەی کۆنیشدا. رۆژئاوا، بەو شێوەیەی ئیسلامگەراکان لێی تێگەیشتوون، خوا جێگرەوەکان، پارە، سێکسو هەوسەکانی دیکە دەپەرستن. لە جیهانی دڕندەو بێ فەرهەنگی رۆژئاواییەکاندا بیروباوەڕو یاساو مەیلە مرۆییەکان جێگەی پاشایەتیی خودایان گرتۆتەوە. وشەی شیاوی ئەوان بۆ دۆخێکی ئاوا نەزانییە ("جاهلیت") کە دەتوانێ بە واتای بتپەرستی، نەزانیی ئایینی یا بەربەرییەتو بێئاگایی بێ. وشەی "جاهلیت" سەبارەت بە عەرەبەکانی بەر لە ئیسلام بە واتای نەزانی بەکار هاتوە: ئەو مرۆڤانەی کە خوداگەلی دیکەیان دەپەرست چونکە خودایەکی دیکەیان نەدەناسی. بەڵام"جاهلیت"ی نوێ چەمکێکە لە بێ‌شارستانەتیو بەربەرییەت کە دەتوانێ هەر شتێکو لە هەر جێگەیەك بێ لە لاسوگاسو والسترینەوە تا کۆشکەکانی ریاز. بۆ ئیسلامخوازێك، هەر شتێك کە رەسەنو بێ غەش نەبێو سەربە پاشایەتی خوا نەبێ بە مانای تەواوی وشە "جهالت"ەودەبێ لەنێو بچێ.

راست هەروەك کە دوژمنە سەرەکییەکانی ئیسلاووفیل و رووسیەکان، رۆژئاواخوازە رووسیەکان بوون، نزیکترین ئامانجەکانی ئیسلامخوازەکانیش لیبراڵەکان، ریفورمخوازەکانو دەسەڵاتدارە سیکولارەکانی کۆمەڵگەکەیانن. ئەو پەڵەی شوورەییانە جیددین دەبێ بشۆرێتەوە، بەڵام سەرچاوەی بەربەریەتێك کە پرێنسەکانی سعوودیو رووناکبیرانی ئەلجەزایریی لارێ کردوە هەر ئەوەیە کە بۆتە هۆی لارێ بوونی سۆزانیو گەوادە نیۆیۆرکییەکان، واتە خودی رۆژئاوا (ئەوسا لە روانگەیەکەوە هەموو بێدینەکان تاکێك نین بێجگە لە سۆزانیو گەواد). هۆکاری سەرەکیی جاڕدانی شەڕی پیرۆزیش دژی رۆژئاوا هەر ئەوەیە. لەوڕا کە ئامانجی خەباتکارانی پیرۆز تا ئەو رادەیە گەورەیە، زانینی ئەوە کە چۆن دەبێ لە بەرانبەر ئەواندا بەرگری بکرێ کارێکی ساکار نیە، بەڵام لەوە کە شەڕ دژی عێراق کاریگەرترین رێگەی خەبات لەگەڵ ئیسلامخوازە جیهادییەکانە ناتوانین هەروا زوو تێبگەین. رێژیمی بەعسی سەددام حسێن دێکتاتۆرییەکی جینایەتکار بوو کە هەقی خۆی بوو کۆتایی پێبهێندرێ، بەڵام لەگەڵ ئەو شۆڕشە پیرۆزەدا لە رێبازێك دا نەبوو. هیچ جۆرە بەڵگەیەك کە نیشان بدا سەددام مەیلی لەنێوبردنی رۆژئاوای هەبێ بە دەستەوە نیە. بەڵام ئۆسامە بن لادن - بە راشکاوی ئەوەی دەویستو ئێستاش بۆ بەڕێوەبردنی پلانەکانی ئازادە. رەنگە هێرش بۆ سەر عێراق لە زۆر لایەنەوە جێگەی خۆشحاڵی بێ، بەڵام ئەم کارە بەرەنگاری لەبەرانبەر شۆڕشی ئیسلامیی دژوارتر کردوە. بە هۆی کردەوە سوپاییە شەڕخوازەکانی ئەمریکا ئێستا موسوڵمانە میانەڕۆیەکان لە هەموو جێگەیەك ناچار بوون بێدەنگ بن، واتە لەترسی ئەوەی کە وەك خائین یان تەنانەت خراپتر لەوەش بت پەرستانی بەربەر چاویان لێبکرێ. هەروەك کە پرێزیدێنت بووش بە دژوارییەکی تەواوەوە روونی دەکاتەوە شەڕ لەگەڵ تیرۆریسم شەڕ دژی ئیسلام یان ئایینێك نیە. هەوڵی توندوتیژانە بۆ سەپاندنی سیکۆلاریزم بە سەر کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا لە رابردوودا هاندەرێك بووە بۆ گرفتی توندڕۆیە ئاینییەکانو ئێستاش نابێ وەك رێگەچارەیەك چاوی لێ بکرێ. پێکهاتنی دەمارگیری لەم وڵاتانەدا تا رادەیەك پەرچەکردارێك بوو لە بەرانبەر سیکولاریسمی شەڕخوازو پەلاماردەرێکی وەك رەزاشا لە ئێران لە دەیەی ٣٠ی سەدەی بیستەمدا. ئەگەر بڕیار وایە لە جیهانی ئیسلامی‌دا ئازادییەکان لە رێگەی دەوڵەتێکی یاساییەوە دابین بکرێن دەبێ لەم بارەیەوە ئایین سەرنجی پێویستی پێبدرێ. باشترین شانس بۆ سەرکەوتنی دیموکراسی لە دەوڵەتە جۆراوجۆرەکانی وەك ئەندونێزی، تورکیەو عێراق کاتێك دەست دەکەوێ کە موسوڵمانە میانەڕۆیەکان بتوانن بە سەرکەوتوویی بڕۆنە پێشەوەو رێك بخرێن. بەڵام ئەم بزووتنەوانە دەبێ لە دەروونی خودی ئەم وڵاتانەوە پێك بێن. تەنانەت لەگەڵ ئەوەی کە دەوڵەتە رۆژئاواییەکان دەبێ پشتیوانی لە هێزە داکۆکیکارەکانی دێموکراسی لەو وڵاتانەدا بکەن، بەڵام خەباتێکی سیاسیی زۆر دژوار کە لە پێش دایە ناتوانێ لە واشنگتۆن یان لە رێگای سوپای ئەمریکاوە سەرکەوێ. ئێمە لە رۆژئاوا دەبێ بەرگری لە ئازادییەکانمان بکەین لە بەرانبەر خەباتکارانی ئایینی‌دا کە تەواوی هەوڵیان لەنێوبردنی ئەوە. بەڵام دەبێ وریا بین بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە تەشوێ لە ریشەی ئازادی نەدەین. لە پێکهێنانی هاوسەنگی لە نێوان هێمنایەتیو ئازادییە مەدەنییەکاندا، نابێ دووهەمییان بکەینە قوربانی. ئێمە هەروەها دەبێ لە بەرانبەر کەڵکەڵەی وڵامدانەوەی ئاگر بە ئاگر ددان بە خۆماندا بگرین، واتە خەبات لەگەڵ ئیسلامگەراکان بە شێوازی دوور لە لێبوردەیی ئەوان. ئەم فکرە کە ئێمە بە ناوی مەسیحیەتەوە لەگەڵ ئیسلامگەرایی شەڕ دەکەین، هەروەك هێندێك لە دەمار گرژەکان وابیر دەکەنەوە - هەڵەیەکی کوشندەیە، چونکە ئەمە راست بە واتای بە راست دانانی روانگەی دووانە خوازانەی ئەوانەیە کە هەوڵ دەدەن ئێمە شکست بدەن. نابێ رێگە بەو موسڵمانانەی لە رۆژئاوا دەژین بدرێ کە بە شەڕی پیرۆز دژی رۆژئاوا پێوەست بن. بەڵام دەبێ رێز لە مافەکانی ئەوان وەك تاکەکانی ئوروپایی یان ئەمریکایی بگیرێ. مانەوەی ئازادییەکانی ئێمە بەستراوەتەوە بە ئامادەیی ئێمە بۆ بەرگری لەوان لە بەرامبەر دوژمنی دەرەکی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەڵکەڵەی رێبەرانی خۆمان بۆ کەڵك وەرگرتن لە ترسەکانمان لە پێناوی لەنێوبردنی ئازادییەکانمان دا.

(*) یان بوروما مامۆستای مافی مرۆڤو دێمۆکراسیو موتالای راگەیەنە نوێیەکان لە Bard Callegeو یەکێك لە وتارنووسە هەمیشەییەکانی بەشی رەخنەی کتێب لە بڵاوکراوەی نیۆیورکێرە. ئەو لەگەڵ ئاویشا مارگالیت کە مامۆستایە لە زانکۆی هیبرۆ لە ئورشەلیم کتێبێکی نووسیوە بە ناوی "رۆژئاواناسی لە روانگەی دوژمنانیەوە" کە لەلایەن چاپەمەنیی پنگۆئینەوە بڵاودەکرێتەوە.

## پێشەنگانی هزری دێمۆکراسی

ن: حوسێن بەشیریە
و. بۆ کوردی: ئامانج

(٥)

مونتسکیو(١٧٥٥ـ ١٦٨٩)

شارلی لویی مونتسکیو تێورسییەنی فەرەنسی، هزری جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی حکوومەتی لە کتێبە بە ناوبانگەکەی خۆی دا" روحی یاساکان " (١٧٤٨) هێنایە گۆڕێ. مونتسکیو لەو کتێبە دا سێ بەڵگەندنی کرد: یەکەم ئەمە کە پۆلێنکاریی کلاسیکی رێژیمە سیاسییەکان بە مونارشی، ئەرسیتوکراسی و دێموکراسی روون نیە، بەڵکوو دەبێ رێژیمەکان بە مونارش، سەرەڕۆیی و کۆماری (دێموکراتێك یان خانەدانی ) پۆلێن بکرێن. ئەم پۆلێنکارییە لە سەر بنەمای هەرکام لەم رێژیمانە پێك هاتوە کە بریتین لە : شانازیخوازی (بنەمای مونارشی )، ترس (بنەمای سەرەڕۆیی ) و فەزیلەتی مەدەنی (بنەمای کۆمار) . بنەماکانی هەر رێژیمێك ئامرازە حکوومەتییەکانی تایبەت بەو رێژیمە دیاری دەکەن. دووەم ئەمە کە حکوومەتە هاوسەنگ و میانەڕۆیەکان ئەوانەی کە لە نێوان سێ دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی ، قانووندانان و داورەی دا دابەشکاری هاوسەنگی دروست دەکەن. ئازادی بە دابەشکاریی دەسەڵاتەکانەوە بەستراوەتەوە. هەرکام لە سێ دەسەڵاتەکە دەبێ بەهۆی دامەزراوەی سەربەخۆوە بەڕێوە ببردرێن و نوێنەریان کۆمەڵێکی جیاواز بێ. دەبێ رێوشوێنە خانەدانییەکان چاوەدێری دەسەڵات و کردەوەکانی جەماوەری خەڵك بن و خەڵکیش دەبێ دەسەڵاتی چاوەدێری کردن بە سەر خانەدانەکانیان هەبێ . هەروەها دابەشکاری و هاوسەنگیی دەسەڵاتەکان پێویستیی بە بوونی دامەزراوەو رێکخراوگەلی مەدەنی هەیە کە لە نێوان حکوومەتو تاك دا هەڵکەوتوون، وەك کلێسا، ئەنجومەنە پیشەییەکان. هاوسەنگیی دەسەڵاتەکان لە ئاستی نەتەوەیی دا دەبێتە هۆی دابین بوونی ئازادیو لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا دەبێتە هۆی مسۆگەر بوونی تەناهی.

سێیەم ئەمە کە بۆچوونی مونتسکیو، هەڵسوکەوتو کرداری تاکەکانو حکوومەتەکان لە هەر کۆمەڵگەیەك دا تەنیا بە هۆی رێوشوێنو قانوونەکانەوە دیاری ناکرێ، بەڵکوو گرێدراوی کۆمەڵە هۆکارێکی ئاڵۆزی وەك ئایینزا، دابونەریت، کەشو هەواو هۆکارگەلی جوگرافیاییە کە روحی قانوونەکان یان سیستمەکان پێك دێنن. دەسەڵاتدارە راستیبینەکان کەسانێکن کە لە تایبەتمەندیی نەتەوەییو گیانی کۆمەڵگەی خۆیان بگەنو بەو پێیە بە دژیان گونجاو لەگەڵ ئەو کار بکەن. بە بۆچوونی مونتسکیو ئایینزا ئامرازێکی سیاسیی گرنگە کە سیاسەتڤانانی زانا نابێ لە سوودەکانی ئەو بێ ئاگا بن.

مونتسکیو هەروەها لایەنە ئەرێنیو نەرێنییەکانی رێژیمە سیاسیە جۆراوجۆرەکان تاوتوێ دەکا، بۆ وێنە حکوومەتی پاشایی، ئازادییەکی زۆر بە تاکەکان دەدا، بەڵام چونکە بە مەیلی شایەکان بەستراوەتەوە، بە سیستمێکی ناجێگیر دەژمێردرێ. دێموکراسی وڵامی ویستی خەڵك بۆ یەکسانیو نواندنی هێزی ئەوان لە قانووندان دا دەداتەوە، بەڵام ئەگەر هاوسەنگ نەکرێ، یەکسانیخوازی بەرەو زێدەخوازی دەڕواو خەڵك خوازیاری جێبەجێکردنی راستەوخۆی قانوونەکانو بەڕێوەبردنی کاروباری حکوومەت دەبن. بە رای مونتسکیو حکوومەتی باشتر حکوومەتێکە پێکهاتووە لە توخمەکانی پاشایی، خانەدانیو کۆماری. بە بۆچوونی ئەو باشترین وێنەی ئەم حکوومەتە، سیستمی ئینگلیستان بوو کە لە سەر بنەمای دابەشکاریو هاوسەنگیی دەسەڵاتەکان راوەستا بووو لەم رووەوە گەرەنتیی ئازادیو فەزیلەتی مەدەنی بوو.

خراپترین جۆری حکوومەت لە لای مونتسکیو، حکوومەتی سەرەڕۆیانەیە. لە حکوومەتە سەرەڕۆیەکاندا ترس بنەمای ژیانی سیاسی پێك دێنێو ژیانی خەڵك تا ئاستی ژیانی ئاژەڵیانە دادەبەزێ. هاووڵاتیانی دەسەڵاتدارە سەرەڕۆیەکان بەردەوام لە گۆشەگیری، ترسو دڵەڕاوکێ، نەزانی و بەدبینیو خۆ بەدەستەوەدان و رەزامەندی دا دەژین. بە بۆچوونی مونتسکیو سەرەڕۆیان وەك ئەو دڕندانەی کە بۆ خواردنی میوە، تەواوی دارەکە لە ریشەوە هەڵدەکەنن، بۆ پتەو کردنی دەسەڵاتی خۆیان، هەموو بنەماڵە دیارو گەورەکان لە نێو دەبەن. ژمارەیەك لە راڤەکاران گوتوویانە کە مونتسکیو لە راستی دا لە بەرانبەر دەوڵەتی رەهای فەرەنسەدا داکۆکیی لە پەرتەوازەیی دەسەڵاتو فیودالیسم دەکردو هەر لە بەر ئەوە بوو کە داکۆکیی لە ئاوێتە کردنی توخمەکانی حکوومەتی تاکەکەسی، خانەدانیو جەماوەری دەکرد. گرینگترین تایبەتمەندیی حکوومەتێکی ئەوتۆ دابەشکاریی دەسەڵاتەکان و چاوەدێریی ئەوان بە سەر یەکتری دا بووو، کە بە سەرهەڵدانی پێکهاتەی دەوڵەتە مودێرنەکان واتای پەیدا دەکرد.

# ژنی کورد، واتای کۆیلەتیی نوێ

ئارام ئیبراهیم خاس

جیهان و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێی ژیان، پێوەندییەکان و دنیای زانیاری و ئەنفۆرماتیك، ئەوەندە لێك نزیك بوونەتەوە کە ئەو گۆی زەوییەیان کردۆتە لادێیەك، هەروەك فۆکۆیاما دەڵێ:" مێژوو گەیشتۆتە کۆتایی خۆی و کاپیتالیسم دوا وێستگەی ژیانی مرۆڤەکانە."

لە لادێیەك کە پۆست مۆدێرنیستەکان و حیزبەکانی سەوزو چەپی ئورووپایی و ئۆمانیستەکانی جیهان لە پاراستنی دارستانەکان و داکۆکی لە ئاژەڵ و.... هتد، دەدوێن، خەڵکی کورد لە کوردستان ئەو لانکەی شارستانیەتی مێژوو لە ژێر دژوارترین سەرکوت و گوشارەکانی سەدە ناوەڕاستی ڕێژیمە داگیرکەرانی کوردستان بۆ ژیان دەمرن.

بەڵام هەر لە نێو ئەو کۆمەڵگە یەخسیرەدا، بینەری کۆیلەتی و ئەسارەتێکی نەزانانە و جاهیلین، بەڵێ، ئێرە کوردستانە، سەرزەوینێك کە ژنی کورد ٢ جار لەو وڵاتە دەچەوسێتەوە، ئەو هەم کوردە و هەم دەبێ شان بە شانی پیاوی کورد باری ستەمی نەتەوەیی لەسەر شان بێ و بۆ لابردنی ئەو ستەمە خەبات بکا، بەڵام هاوکات ئەو نیوەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، تەواو کەرەوەی پیاو، هەرچی بێ ناوی هەر ژنە ! !

ژنی کورد بە تاوانی کورد بوون و ژن بوون دەبێ سەرجەم تەمەنی لە زیندانە دەستکردەکانی دواکەوتوویی و نەزانی یەخسیر بمێنێتەوەو حوکمی زیندانی هەتاهەتایی لە زیندانەکانی باب و هاوسەری تێپەڕ بکا.

بەداخەوە لە کۆمەڵگەی نەریتی و دواکەوتووی کوردستاندا، مرۆڤایەتی، هزر و بیرکردنەوەو کار، گشتیان لە ڕەگەزی نێرینەی کۆمەڵ واتە پیاو کۆ کراونەتەوە.

ئەرەستوو دەڵێ:" کۆیلە بە تەواوی لە مافەکانی ئازادی بێ بەشە، ژن ئەو ئازادیانەی هەیە بەڵام بە شێوەیەکی زۆر لاواز".

بەڵام دەبێ ئەوەش بوترێ کە تەنانەت ئەو وتەیەی ئەرەستووش سەبارەت بە ژنی کورد وەراست ناگەڕێ.

ژنی کورد لە سەردەمی بە جیهانی بوون و لە نێوان دەستەواژەکانی بەرابەری مافی مرۆڤ و ڕەسەنایەتی تاك (ئاندویدۆئالیزم) بە شێوەیەکی سیستماتیك لەلایەن دەوڵەتە ئیدیۆلۆژیکەکانی داگیرکەری کوردستان و هاوکات لەلایەن بیری نەریتی و چەقبەستووی کوردیشەوە دەچەوسێتەوەو نە تەنیا لە ژن بوونی خۆی پەژیوان دەبێتەوە بەڵکوو هیوای ئەمە دەخوازێ کە خۆزگە لە دایك نەبوایە، خۆی لە نامۆبوونێکی کەسایەتی و قەیرانێکی شوناسی کارەساتبار دا دەبینێتەوە کە ئاکامی ئەو بارودۆخە لە کوردستان لە هەموو بوارەکان لەبەرچاوە.

خۆسووتاندن و خۆکوژی ژنانی کورد لە کوردستان بەتایبەت



ژنە تێکۆشەری کورد لەیلا زانا

لە باکوورو ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە دیاردەیەکی دزێوی کۆمەڵایەتییە کە واتای بنبەست و نێهێلیزم و بێ هومێدی و هەزار مانای دیکەی بێ شوناسی و نامۆیی ژنی کورد لە خۆ دەگرێ و سەلمێنەری ئەو ڕاستیە تاڵەیە کە ژنی کورد لەو بارودۆخە نالەبارەدا تووشی دۆخی بێ کەسایەتی بوون هاتووەو هیچ ڕێگایەکی دیکە بۆ ڕزگار کردنی خۆی نادۆزێتەوە.

لە نێو گۆڕەپانی سیاسی و بزاڤی کوردستانیش دا ڕەوتەکانی خەباتکاری کورد بە وەلانانی کردەیی ژنی کورد و لەبەرچاو نەرگرتنی ڕۆڵی کاریگەری ژن بوونەتە هۆی ئەوە کە نیوەی کۆمەڵگە لە حاڵەتێکی پاسیڤ بە شێوەیەکی ساردو سڕ لە دوورەوە سەیری ڕووداوەکان بکا.

نابێ لەو نێوەدا گوشاری ئایدۆلۆژیای دینی لە بیر بکرێ کە جێگەو پێگەی ژنی تا ئەو ڕادەیە هێناوەتە خوار، کە بەپێی شرۆڤە ئاینییەکان ژن بەشێکە لە وجودی پیاو کە بۆ دابین کردنی پێداویستی و نیازەکانی ڕەگەزی نێرینەی کۆمەڵ ئافرێنراوەو هەر بەو پێیەش پیاو خوای ژنە، قورئان کتێبی پیرۆزی موسڵمانان ژن بە کێڵگە دەشوبهێنێ و لە فێرکارییە پیرۆزەکانی فرەهاوسەری و بەردباران پەرەپێدەدا.

لەو نێوەدا عەقڵییەتی پیاوسالار بە لە ژێر پێ نانی مەسەلەی دەروەست بوون بە ڕەوشت و زەق کردنەوەی مەسەلەی ناروون و (خەیاڵاوی) ی نامووس پەرەستی چەوسانەوەو کوشتنی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ لە ژێر سێبەری پەروەردەکانی ئیلاهی بە ڕەوا دەزانێ.

پیاوسالاری لە کوردستان و لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بەگشتی، ڕیشەیەکی تەواو ئایینی هەیە، کۆیلەتی ژن بە ناوی شەڕەف واتای پێ دەبەخشرێ و یاسای دینی دامەزراو لەسەر فۆنداسیۆنی ئاپارتایدی ڕەگەزی ڕەوایی پێ دەدرێ، بوونەوەری باڵادەست لە سیستمی ئاپارتایددا پیاوەو، ژن زۆر ساکار بە نیوەی پیاو دەزانرێ، کە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیە دەتوانین نموونەگەلی وەك: مەسەلەی ـ میرات، دانی نەفەقە لە لایەن پیاو( بەواتای لاوازی ژن و بەربەست بۆکار کردنی ژن)، فرەهاوسەری، حیجابی زۆرەملی و هتد....، بێنینەوە.

ئەگەر نەڵێین ژن لە ڕوانگەی کۆمەڵگەی نەخۆشی جیهانی سێیەمەوە کاڵایەکی بێ بایەخە، چونکە کاڵا بێ ڕووح و گیانە بەڵام دەتوانین بڵێین:" ژن لەو وڵاتانەو بەتایبەت لە کوردستاندا کۆیلەیەکی بە تەواو مانایە".

ئایین و لە دەرەوەی چوارچێوەی ئایین، فەرهەنگی نەریتی کۆمەڵ کێشەی سەرەکی و بنەڕەتی ئێمەن بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ دیاردەی هەڵاواردنی ڕەگەزی. بەرابەری مافەکانی ژن و پیاوو لابردنی سیستمی هەڵاواردنی ڕەگەزی بنەما و فۆنداسیۆنی پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی لە حاڵی گەشە و پێشکەوتن دایە. خەباتی ژن بۆ ئەوەی بتوانێ لەو بارودۆخەی تووشی هاتووە ڕزگاری بێ خەریکی تێکۆشان لە سێ بەرەی جیا لە یەکە:

١ـــ خەبات بە دژی نەریتی بنەماڵە.

٢ـ خەبات بە دژی نەریت و عورفی کۆمەڵگە

٣ـ خەبات بە دژی ئیدیدۆلۆژیاو سیستمی دەسەڵاتدار.

لەو نێوەدا نابێ ڕۆڵی خەباتی میدیایی و کاری فەرهەنگی و ڕووناکبیری لە بیر بکەین. خەباتی فەرهەنگی و خاوێن کردنەوەی نۆرمە ژەنگ گرتوەکانی فەرهەنگی نەریتی، بەبێ جیاوازی بە پیاو و ژنەوە، ئەرکی سەرەکی توێژی ڕووناکبیری کۆمەڵگەیە. هەبوونی ڕێکخراوەی ژنان، خاوەن بەرنامەو پرۆگرامی نوێ بۆ ژنی نوێی خاوەن عەقڵییەتی سەردەم لێرەدا کە پێویستی خۆی دەردەخا، ڕادیکاڵ بوونی ئەو ڕێکخراوەیە و چۆنیەتی باوەڕ بە ویستەکانی بەرەی گەنجی ژنان و هەوڵدان لە ڕادەی توانا بۆ وەدیهێنانیان، فاکتەرێکی سەرەکی بۆ بەرەو پێش چوونی خەباتی ژنانە، کە لەو نێوەدا بوونی ڕێکخراوی ژنان و کاروتێکۆشانی ژنانی چالاك و هەڵسووڕاو لە بواری مافەکانی ژنان لە گۆڕەپانەکانی جۆراوجۆری کۆمەڵگەی ئێران و کوردستاندا جێگەی سەرنجەو ڕێزلێنانە. با گشتمان بە یەکەوە (ژن و پیاو) ئەو دێڕە شێعرەی هێمن لە یاد نەکەین و نرخ و گەورەیی ژن بپارێزین و ڕێز لە مافە مرۆییەکانی بگرێن.

چۆن ئەبێ سەربەست، گەلی ژێردەست، کە کچ دابەستەبێ
بەس نیە ئەو کۆت و بەند و کچ لە ژوور دابەستنە؟

## سۆژنە

# هێڵی هەژاریی ٨٥٠ هەزار تمەنی، نەورۆزانەی خەڵکی ئێران!

عەلی بداغی

لە بەرەبەری بەهارو دەسپێکی ساڵی نوێ بۆ خەڵکانی ئێران و لە دوا مانگەکانی دەوڵەتی نۆیەم بە دروشمەکانی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و هێنانی داهاتی فرۆشی نەوت بۆ سەر سفرەکانی خەڵك، بڵاوبوونەوەی هەواڵی گەیشتنی هێڵی هەژاری بە سنوورەکانی ٨٠٠ هەزار تمەن پەرەی بەو نیگەرانییە دا کە ئاخۆ بڵێی ئەمجارەیان وەزعی سفرەکانی زۆرینەی خەڵکی ئێران کە تام چێشتووی هەژارین دەبێ چۆن بێ و لە ساڵی نوێ دا چۆن دەبێ؟ هەر لەو پێوەندییەدا خستنە ڕووی چەند پرسیارو هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەیان دوورەدیمەنێکی ئەو وەزعە نالەبارەی ژیانی خەڵکمان پتر بۆ دەر دەخا:

ئەو ئامارو ئەژمارانە چەندە ڕاستن و لە واقعی ژیانی خەڵکی نزیکن؟ هۆکاری ئەم دۆخە نالەبارەی ئابووری وڵات چیە کە تەنانەت نرخی بۆشکەیەك نەوت دەگاتە ١٤٠ دولاریش کەچی نرخی هەژاری نەك دانابەزێ بەڵکوو هێڵی هەژاری بۆ سەرو سەرووتر دەکشێ؟ ڕێگەچارەکانی بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەو قەیرانە چین؟ لەو نێوەدا کەس یا لایەنێك هەیە کە لە خەمی پتر لەو ٢٠ میلیۆن کەسە لە خەڵکی ئێران دابێ کە بە پێی ئامارەکانی بانکی ناوەندی لە ژێر هەژاری، ئەویش هەژاریی ڕەهادا دەژین؟

بریکاری پلانرێژیی سەرۆك کۆماریی ئێران پێی وایە کە ١٥ میلیۆن کەس لە خەڵکی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاری دا دەژین، بەڵام کارناسانی ئابووریی وڵات بە خستنە ڕووی بەڵگەو دیکۆمێنت ئەوە دەسەلمێنن کە ئەو ئامارە ڕەسمییەی دەوڵەت لە پێوەندیی لەگەڵ هێڵی هەژاریی ڕەها (زۆر سەخت) دایەو بە پێی پێناسەو ستانداردە جیهانییەکان نیوەی حەشیمەتی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاری دا دەژین.

هێڵی هەژاریی توندوتیژو زبر، واتە دابین نەبوونی پێداویستییە سەرەکییەکانی خواردنی ڕۆژانە کە بریتیە لە دابینکردنی ٢٠٠٠ کیلۆ کالۆری کە وەزارەتی خۆشبژێوی (رفاه) ڕێژیم دیاریی کردوە.

بەو حاڵەش کە ڕێژیم دەڵێ ١٥ میلیۆن کەس لە حەشیمەتی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاری دا دەژین، ئێران لە سەرووی وڵاتانی هەناردەکەری نەوت لە ڕووی هەبوونی هەژاری لە وڵات دایە. بە تایبەت ئەوەی کە لەم ساڵانەی دوایی داو بە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتی وڵاتانی کەنداوو هەناردەکەری نەوت لە باشووری ئێران ڕێژەی هەژاریی وڵاتەکەیان گەیاندە ژمارەی سیفرو داهاتی سەرانەی وڵاتیشیان بردۆتە سەرێ، بەڵام لە ئێراندا ئەوە نرخی ئاوسان، بێکاری و گرانییە کە بەردەوام چۆتە سەرێ.

لە حاڵێکدا کە بێکاری، ئاوسان و گرانی ئابووریی ئێرانی داتەپیوتر لە جاران کردوە، ئەحمەدی نژاد، سەرۆك کۆماری ئێران لە کۆبوونەوەی فەقێ و مەلاکانی "حەوزەی عیلمییە"ی شاری قوم دا بەرپرسیارێتی بەڕێوەبەریی وڵاتی خستە ئەستۆی "ئیمامی زەمان" و گوتی کە "ئەوە ئیمامی زەمانە کە هەموو دنیا بەڕێوە دەباو دەستی ئیمامی زەمان لە بەڕێوەبەریی کاروباری وڵاتدا پڕ دیارو ئاشکرایە".

کارناسانی ئابووریی وڵات پەرەسەندنی گرانی و ئاوسان، بۆ سیاسەتگوزاریی کاتی و تەنانەت دژوازەی ئابووریی دەوڵەت، چوونە سەرێی نەغدینەیی و قەیرانەکانی سیاسەتی دەرەکیی وڵات دەگەڕێننەوە، بەڵام خەڵك لە حاڵێك دا بەئێسك و پێست و خوێن و گۆشتەوە لە ژێر بەرداشی هەژاری دا دەهاڕدرێن و بە ناچار ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پێداویستی سەرەکییەکانی خواردن و ژیانیان پلەبەندی دەکەن، ڕایەکی جیاوازتریان هەیە:

ئەوان دەڵێن ئێمە دەزانین کە ژێر پێمان دەریای نەوت و گازەو ئەوەش سەروەت و سامانی گشتیی هەموو خەڵکە، بەڵام ئەدی کێ دەبێ باجی سیاسەتە دەرەکییەکانی ڕێژیم بدا؟، بێگومان هەر ئێمە. ئاخر ئەگەر ئەو سامانە بۆ خەڵکی ئێران و بۆ سەر سفرەی ئەوان بگەڕێتەوە، ئەوە هێزەکانی حیزبوڵڵای لوبنان و حەماس و سووریە و گرووپە تیرۆریستییەکانی دیکەی داردەستی ڕێژیم ئیدی هێزو توانای هەڵسوڕان بە قازانجی ڕێژیمیان نابێ و ئەوەش نابێ و ناکرێ.

ئەمڕۆکە هۆکارەکانی بەرەو ژوور چوونی نرخی بێکاری، ئاوسان و گرانی و هێڵی هەژاری ڕوون و ئاشکران: زۆربەی ئەو هۆکارانە ڕیشەی سیاسییان هەیە و ڕێگەچارەکانیشیان سیاسییە. داهاتی گەلانی ئێران لە جیاتی ئەوەی لە دەستی هەموو ئەو خەڵکەدا بێ، لە دەستی کۆمەڵێکی زۆر کەم و چەند لە سەدی ئەو خەڵکە دایە کە لەدامەزراوە نیزامی، ئەمنیەتی و ئابوورییەکانی ڕێژیم دا جێیان گرتوە. دامەزراوەکانی وەك "بنیاد مستضعفان"، " آستانە قودس رضوی"، "١٥ی خرداد"و دامەزراوە ئەمنیەتییەکان کە وەك شێرپەنجە ئابووریی وڵاتیان لە چنگی خۆیاندا گرمۆڵە کردوە. پێڕەو کردنی سیاسەتی ئاژاوەگێڕی و یارمەتیدانی گرووپە تێکدەرەکان لە چوار قوڕنەی دنیاو گەندەڵیی ئیداری و ئابووریی وڵاتیش لە جێی خۆی کە لە تەنیشت نەبوونی ئەمنییەت بۆ وەبەرهێنانی دەرەکی وای کردوە ئابووریی ئەو وڵاتە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر لاوازو داتەپیو بێ و لەم سۆنگەشەوە ژیان و گوزەرانی کۆمەلانی خەڵکیش هەر بەرەو نالەباریی زێدەتر بڕوا.

عەبدوڵڵا حەسەن زادە:

# زمانە میللەتان لە یەك جودا دەکاتەوەو زمانە میللەتان یەك دەخا

**دەقی وتاری مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە سمیناری زمانی یەکگرتووی کوردی دا کە لە رۆژانی ١٣ و ١٤ی ژانویەدا لەلایەن بنکەی رۆشنبیری کاوەو سەنتەری ئاڵاوە لە شاری هەولێر پێك هات.**

**بەشی سێهەم و کۆتایی**

زۆرجار من لە بارەی ئەو دەرفەتەی کە لە ئاخری نیوەی ئەوەڵی سەدەی بیستەمدا پێك هات دەڵێم ئەوە مێژوو وای کرد کە کۆماری کوردستان لە مەهابادێ دابمەزرێ دەنا ئەو وەختە کرماشان یا سنە دەکرێ بڵێین بە دەیان ساڵ لە باری




خوێندەواری و لە باری فەرهەنگییەوە لە پێش مەهابادێوە بوون. بەڵام ئەو هەلومەرجە لەوێ خولڤا، بۆیە ئەو بوو بە مەرکەزی حەرەکەی کورد. رەنگە لەو وەختەیدا کە زمانی کوردی لە باشووری کوردستان بەو لەهجەیە خوێندراو پێی نووسرا، لەو وەختەدا بە شێوەیەکی موشەخەس مەنتەقەی سلێمانی لە باری فەرهەنگییەوە لە پێشتر بوو بێ، شەرت نیە ئێستا وابێ بەڵام ئەو وەختەی رەنگە واش بوو بێ.

دەلیلێکی دیکەمان ئەوەیە کە بە راستی هەموو ناوچەکان فێری بوون: مەسەلەن ئەمن زۆر ئەدیبان دەناسم هەر مامۆستا رەشید خۆی ئەگەر بۆ خۆی نەڵێ ئەمن لەهجەی قسە کردنم لەهجەی ماڵێم شتێکی دیکەیە هیچ کەس نازانێ. دەلیلەکەی ئەوەیە کە چونکی مەرکەزی بزووتنەوەکە لەو بەشەی بووە خەڵکەکە بۆ خۆی ویستوویەتی فێری بێ. زۆر کەسمان هەن: حەمە کەریم هەورامی حەمەد ئەمین هەورامانی کوردییەکی زۆر جوان دەنووسن، لە منی زۆر چاکتر دەنووسن یانی خەڵکەکە بۆ خۆی فێری دەبێ. لە شتێکی دیکەدا ئەمن پێم خۆشە دەلیل بێنمەوە ئەوەی پێی دەڵێن لاشعور نائاگاهانە ئەو زمانە، ئەو لەهجەیە کە بۆتە بناغەی زمان قبوڵمان کردوە وەکوو زمانێکی یەکگرتووی کوردی. دەبێ ئەوەی بڵێم رەنگە یەکێکمان هەبێ کە زۆر کەلیماتی لەهجەی خۆی و مەنتەقەکەی خۆی بەکار بێنێ، بەڵام ئەو زمانەی پێی دەنووسرێ زمانی هیچ مەنتەقەیەکی نیە راستە لە سەر یەك دەتوانی بڵێی لە کرمانجیی خوارو نیزیك ترە بەڵام کرمانجیی خوارو چەند بن لەهجەی هەن هی هیچیان نیە، هی هەمووانە. تەنانەت کەلیمان لە لەهجەکانی دیکەوە تێیدا هەن مەسەلەن خەبات. خەبات کوا کرمانجیی خواروویە؟ هەر ئەوە کە دەڵێین خەبات دەکەین نیشانەی ئەوەیە کە ئی لەهجەکەی ئێرە نیە. چونکی کرمانجی ژوروو دەڵێ دەخەبتم، نالێ خەبات دەکەم.

شتێکی دیکە، رێبەریی بزووتنەوەی کورد لە باشووری کوردستان زیاتر لە نیو سەدەیە لە بەر دەستی رێبەرایەتییەك دایە کە لە سەرەوەکەی دا، لە سەری هێرەمەکەیدا کەسێك هەیە کە بە لەهجەکەی کرمانجیی ژوروویە. ناڵێم زۆرم دیوە، بەڵام چەند نامەی خوا لێخۆشبوو بارزانی گەورەم دیوە، هەموویان بەو لەهجەیە بوون کە ئێستا پێی دەنووسرێ. هەرچی قسەیەکی کردوە هەمووی بەوە بووە. ئێستا سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە لەهجە کرمانجی ژوروویە. بەڵام هەرچی خوتبەی رەسمی و نەتەوەییەتی هەمووی بەو لەهجەیەیە. لە واقیعدا حەق نیە بڵێم بەو لەهجەیە، دەڵێم بەو زمانە ئەو وەختەی رەئیس جمهوری عێراق و رەئیسی هەرێمی کوردستان دەچن لە نیۆیۆرك و لە واشنگتۆنێ قسە دەکەن. بەو زمانە قسە دەکەن چونکی ئەوە بۆتە زمانی کوردی. با بە خۆڕایی کوتەکی لێ هەڵ نەگرین. بۆیە ئەمن نەزەرم وایە پرسیار ئەوە نیە کە چۆن زمانی یەکگرتوو دروست کەین. پرسیارەکە ئەمن بە چەند جۆری دیکە تەرح دەکەم: چۆن لێی گەڕێین کە ئەو زمانە رەوتی خۆی بپێوێ؟ چۆنی خزمەت بکەین کە پێ بگا؟چۆن کار بکەین بۆ لە بەین بردنی کەم و کورییەکانی، کە کەم و کورییەکانی یەکجار زۆرن، بەتایبەتی لەم عەسرەی ئێستاماندا کە هەر کەسە بۆ لایەکی دەکێشێ، هەموو کەس بۆتە ساحەب نەزەر. دەزگای رەسمیمان، مشورخۆرەکەمان پێی راناگا، خۆی لێ ناکاتە ساحەب. ئاکادمییەکان دانانێ بڵێ ئەوە سڵاحیات و ئیختیارات، جا بزانم ئێوە چۆن خزمەتی ئەو زمانە دەکەن. ئەوەی لێی لادا لێی قەبوڵ مەکەن هەزار نفرەت لە سانسۆر کە سانسۆر بۆ ئەوەێ خەڵك قسەی خۆی نەکا. بەڵام دڵسۆزانی زمانی کوردی دەبێ سانسۆریان هەبێ بۆ ئەوەی ئەو زمانە وای لێ نەیە. رۆژ هەتا ئێوارێ ئێمە زمان دادەتاشین، رێنووس دادەتاشین، رێزمان دادەتاشین. ئەوە زمانەکەمانی وێران کردوە.

دەمێنێتەوە ئەوەی کە بە دوو زمان بخوێنین.؟ با ئێمە بە دەوروبەری خۆماندا بێین بزانین ئەو میللەتانەی دەوروبەرمان بە راستی هیچیان بە دوو لەهجە دەخوێنن هەتا ئێمە بە دوو لەهجەو سێ لەهجە بخوێنین؟ هەر لێك دوورین دەبینە دوو میللەت. زمانە میللەتان لە یەك جودا دەکاتەوەو زمانە میللەتان یەك دەخا. ئەمن زۆرجار ئەو نموونەیەم هێناوەتەوە تەنانەت بە نووسینیش. سەدام حوسێن لە وەختێکدا لە وەزعیەتێکی زۆر خراپی ماڵیدا بوو دوو رۆژنامەی دەردەکردن یەکێکیان خالیس بە کرمانجیی ژوروو، یەکیان خالیس بە کرمانجیی خواروو. هەردووکیشی بە خۆڕایی تەوزیع دەکردن، ئاسۆو بزاڤ. لە حاڵێکدا حوکمی کردبوو کە مەسئولین قسان دەکەن نابێ بە لەهجەی مەحەللی قسان بکەن. ئەوە دەلیلی ئەوەی نەبوو کە دەیهەویست کورد ببێتە دوو نەتەوە، بەڵام عەرەب یەك نەتەوە بێ؟ شای ئێرانێ. رادوێی دانابوو بەرنامەیەکی تێدا بوو "وەرن پێکەوە کوردی فێر ببین" یەك جوملەیان بە چوار لەهجەی کوردی دەگوت. بەڵام دای نەدەنا وەرن پێکەوە فارسی فێر ببین بە دە لەهجەی فارسی بیلێ بۆ چونکە دیەوێ یەك بێ. باسی ئەوە کرا منداڵی ئەو زاراوەیە ئەو کەلیمەیە نازانێ. بەڵێ نایزانێ. بەڵام ئێمە بە دەیان و سەدان و هەزاران ساڵ زمانی خەڵکی فێر بووین، بۆ ئێستێ لەهجەیەکی زمانەکەی خۆمان فێر نابین؟ مەسەلەن مامۆستا زریزەی بە نموونە هێنایەوە. لە زریزەوە بگرە هەتا هەموو کەلیمەکان ئەمن بە فارسیم خوێندوەو بەشێکی زۆر لەئێوە بە عەرەبیتان خوێندوە. ئەوە کەنگێ موشکیلەیە؟ دەنا ئەوەی مامۆستا فەرمووی هەموویان بە تەواوی راستن کەلەپوورێکی گەورە بە هێندێ زاراوەی دیکە هەیە فەزلێکی گەورە هەیە کە وەپێش کەوتوون. پێش ئەو لەهجەیە بە لەهجەکانی دیکەش نووسراوە. مەسەلەن ئاخر یەکەم شت کە بە نووسراو هەبێ ئێمە ئەوەڵین نووسراومان بە لوڕیە. چوارینەکانی بابا تاهیری هەمەدانی. بەڵام ئەوە شتێك نیە بە دەسەڵات بە بڕیار، بڕیاری سیاسی یا هەتتا بڕیاری ئاکادێمی و علمی بێنین بیکەین. شتەکە مێژوو دەیکا، تاریخ سازی دەکا. بە باوەڕی من ئەگەر بمانهەوێ زمانەکەمان هەیە، بەڵام دەبێ پێشی بخەین. ماوەتەوە ئەوە کە بڵێم زمان دەبێ پێش کەوێ زمان راناوەستێ. ئێمە بە خۆمان نازانین، دەنا ئێستا ئەمن بچمەوە مەنتەقەکەی خۆم لە زمانی خەڵکی حاڵی نابم ئەوەندە فەرقی کردوە لەگەڵ ئەوەی من لێم بیستوون. زمان وەکوو دوێنی گوترا بە باوەڕی من وا نیە کە ئەدیبان و ئەکادێمییەکانیش پێشی بخەن. نەخەیر زمان خاریج لە ئیرادەی وان پێش دەکەوێ. مادام تێکنۆلۆژی پێش دەکەوێ، مادام پێوەندییەکان پێش دەکەون ئەو پێوەندییانە مەفهومی تازە لەگەڵ خۆیان دێنن و دەبێ تەعبیری تازەشیان بۆ دروست کەین. بەڵام دەبێ ئەوانەی ئاکادێمین، ئەوانەی مامۆستای زمانن شارەزان، زمان ناسان و زمان زانان ئەو دوو دەستەیە پێکەوە دانیشن، ئۆرگانی بۆ پێك بێنن بۆ ئەوەی بۆ هەر شتێك شتێکی تازە دروست کەن و بڵاوی کەنەوەو بە نووسەران بڵێین لە نووسینەکانی خۆتاندا ئەوانە بەکار بێنن. ئەوانەی لەوەیان لادا خەتێکیان بۆ بە سەردا بکێشن و بۆیان دروست بکەن تا بەرەبەرە فێر ببین. من پێم خۆش بوو مەجال هەبێ پتریشی بکەمەوە بەڵام رەنگە لە وەختێکی دیکەدا ئەگەر مەجال هەبێ سپاسی هەموو لایەك دەکەم سپاس بۆ ئێوەش.

## لەگوڵدانی شێعرەکانم

تروسکە سادقی

ئەو ئێوارەیەی ئاخێکی ڕەش
ڕیشەی داگرت لە قوڕگم و
پەڵە هەورێکی چڵکن دای لە گرمەی حەسرەت
فرمێسك فرمێسك خەمی باراند
لە گوڵدانی شێعرەکانم!
ئێستا دەزانم چەند یاخییانە
سەوداسەری باڵات بووم
کاتێك خەیاڵ تۆو شێعرەکانمی
بەدەم کڵۆی زستانەوە هەڵدەوەراند

## سەر هەڵبڕە

نا، باش دەزانم
تا خەم و تا مانەوەمان سەرشێتانە
لەداوێنی خۆشەویستی!
تا حەسرەت ونائومێدی
لە جادەی سەرلێشێواوی!
سەرهەڵبڕە، منیش باش دەزانم
شابالی چارەنووسمان لە مێژە شکاوە
دوورتر لەم قسە رەقانە نافڕێ...
بەڵام! سەرهەڵبڕە
هێشتا هەناسەیەك ماوە...

## شەمامەو شەڕ

**عەلی زیرەك**

شەمامەیەك بەدەم با- وە پەلەقاژە ئەکا نەیدزن!
پەنجەی "با" زوو زوو هەڵدەوەرێو کۆڵ نادا.
هەناسەی با- ی هەزار ساڵە سیلاوی و بۆگەنە.
با- چ تاوانێکی هەیە، جەللادێك... نا!... دزێکی عاشقە؟!
شۆڕەسوارێك پێ دەنێتە مەیدانەوە.جا... پێش دەرکەی ماڵی "با" دەگرێ.
شۆڕەسواریش عاشقەو لە کوێستانە یاخییە دوورەکانەوە دابەزیوە.
ئەویش پرس بە شەمامە ناکا، کەواتە چەتەیە!
لە ناکاودا، پەڕەسێلکەیەك کە پاییزی پێشوو دایکی شەمامە بەڵێنی پێدابوو ــ :"هێشتا نەزاوم... کەچی لەبەر وەفاو ئەمەگت... ئەم نۆبەرە مێینەیەم بۆ تۆ !ــ دێت و لە بێستانی دەکاتەوەو دەیفڕێنێو
سوار و با- یش وەدوای ئەکەون.
بە باڵە سووکەکانیەوە... هەتا "سوار"و "با" لە نووزە دەکەون، دەفڕێ.
لە خۆشیدا هێندە توند فڕیوە، باڵەکانی شیتەڵ بوونەتەوە. لەشی بە "با" ی تیژ هەتا سەر ئێسك بڕاوە.
شۆڕەسواریش رمبێکی لە دڵی شەمامە داوە:"ئەگەر بۆ من نەبی... بڕۆ هەر نەمێنی باشە!"
لە دەست و پێی رۆیین دەکەون. لەسەر کانیاوێکی نیوەڕووت و نیوەسەوزی دەمەو بەهاری کوێستاندا دادەکەون. مەودای ئەوەیان نیە شتێك بڵێن: "خۆشم دەوێی..."یان هەر شتێکی دیکەو... لە پڕ دەمرن. کەچی خۆ لەو سەفەرەدا هەر دەمیان لە نێو دەمی یەکتردا بوو... تا کۆتایی!

## "تۆانای وشەکان"

**و: یوسف وەحیدزادە**

چەند بوقێك بە دارستانێك دا تیدەپەڕین، لە ناکاو دودانیان کەوتنە نێو چاڵێکی قووڵ. بۆقەکانی دیکە لە لێواری چاڵەکە، کۆبوونەوە کە دیتیان چاڵەکە زۆر قوڵە بە دوو بۆقەکەیان گوت: ئێوە دەمرن هیچ ڕێگار چارەیەکتان نییە. دوو بۆقەکە گوێیان نەدا بەو قسانەو بە تەواوی هێزەوە هەوڵیان دەدا لە چاڵەکە بێنەدەر. بەڵام بۆقەکانی دیکە پەیتاپەیتا دەیان گوت: هەوڵ مەدەن تازە دەمرن، چوونکە ناتۆانن لەوچاڵە بێنە دەرەوە. بەڵام بەداخەوە، یەکێك لەو دوبۆقە بەقسەی بۆقەکانی دەرەوە هیوای نەما و هەوڵی دوبارەی خۆدەربازکردنی نەداو کەوتە ناو قووڵایی چاڵکەو مرد. بۆقەکەی دیکە بە تەواوی هێزو تۆانایەك کەهەیبوو هەوڵی دەدا کە لە چاڵەکە بێتەدەر. بۆقەکانی دیکە هاواریان دەکرد کە دەست لە هەوڵدان بۆ هاتنەدەروە هەڵگرێ، بەڵام ئەو بە هێزێکی زۆرتر هەوڵی دەدا. دەرەئەنجام لە چاڵەکە هاتە دەرەوە. کاتێك کە لە چاڵەکە هاتەدەر، بۆقەکان لێیان پرسی: بۆ ئەتۆ قسەکانی ئێمەت گۆی لێ نەبوو. دەرکەوت کە بۆقەکە کەڕە. بەڕاستی ئەو تەواوی ئەوکاتە پێی وابوو کە بۆقەکانی دیکە هانی دەدەن بێتەدەرەوە.

## ناوەرۆك و بنچینەی بابەتەکە لە بیرمەکە

پیاوێکی بەهێزو چۆارشانە، لە دارتاشخانەیەك دامەزرا و بڕیاری دا کە بە باشی کار بکا. رۆژی یەکەم١٨ داری بڕی. خاوەنی دارتاشخانەکە دەست خۆشی لێ کردو ئەوی بۆ بەرەوپێش چوونی کارەکەی هان دا. رۆژی دوایی بەهێزو توانایەکی باشتر کاری کرد و ١٥ داری بڕی. رۆژی سیهەم: زۆرتر لە رۆژەکانی تر کاری کردو تەنیا ١٠ داری بڕی. ئەو پیاوە پێی وابوو کە بێ هێز بووە، چوە لای خاوەنی دارتاشخانەکە و داوای لێبوردنی کردو وتی: نازانم بۆ هەر چەندە خۆم ماندوتر دەکەم بەڵام داری کەمتر دەبڕم. خاوەن دارتاشخانەکە لێی پرسی: بۆ ئاخرین جار کەی تەورەکەت تیژکردۆتەوە؟ لەوەڵام دا گوتی: هیچ کاتم بۆ تیژ کردنەوەی نەبوو، ئەو ماوەیە یەکسەر خەریکی دار بڕین بووم..

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party

No. 505   5 Mar  2009



ماڵپەڕی  ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان"و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org   info@ kurdistanukurd.com
**www.kurdchannel.com :** Hotbird: 8 -  MHZ: 11604 -
Polarization: Vertical  -  S R: 27500 - FEC: ¾

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


**بەر لەماڵاوایی**

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ساڵێك کە رابرد

قادر وریا

ساڵی ١٣٨٧، سیهەمین ساڵی دەسەڵاتدارەتیی رێژیمی ئیسلامیی ئێران بوو. خەڵکی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان، لە ساڵی تێپەڕبووش دا، وەك ساڵانی رابردوو لەگەڵ ستەم و بێ عەداڵەتی و دیکتاتۆری بەرەوڕوو بوون. بەڵام ئەوەی ساڵی ١٣٨٧ لە ساڵانی دیکە جیا دەکاتەوە، چەندو چۆنی خەبات و بەربەرەکانیی خەڵك و هێزە خەباتگێڕەکان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لەو ساڵەدا بوو. چونکە لەم بارەیەوە، کوردستان شایەدی هێندێك رووداوو گۆڕان و جیاوازی بوو کە بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەین:

**١ـ چالاکبوونەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێوخۆی ولات دا**

حیزبی دێموکراتی کوردستان بەدوای کۆنگرەی ١٤ی خۆی کە لە بەرەبەری ساڵی ١٣٨٧دا پێکی هێنا، بەڵێنی خۆی لە بارەی چالاك کردنەوەی تێکۆشانی حیزب بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا، جێبەجێ کرد. گرنگترین خاڵ لەو چالاکبوونەوەیەدا، ئامادە بوونی تێکۆشەرانی حیزب لە قووڵایی چەندین ناوچەی جیاوازی کوردستان داو، پێوەندی گرتنی راستەوخۆیان بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە بوو. حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە جێبەجێکردنی ئەم بەڵێنەی خۆیدا، مایەی لە گیانی بەوەجترین رۆڵەکانی خۆی دانا. چوار تێکۆشەری بەنرخی حیزب: شێخ غەریب حەسەنی، هەمزە سارتکەیی، قادر نەزمی و قادر قادری لە کاتی کارو تێکۆشان و بەرپەرچدانەوەی پەلاماری بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامیدا، گیانیان بەخشی. ئەگەرچی لە دەستچوونی ئەم مرۆڤە شۆڕشگێڕانە، زیانێکی گەورە بۆ حیزبی ئێمە بوون، بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستان سەلماندی کە لە توانایدا هەیە هەرکات ئیرادە بکا، دڕ بە شەوزەنگی بێدادی بداو، هومێد بگەڕێنێتەوە نێو کۆمەڵانی خەڵك. خەڵکی کوردستانیش نیشانیان دایەوە کە هەر وەك رابردوو پشت و پەنای ئەم حیزبەن، باوەشیان بۆ لە ئامێزگرتنی تێکۆشەرانی دێموکرات ئاوەڵایەو، لە هیچ هاوکارییەك لەگەڵیان درێغ ناکەن.

**٢ـ پەرەگرتنی خەباتی گشتی و جەماوەری لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا**

سەرەڕای زیاتر بوونی هەڕەشەو هێرش و سەرکوت لە لایەن کاربەدەستان و هێزو دامەزراوە سەرکوتکەرو جینایەتکارەکانی کۆماری ئیسلامی، بەربەرەکانێ و نارەزایەتی دەربڕین دژی ستەم و تاوانەکانی ئەو رێژیمە، لە نێو خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان دا بەرینترو بەربڵاوتر بۆوەو، بە شێوەی گشتی و جەماوەری خۆی نواند. لە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٨٧ (١٩ ساڵەی تیرۆری د.قاسملووی رێبەر) دا، خەڵکی شارەکانی مەهاباد، سەقزو شنۆ بە شێوەیەکی گشتی مانیان گرت. لە زۆر لە شارەکانی دیکەی کوردستانیش، بەشێکی بەرچاوی خەڵك دوکان و بازاڕیان داخست. لە مانگی رەشەمەی ئەو ساڵەشدا، خەڵکی مەریوان وەك نارەزایەتی دەربڕین لە داخستنی سنوورو دەستدرێژی و تاوانی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی دژی خەڵکی کۆڵبەرو کاسبکار، بۆ ماوەی ٥ رۆژ، مانگرتنی گشتیان راگەیاندو، دوکان و بازاڕیان داخست. ئەوان بە رێپێوان و خۆپیشاندانی هێمنانە لەبەر دەرکی فەرمانداری و ئیدارە دەوڵەتییەکان، ویست و داوای رەوای خۆیان هێنایە گۆڕێ و رێژیمیان ناچار بە پاشەکشە کرد. لە هەر دووی ئەم حەرەکەتانەدا، یەکدەنگیی بەرین و هاودڵیی خەڵك لە لایەك و لە لایەکی دیکەوە دەربڕینی ئیعترازو بێزاری بە شێوەی ئارام و هێمنانە، جێگای سەرنج بوون. ئەمە نیشان دەدا کە خەڵکی کوردستان لە پیلانی رێژیم کە بردنی رووداوەکان بەرەو توندوتیژییە، ئاگادارن و بێ ئەوەی بیانووی سەرکوت بدەن بە دەسەڵاتداران، حەرەکەتی ئێعترازیی خۆیان بەرەوپێش دەبەن.

**٣ـ روو لە زیادبوونی خەباتی مەدەنی و کۆڵنەدانی چالاکانی ئەو بوارە**

لەگەڵ ئەوەش دا کە کۆماری ئیسلامی هەر چەشنە هەوڵێك بۆ ناچار کرنی ئەو رێژیمە بۆ رێزگرتن لە مافەکانی خەڵك یا تەنانەت بەڕێوەبردنی یاساکانی خۆی بە سەرکوت وڵام دەداتەوە، داکۆکیکەرانی مافی مرۆڤ، لایەنگرانی یەکسانی و، داواکارانی ئازادی، دێموکراسی و مافی نەتەوەیی لە ساڵی ١٣٨٧دا، چالاکترو شێلگیرتر لە پێشوو، خەباتی مەدەنی و هێمنانەی خۆیان بەرەوپێش برد. لە ساڵی تێپەڕبوودا دەیان ژن و پیاوی چالاکی مەدەنی، بە تاوانی داواکردنی یەکسانی و، نەمانی ستەمی نەتەوەیی و، بە گوناهی رەخنەگرتن لە کردەوەو رەفتاری کاربەدەستان دژی خەڵکی کوردستان، چوونە زیندان و حوکمی زاڵمانەیان بە سەردا سەپێنرا. بەڵام توێژی رووناکبیرو ئازادیخواز، لەم کردەوانە بێدەنگ نەبوون و بە رێکخستنی کەم پەین و بە راگەیاندنی هەڵوێستی خۆیان، بێزاریی خۆیان و خەڵکی کوردستانیان لەم کردەوەو رەفتارە زاڵمانە پیشان داو داوای ئازادیی چالاکانی مەدەنیی بەندکراویان هێنایە گۆڕێ.

لە نێو بەندیخانەکانیش دا، مانگرتنێکی گەورە کە نزیك بە پەنجا رۆژی خایاندو دەوروبەری ١٠٠ بەندیی سیاسیی کورد تێیدا بەشدار بوون، بەڕێوە چوو. ئەو مانگرتنە لە رووی ویست و داواکانیەوە، رەوا، ئینسانی و دێموکراتیك بوو. لە باری بەربڵاوییەوە، چەندین بەندیخانەی لە کوردستان و شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران گرتەوەو، لە باری ماوەی مانگرتن و رادەی خۆڕاگریی مانگرتووان لە ئێراندا بێ وێنە بوو. ئەگەرچی مانگرتووان نەیانتوانی رێژیم ناچار بە قبووڵ کردنی داخوازەکانیان بکەن، توانیان سەرنجی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان و میدیاکانی جیهان و بیروڕای گشتی و ناوەندە مرۆڤ دۆستەکانی جیهان بۆ لای بارودۆخی دڵتەزێنی بەندییە سیاسییەکان لە بەندیخانەکانی رێژیمی ئێران رابکێشن.

ل ٣

## پەردە لە سەر وێنەی ویلیام شکسپیەر شانۆنامەنووسی ئینگلیزی لادرا



تاقە وێنەی ویلیام شکسپیەر کە دەوترێ ساڵی ١٦١٠ واتە ٦ ساڵ بەر لە مردنی شکسپیەر کێشراوە، لە ساڵڕۆژی لەدایکبوونی ئەو هەڵکەوتە ناودارەی ئینگلیز واتە لە ٢٣ی ئاوریل دا لادرا.

ئەو نەقاشییە بە میرات بە "الك کوب"، نۆژەنکاری بەرهەمە هونەرییەکان گەیشتوە، کە خزمایەتیی ژن و ژنخوازی لەگەڵ هێنری وایزلی، ئورلی سێیەم و ساوتمیتۆن هەیەو تەنیا پشتیوانی دارایی و کڕیاری بەرهەمەکانی شکسپیەرن.

کوب کە سێ ساڵ لەمەوبەر کاتی چاوپێکەوتن لە "نەشنل پورترەی" لەندەن بە دیتنی پۆرترەیەك کە ٧٠ ساڵە پێیان وایە تاقە وێنەی نەقاشی کراوی شکسپیەرە لە سەردەمی ژیانیدا، بە گرینگی مێژوویی و رەسەنایەتیی تابلۆی خۆی زانی.

پرۆفیسۆر ئیستنلی ولز دەڵێ: ناسینی ئەو پۆرترەیە خاڵێکی وەرچەرخانە لە مێژووی کێشانەوەی روخساری شکسپیەردا.

کارناسان دوو پۆرترە، کە یەکیان لە کلیسەی "تپلیت" لە ئیسترنفۆردەو ئەوی دیکەشی بە سەر بەرهەمەکانی ئەو نووسەرە بە توانایەوە چاپ دەکرێن بە گونجاوترین روخسارەکانی شکسپیەر دەزانن.

وێدەچێ ئەو دوو نەقاشییە هەرتکیان دوای مردنی شکسپیەر لە ساڵی ١٦١٦ لە لایەن کەسانێك کە بە راستی ناوبراویان دیوە، کێشراونەتەوە.

## دوا بەرهەمی یۆنس رەزایی لە ئەنجوومەنی ئەدەبیی بۆکان دا تاوتوێ کرا



ئێوارەی رۆژی پێنج شەممە ( ٢٢ ی رەشەمە) ئەنجومەنی ئەدەبیی شاری بۆکان بە بەشداریی کۆمەڵێکی بەرچاو لە شاعیران و ئەدیبانی کوردستان کۆڕێکی بۆ تاوتوێکردنی دوا بەرهەمی شاعیرو نووسەری لاو، یۆنس رەزایی بە ناوی "منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان" پێك هێنا.

لەو کۆڕەدا چەند کەسایەتییەکی ئەدەبی وەك: رەهبەر مەحموودزادە، محەممەد رەحیمیان، مراد ئەعزەمی، حەمە ساڵە سووزەنی، ئەحمەد چاك، هاوار عەبباسی، شێعرکانی شاعیریان لە روانگەی جۆاوجۆرەوە تاوتوێ کرد.

لە کۆتایی دا یۆنس رەزایی وێڕای سوپاس لە بەشداران و خاوەنڕایان، هیوای خواست لە داهاتوودا رەخنەگران و لێکۆڵەرانی بوارە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبیات بۆ تاوتوێکردنی بەرهەمی نووسەران و شاعیران بەردەوام بن لە سەر پێکهێنانی ئەم جۆرە کۆڕو سمینارانە.

شیاوی ئاماژە پێکردنە کە یۆنس رەزایی کۆمەڵە شێعرێکی دیکەشی بە ناوی "شین ترین بەتاڵ" و چەندین وتارو چیرۆکی دیکە لە گۆڤارەکانی رۆژهەڵات و باشووری کوردستان دا بڵاوکردۆتەوە.

## کامکارەکان لە ئەمریکا گۆرانی کوردییان چڕی



ئێوارەی رۆژی ١٧ی رەشەمەی هەتاوی لە یەکێک لە هۆڵەکانی شاری ئەلێکساندریای ویلایەتی وێرجینیای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆنسێرتێک بۆ گرووپی مۆسیقای کامکارەکان بە بەشداریی نێزیکەی ١٠٠٠ کەس بەڕێوە چوو.

ئەم کۆنسێرتە کە لە دوو بەشی فارسی و کوردی پێک هاتبوو کاتژمێر ٨ی ئێوارە دەستی پێکردو هونەرمەندانی گرووپی کامکار چەند پارچە گۆرانییان بە زمانی فارسی بۆ بەشداربووانی کۆنسێرتەکە چڕی. پاشان دوای پشوویەکی کورت هونەرمەندانی گرووپی کامکار بە جلوبەرگی رازاوەی کوردییەوە هاتنەوە بۆ پێشکەش کردنی بەشی دووەمی بەرنامەکە کە بریتی بوو لە پێشکەش کردنی کردنی چەند پارچە مۆسیقای رەسەنی کوردی.

شایانی باسە کە کوردەکانی دەڤەری واشینگتۆن بە بەشدارییەکی بێ وێنە لەم ئاهەنگەدا بوون بەهۆی شادکردنی هونەرمەندانی وڵاتەکەیان و ئەوانیش بە گوتنی گۆرانیی شادی فۆلکلۆری کوردی بەشداربووانیان وەجۆش و خرۆش هینا.

## چوارینەیەکی خەیام لە سەر گۆزەیەکی کۆن لە ئیسرائیل



گۆزەیەکی کۆن لە ئیسرائیل دۆزراوەتەوە کە " مصرع" ێکی چوارینەکانی خەیام، بیرمەندو شاعیری بەناوبانگی ئێرانی لە سەر نووسراوەتەوە.

توێژەرانی ئیسرائیل دەڵێن ئەو گوزەیە بە شیمانەی زۆر لە سەردەمی خودی شاعیردا نووسراوە. ئەو گۆزەیەکە لە پارچە زەویەك دا دۆزراوەتەوە کە بەمەبەستی بیناسازی کاری لە سەر دەکرا، رەنگ و لیاوێکی فیرۆزەیی بەسەر دا کێشراوە و بە گوڵ و چڵ و نووسراوەیەکی رەش رازاوەتەوە. ئەو " پارچە شێعر" بەشێکە لەو شێعرەی خەیامە:

این کوزه چومن عاشق زاری بودەاست / در بند سرزلف نگاری بودەاست

این دست که در گردن او می‌بینی / دستی است که برگردن یاری بودەاست

کەونارناسان لە سەر ئەو بڕوایەن کە ئەو گۆزەڵەیە لە سەدەی دوازدە تا سێزدەی زایینی واتە سەردەمی ژیانی خەیام دا نووسراوەو رەنگە ئەو گۆزەڵەیە وەك دیاری درابێ بە گراوێك لە ئورشەلیم

